ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٨١٩ ■ یەکشەممە ٢٩ی ڕەشەمەی ١٤٠٠ _ ٢٠ی مارسی ٢٠٢٢

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا


## سەردانی هەیئەتێکی حیزب لە مەڵبەندی ١٤ی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان



لە دیدار و کۆبوونەوەیەکی نێوان هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا دوا گۆڕانکارییە سیاسییەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان ئاڵوگۆری بیروڕایان لەسەر کرا.

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی بەڕێز مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب ڕۆژی ٢٦ی ڕەشەمە سەردانی مەڵبەندی ١٤ی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاری کۆیەی کرد و لە لایەن هەیئەتێکی یەکیەتیی نیشتمانی بە سەرپەرەستی بەڕێز ئەبوو زەید، بەرپرسی مەڵبەندی ١٤ پێشوازییان لێکرا. لەو دیدارەدا دوو لایەن باسیان لە ئاڵوگۆرەکانی ناوچەکە بە گشتی و دۆخی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی کرد و پێشهاتەکانی ئەم دواییانەیان هێنایە بەرباس و دۆخی هەستیاری کورد و ناوچەکە بە هەند وەرگیران.

دۆستایەتیی و پێوەندییەکانی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بەشێکی دیکەی باسی دوو لایەن بوون و هەردوو لایەن پێداگرییان لەسەر بەردەوامیی و سەردانەکان و دۆستایەتی لەمێژینەی دوو لایەن کردەوە.

# نەورۆز دەکەینە دەرفەتێکی دی بۆ نیشاندانی یەکگری و یەکڕیزیمان

سەروتار

## ساڵی نوێ
## هەڕەشە و دەرفەتەکان
## بۆ جووڵانەوەی کورد

**کەماڵ کەریمی**

ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی لەگەڵ هەموو تاڵی و ناخۆشییەکانی کۆتایی هات. لەو ساڵەدا وەک ساڵانی پێشووی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک هەموو خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران لەژێر باری گرانی و ژیانی نالەبارياندا، ڕۆژەکانی ساڵیان تێپەڕ کرد. ساڵێک کە گرانی ڕادەبەدەری پێداویستییەکانی ژیان، چوونەسەری ڕێژەی بێکاری، نائەمنی و نەدیتنی ئاسۆیەکی ڕوون بۆ چارەسەری کێشەکان لەلایەن حکوومەتەوە ئەزموونێکی دووبارەی چەند ساڵەی خەڵک بوو. ساڵێکی دیکە کە تەنیا وەڵامدانەوە بۆ خەڵک، دووپاتکردنەوەی درۆ و دەلەسەکانی دەسەڵاتداران بۆ فریودان و چاوبەستنی خەڵکی وەزاڵەهاتوو و مانەوەی ڕێژیم و شێوەی دەسەڵاتدارییان بوو.

هەر لەو ساڵەدا بێدەنگییەکان زیاتر شکان. گوێنەدانی ...


درێژە لە لاپەڕەی ٢







چەند وێستگەیەکی مێژوویی حیزبی دێموکرات لەدوای شۆڕشی ١٣٥٧ | ٤



ئاستەنگەکانی بەردەم وەدیهاتنی ئامانجەکانی ژنان | ٦



نەورۆز لە هاوکێشەکانی نێوان خەڵک و دەسەڵاتدا | ٩



بۆچی هەولێر کرا بە ئامانجی هێرشی مووشەکی؟ | ١٠


## پەیامی نەورۆزیی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

بەبۆنەی هاتنەوەی نەورۆز، جێژنی نەتەوەیی و پڕشکۆی کوردان پیرۆزبایی لە هەموو هاونیشتمانانی بەڕێز دەکەم، هیوادارم لە ساڵی نوێدا جووڵانەوەی مافخوازانەی نەتەوەکەمان پتر و پتر لە ئامانجەکانی نیزیکتر بێتەوە. هەر لەو دەرفەتەشدا سڵاو دەنێرم بۆ زیندانیانی سیاسی کە بە خۆڕاگریی بێوێنەی خۆیان بەندیخانەکانی ڕێژیمیان کردۆتە مەتەرێزی ئازادیخوازی. هەروەها سڵاو دەنێرم بۆ بنەماڵەی بەڕێزی زیندانیانی سیاسی، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی کوردستان، پێشمەرگە گیان لەسەردەستەکانی نیشتمان، چالاکان و خەباتکارانی ڕزگاریخواز و کۆڵنەدەری کورد لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات کە بە بەشداری و هاوکاریی هەمووان کاروانی ئەو خەباتە دەڕواتە پێش.

ئەمساڵیش لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، قەیرانی ئابووری کە بەرهەمی سیاسەتی بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی لە ئیدارەدانی وڵات و ڕەفتاریان لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانییە، چەندقاتی جاران شوێنی خراپی لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵک دانا. بێکاری و هەژاری لەمساڵدا زیاتر پەرەیان ئەستاند و خەسارە کۆمەڵایەتییەکان پتر شوێنەوارەکانیان دەرکەوتن. هەروەها سەرکوتی توندوتیژ و خوێناویی خەڵکانی مافخواز و بزووتنەوە نارەزایەتییەکان بە تایبەت لە کوردستان بەردەوام بوو. کۆماری ئیسلامی لەبری ئەرکوەخۆگری و بەرپرسیارەتی لە هەمبەر ئەمنیەت و ئاسایشی خەڵک، بەگرتنەبەری سیاسەتی بەئەمنیەتیکردنی زیاتری وڵات و چەند هێندەکردنی بودجەی ناوەندە نیزامی و بنیاتەکانی سەرکوتگەر و مافپێشێلکەر دەستی ئەوانی بۆ هەموو تاوانێک و کردەوەیەکی جینایەتکارانە ئاوەڵاتر کرد. بەڵام سەرباری هەموو ئەوانە خەڵک کۆڵیان نەدا، نارەزایەتییەکان لەدژی کۆماری ئیسلامی پتر وەڕێخران و سەرەڕای تێچووی قورسی خەبات لەدژی ڕێژیم بەتایبەت لە کوردستان، تێکۆشانی بەرهەڵستکارانە و مافخوازانەی مامۆستایان و فەرهەنگییەکان، خوێندکاران، ژنان، کرێکاران، چالاکانی ئەدەبی و مەدەنی، ژینگەپارێزان، زمانپارێزەکان و توێژە جۆراوجۆرەکانی دیکەی کۆمەڵگە پەرەیان سەند و خەباتی جەماوەریی خەڵک لە کوردستان هیندەی دیکە بەرگژەی بۆ کۆماری ئیسلامی دروست کرد و پتر شەرعییەتی نەبووی ئەو ڕێژیمەی بردە ژێر پرسیار.

کۆماری ئیسلامیی ئێران نەک هەر لە نێوخۆ کەوتۆتە بۆنبەست و قەیرانی بەرینی شەرعییەتی، سیاسی و کۆمەڵایەتی هەتا بینەقاقای گرتوە، لەمساڵدا و لە بازنەی هاوکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانیشدا پتر لە ساڵان بەرەوڕووی گوشار و تەنگژە بۆوە، چونکی عەقڵییەتی دێموکراسی و هەرەوەزی نێودەوڵەتی و بایەخە جیهانداگرەکان لەگەڵ سیستمێکی سیاسیی لەچەشنی کۆماری ئیسلامی بێگانەیە. حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆڕاگری و خەباتی نەتەوەیی و مافخوازانەی خەڵکی کوردستان لەدژی کۆماری ئیسلامی بەرز دەنرخێنی و شانازی بەوەش دەکا کە خەڵکی کوردستان وێڕای تێکۆشانی بێوچان و شێلگیرانەیان لەدژی ڕێژیم، لە خۆشی و ناخۆشییەکانی حیزبە خۆشەویستەکەیاندا بەشدار بوون و خاوەندارەتییان لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی گەلەکەیان کردوە.

حیزبی دێموکرات هاوکات دڵنیایە و باوەڕی وایە کە ئەم خەباتە ڕەوا و بەرحەقەی کورد کاتێک سەر دەکەوێ کە یەکڕیزی خەڵک و لایەنە سیاسییەکان دەستەبەر بێ. هەر لەو پێوەندییەدا و لەبارەی داوای بەردەوامی ئێوە بۆ یەکگرتنەوەی دوولایەنی حیزبی دێموکرات ڕادەگەینین کە بەخۆشییەوە وتووێژەکانی یەکگرتنەوە بە ئاراستەیەکی باشدا دەچێتە پێش و هیوادارم ئیرادەی دوولایەن و ڕوحی زاڵ بەسەر ڕەوتی دانوستانەکان زۆرتر دەستەبەری بەئاکامگەیاندنی ئەو پرۆسەیە بکات.

لەکۆتاییدا جارێکی دیکەش جێژنی نەورۆزتان پیروز، ئاڵای خەباتی نەتەوایەتیمان هەر شەکاوە و نیشتمانمان هەر ئاوەدان.



**خالید عەزیزی**

**٢٩ی ڕەشەمەی ١٤٠٠ی هەتاوی**

کوردستان
ژماره ٨١٩
٢٩ی ڕەشەمەی ١٤٠٠ _ ٢٠ی مارسی ٢٠٢٢

درێژەی سەروتار

## ساڵی نوێ، هەڕەشە و دەرفەتەکان بۆ جووڵانەوەی کورد

... ڕێژیم بە داخوازییەکانی خەڵک، چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی بە مەبەستی هێنانەگۆڕی داواکارییەکانیان زیاتر هێنایە مەیدان و کەم ڕۆژی ساڵ هەبوو کە لە شارە جیاجیاکانی ئێران دەنگی نارەزایەتی لەسەر شەقامەکان بەرز نەبێتەوە. ئەوان هەوڵیان دەدا لەم ڕێگەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک بەرپرس و تاوانباری هەموو کەموکوڕییەکان بە دنیا بناسێندرێ و بەئاشکرا بڵێن کە هۆکاری هەموو کێشەکان نەک وەک ڕێبەر و هاودەستەکانی ئیدیعا دەکەن لە دەرەوە نییە، بەڵکوو لە بوونی وەها ڕێژیمێکدایە کە کەمترین بایەخ بۆ ژیان و مان و نەمانی ئەو خەڵکە دانانێ و تەنیا لە بیری مانەوەی دەسەڵاتەکەی خۆیاندان.

لە ساڵی ڕابردوودا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ هەموو ئەو جۆرە کێشانە درێژەی جیاکاری، هەڵاواردن، پەراوێزخستن، کوشتنی بەئەنقەستی خەڵک و بە تایبەت کاسبکاران و سەپاندنی باری ئەمنی توندتر بەسەر ئەم بەشەی وڵاتدا بەردەوام بوو. پێشگرتن لە تێکۆشانی سیاسی و مەدەنی و گرتن و زیندانیکردنی تێکۆشەرانی کورد بە بیانووی جۆراوجۆری وەک پێوەندییان بە ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و تەنانەت وەپاڵدانی تۆمەتی سیخوری، بە سەدان کچ و کوڕی کوردیان خستە گرتووخانەکان و خستیاننە ژێر ئەشکەنجەوە. ئەوان کە لە هەر جۆرە هەڵوێستێک لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە زەندەقیان چووە، تەنانەت پرسی فێربوونی زمانی کوردی وەک مەترسییەک لەسەر داهاتووی خۆیان دەبینن و لە هەوڵی پەکخستنی ئەم ئەرکە پیرۆزەی چالاکانی بواری زمانی کوردی و بۆ ترساندنیان، بە پاساوی کاری سیاسی حوکمی ٥ ساڵ زیندان بەسەر مامۆستایەکی خۆبەخش و ئەرک وەخۆگری وەک "زارا محەممەدی"دا دەسەپێنن. هەرچەند ئەم کارەیان ئەوی وەک نوێنگەی زۆر لە ژنانی خاوەن هەڵوێست و پێشەنگی بەشێک لە کۆمەڵگەی کوردستان ناساند کە لە مەیدانی خەباتدا سڵ لە هیچ بەربەستێک ناکەنەوە.

لەگەڵ هەموو ئەو زوڵم و ناحەقییە و لەگەڵ درێژەی سیاسەتی ئینکار و بۆ نەهێشتنی هەر جۆرە بیرێکی نەتەوەیی و مافخوازانە لە کوردستان لەلایەن دەزگای سەرکوتی ڕێژیمەوە، کاروانی ڕێگەی گەیشتن بە ئازادی و ئامانجە نەتەوەییەکان پڕڕێبوارتر ڕێگەی بڕیوە. ئێستا بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بە پەرەگرتنی بیری شوناسخوازانە و مافخوازانە لەنێو کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی کوردستاندا، بووەتە خاوەن هێز و وزەیەکی وەها کە سنووری بۆ ئەژماردنی کەسەکان نەهێشتۆتەوە و بێگومان هەروەک تا ئێستا نەیانتوانیوە، لەمەوبەدواش ڕێژیم لە توانایدا نابێ کە بە گرتن و زیندانیکردنی ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی کورد پێش بە بەرەوپێشچوونی خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بگرێ. ئەگەر هەموو ساڵانی تەمەنی ڕێژیم هێزی پێشمەرگە مەترسییەک بووە بۆ سەر دەسەڵاتەکەیان و بە تیرۆر و کوشتن نەیانتوانیوە لە نێوی بەرن، ئێستا بە مانەوەی ئەم هێزە و بوونی بە هێزی تێکۆشەرانی نێوخۆ کە لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا و بە خۆڕێکخستن و تێکۆشانیان لە گرووپی جیاوازی مەدەنیدا ئەرک وەخۆگرانە بۆ پاراستنی هەرچییەک کە نیشتمان و نەتەوەکەیان بپارێزێ هەوڵ دەدەن، لەنێوبردنی ئەم بزووتنەوە نە تەنیا بووەتە خەیاڵێک بەڵکوو هیوای گەیشتن بە سەرکەوتن و وەدەستهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانی لە هەموو کات زیاتر کردووە.

ئێستا کە پێ دەنێینە ساڵی نوێوە بێگومان تەنگ و چەڵەمەی سیاسی سەر ڕێگەی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات کەم نابن. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەروەک پێشووتر هەوڵ دەدا کە کۆسپی تازە بخاتە سەر ڕێی بزووتنەوە و لە گرتنەپێشی هیچ ڕێگەیەک و کەرەسەیەک بۆ لەنێوبردنی ئەم بزووتنەوە سڵ ناکاتەوە. ئەوان بە تێگەیشتن لەوەی کە کوردستان سەری زیندووی خەبات لە دژی دەسەڵاتەکەیانە، دیسان بۆ لاوازکردنی هەموو هەوڵێک دەدەن. تیرۆر و کوشتن و تەنانەت مووشەکبارانی ڕێبەریی ئەم بزووتنەوە ئەگەر کاریگەری لەسەر لاوازکردنی نەبووە بەڵام هەتا ئێستاش بەشێکە لە سیاسەتی ڕێژیم. لەگەڵ ئەوەش هەوڵدان بۆ بەرتەسککردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبەکان کارێکە کە لە ڕابردوودا کردوویەتی و پێدەچێ لێی بەردەوام بێ. بەڵام هەروەک لە ڕابردووشدا حیزبی دێموکرات ڕایگەیاندوە، مەیدانی سەرەکی خەباتی مافخوازانەی کورد ڕۆژهەڵات و شار و گوندەکانی زێدەکەمانە. هەربۆیە ئەم بزووتنەوە هەتا خاوەنی ئەم بیرکردنەوە بێ و لەو مەیدانەدا کە بێ ئەژمار تێکۆشەری ئەرک وەخۆگری هەیە لە تێکۆشان بەردەوام بێ، هیچ سیاسەتێک و هیچ پیلانێک ناتوانی لە نێوی ببا.

هاوخەباتی و هاوپێوەندیی فکری نێوان تێکۆشەرانی سیاسی و مەدەنی کوردستان کە خۆی لە بیری شوناسخوازانەی نەتەوەییدا دەبینێتەوە، گەورەترین هۆکارە بۆ مانەوەی سەربەرزانەی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پیلانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. لەم پێوەندییەدا یەکێک لە گرینگترین ئەرکەکانی بەردەممان هەوڵدانە بۆ دروستکردنی هاودەنگی و فەزایەکی یەکگرتووانە لە نێو تێکۆشەرانی بزووتنەوەکەماندا. مادام بیرکردنەوە و ویستەکانمان یەکن، هەڵوێست و ئەرکەکانیشمان هەر یەکن و دەبێ هەموو بە یەکەوە و بە هاوبەشی ئەم ئەرکە بەجێ بگەیەنین. ئەوەی پێوەندی بە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتەوەیە بە تایبەت کە ئێستا هەموو چاوەکان لەسەر حیزبی دێموکراتە و بەشی زۆری خەڵکی کوردستان وەک نوقتە هومێدێک بۆ داهاتوویان چاویان بڕیوەتە ئەم حیزبە، حیزبی دێموکراتی کوردستان هەنگاونانی جیددیتر و یەکلاکەرەوە بۆ وەدیهێنانی ئەم داخوازییەی خەڵکی کوردستان بە ئەرکی خۆی دەزانێ و دڵنیایە بە یەکگرتوویی دێموکراتەکان، پەیامی یەکگرتوویی نێو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بەهێزتر دەبێ. بێگومان ئەمەش سەرەتایەکی باش دەبێ بۆ ڕێخۆشکردنی یەکگرتوویی لەنێو هەموو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا.

بەو هیوایەی لە ساڵی نوێدا، بەردەوامی یەکگرتوانەی هەموو لایەک لە خەبات و تێکۆشان لە پێناو ئامانجە لە مێژینەکانی خەڵکی کوردستان کە ئەویش گەیشتن بە ئازادی و وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیانە، نەتەوەکەمان بە سەرکەوتن بگەیەنێ.

# خەباتی ژنانی کورد چ لەنێوخۆی وڵات و چ لە ڕیزی پێشمەرگایەتیدا هیوابەخش و مایەی لێفێربوونن

## (پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژن)




بەبۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن گەیشتن بە ئامانجەکانی هەموو ژنانی کوردستان، بەتایبەت ژنانی تێکۆشەر و مافخواز بە ئاوات دەخوازین و وەدیهێنانی ئامانج و تێکۆشانی ئەوان، کە هاوکات بەشێک لە بەرنامە و ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتیشە، هیوامانە. هەر لەم بۆنەیەدا سڵاوی تایبەت دەنێرین بۆ ئەو کچ و ژنە دەروەست و تێکۆشەرانەی کورد، کە لەپێناو بیروباوەڕی یەکسانیخوازی و نەتەوایەتییەکانیاندا ئێستا لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەند کراون، بەڵام بە ورەی بەرزەوە لەسەر بیروبڕواکانیان قورس و قایم ڕاوەستاون.

ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەر لە دەیان ساڵی ڕابردووی مێژووی هاوچەرخدا هەمیشە بەشێک لە هێزی خەبات و مافخوازی بەدژی ڕێژیمە مافزەوتکەرەکانی ناوەندگەرا لە ئێران بوون، بەڵام لە ئێستادا و لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەبات بۆ ئازادی و مافە سیاسی و مەدەنییەکاندا تەنانەت ڕۆڵی پێشەنگیش دەگێڕن. بەشداریی ژنان لە جووڵانەوە مەدەنی، ئەدەبی، کۆمەڵایەتی، ژینگەپارێزی و هەروەها هاوبەشییان لە نارەزایەتییە مەدەنی و سینفییە جۆراوجۆرییەکان ئەگەر لەلایەک هیوابەخش و جێی سپاس و پێزانینە، هاوکات دەرخەری ئەم ڕاستییەشە کە ژنانی کورد چ لەنێوخۆی وڵات و چ لە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزە تێکۆشەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە شێلگیرییەوە خەبات بۆ مافە نەتەوایەتی و یەکسانیخوازانەکانی خۆیان دەکەن و لەدژی کۆماری ئیسلامی وەک لایەنی هەرە سەرەکیی پێشێلکردنی مافەکانیان ئازایانە و بوێرانە لە مەیداندا بوون.

بەبۆنەی هاتنەوەی ٨ی مارس پێ لەسەر ئەوە دادەگرینەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەردی بناغەی دامەزرانییەوە نەک هەر باوەڕی قووڵی بە مافە مرۆیی و جیهانداگرەکانی ژنان هەبووە و ئەو مافانەی لە بەرنامەی خۆیدا گونجاندوە، بەڵکوو بەکردەوەش هەوڵی جێبەجێکردنیانی داوە. بۆیە لە ئێستا و لە داهاتووشدا هەتا وەدیهاتنی سەرجەم ماف و ئازادییەکانی ژنان، خۆی بە پشتیوانی هەمیشەیی خەباتی یەکسانیخوازانەی ئەوان دەزانێ.

وێڕای بەرزنرخاندنی خەبات و تێکۆشانی ژنان و ئەو تێچووە قورسەش کە لەو مەیدانەدا دەیدەن، پێ لەسەر ئەوە دادەگرینەوە کە بەرەوپێشچوونی پرسی مافەکانی ژنان لە ئێران لەگرەوی گۆڕینی نۆرم و کەلتوور و ئەو قانوونە داسەپاوانە دایە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران داژدارییان لێ دەکا و مانەوەیان بە مانەوەی ئەو ڕێژیمە مافزەوتکەرەوە گرێ دراوە. بۆیە خەبات دژی ئەم ڕێژیمە دەبێ هەروا بەشێک لە خەبات و تێکۆشانی سەرەکیی ژنان بێ و هاوکات پیاوانیش شانبەشانی ژنان بۆ وەدیهاتنی ئامانجە بەرزە ئینسانییەکانی خەباتی ژنان پاڵپشت و هاوخەباتیان بن.

بەم بۆنەوە لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گەرمترین پیرۆزبایی لە هەموو ژنانی تێکۆشەر و ئازادیخواز و بە تایبەت ژنانی کوردستان دەکەین.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٧ی مارسی ٢٠٢٢**

# بەیاننامەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٨ی مارس

٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن یەکێک لەو ڕۆژە گرینگانەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە کە دژ بە چەوسانەوەی نیوەی کۆمەڵ و بۆ یەکسانیی هەر دوو ڕەگەزی ژن و پیاو دیاری کراوە. دیاریکردنی ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی جیهانیی ژن، نە کۆمەڵگە پێی بەخشیون و نە هیچ یاسایەک پێشەنگی ئەم یەکسانخوازییە بووە، بەڵکوو ئەوە ژنان خۆیان بوون کە دژ بە چەوسانەوە و ناعەداڵەتی ڕاپەڕین و هاتنە مەیدان و لەم ڕۆژەدا بانگی ئازادی و ئازادیخوازی و یەکسانیخوازییان دا و چیتر زوڵم و ستەمیان قبووڵ نەکرد. بەو بۆنەوە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پیرۆزبایی ئەو ڕۆژە لە ژنانی سەرانسەری جیهان بە گشتی و ژنانی کوردستان بە تایبەتی دەکا و لە هەمان کاتدا لە کار و بەرنامەکانی خۆیدا پشتیوانی خەباتی ژنان دەبێ بۆ ئەوە لە دواڕۆژ کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر کە لەودا یەکسانیی ژن و پیاوی تێدا بێتە دی.

ئەگەر لە کۆمەڵگەی جیهانیدا ڕۆژ و بۆنەی جۆراوجۆر هەن و هەر نەتەوەیەک بە جۆرێک لە جۆرەکان یادیان دەکاتەوە، بەڵام ٨ی مارس یەکێک لەو ڕۆژە مێژووییانەیە کە مافی مرۆڤ و کەرامەتی ئینسانیی ژن تێیدا بەرجەستە کراوە. ساڵانە لە سەرانسەری جیهاندا و بە تایبەت لە وڵاتانی پێشکەوتوو و خاوەن ئازادی و دێموکراسی ڕێز لەو ڕۆژە دەگیرێ و ژنان لە هەوڵی هەرچی زیاتری دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانیاندان. بەڵام لە هەمان کاتدا بەداخەوە لە زۆر وڵاتی دواکەوتوو و خاوەن دەسەڵاتی کۆنەپەرستانە ژنان هەر لەژێر نیری چەوسانەوەدان و لەلایەن دەسەڵات و بەشێک لە کۆمەڵگە مافە ڕەواکانیان پێشێل دەکرێن، بەڵام لە زۆرێک لەو وڵاتانە ژنان بێدەنگ دانەنیشتوون و دەستیان لەسەر دەست دانەناوە، ئەوان لە هەر دەرفەتێکی گونجاودا داوای مافەکانیان کردوە و دژ بە ناعەداڵەتی هاتوونەتە مەیدان و بە کردەوە ڕوبەڕووی زوڵم و ستەم بوونەتەوە.

لەنێو وڵاتە دیکتاتۆرلێدراوەکاندا ئێران بە هۆی دەسەڵاتدارەتی کۆماری ئیسلامی یەکێک لەو وڵاتانەیە کە بە یاسا مافەکانی ژنانی پێشێل کردوە و هیچ مافێکیان پێ ڕەوا نابینێ. لەژێر دەسەڵات و یاسایەکی دواکەوتووانەدا ژنان بوونەتە قوربانی و بەشێوەی جۆراوجۆر سەرکوت دەکرێن و دەخزێنرێنە کونجی ماڵ و پێشگیری لە پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونیان دەکرێ. یاسا بەرکارەکانی کۆماری ئیسلامی هەردەم ڕێگە خۆشکەر بووە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بە چاوێکی کەم سەیری ژن بکا و لەژێر سێبەری ئەو یاسایانەدا ژنان بچەوسێندرێنەوە، بکوژرێن و مافەکانیان پێشێل بکرێن. توندوتیژی یەکێک لەو دیاردانەیە کە ئاماری لە بەرزبوونەوەدایە و ڕۆژانە بە بەرچاوی دەسەڵاتەوە بێڕێزی بە کەرامەتی ژن دەکرێ و دەکوژرێ. خۆکوشتن، خووگری بە مادەهۆشبەرەکان، تێکچوونی شیرازەی بنەماڵە، توندوتیژی و... لەو دیاردانەن کە لەژێر سایەی یاسای دژەژنی کۆماری ئیسلامیدا لە بەرزبوونەوەدان.

دەسەڵاتی ئێران نەک هەر هیچ مافێک بۆ ژن قایل نییە بەڵکوو ژنان لەسەر داواکردنی مافەکانیان ڕۆژانە ڕووبەڕووی گرتن و زیندان و ئەشکەنجە و ئیعدام دەبنەوە، بەندیخانەکان و دادگاکانی ئێران بوونەتە دیارترین شوێنی زوڵم و ناعەدالەتی بەرانبەر بە ژنان، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو توندوتیژی و چەوسانەوەیە ژنانی ئێرانی هەردەم بەگژ دەسەڵات و یاسا کۆنەپەرستانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا چوونەتەوە و وێڕای داوای مافە کۆمەڵایەتییەکانیان شان بە شانی پیاوان بۆ وەدەستهێنانی ئازادییەکانی دیکەی کۆمەڵگە هەر لە مەیداندا بوون، ئازایانە هاتوونەتە مەیدانی سیاسەت و خۆڕاگرانە ئەشکەنجەگاکانیان کردۆتە قوتابخانەی بوێری و بەرخۆدان و لە هەڕەشە و سەرکوت نەپرینگاونەوە. تەنانەت لە ڕەوتی خەبات بۆ ئازادی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ ژنان داواکارییەکانیان وێڕای پیاوان خەتی سووری نیزامی تێپەڕاند و لە چەند ڕاگەیەندراودا هاوشان لە گەڵ پیاوان داوایان ئەوە بوو کە هەم یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی بگۆڕدرێ، هەم کاربەدەستانی باڵای نیزامی کۆماری ئیسلامی دەست لەکار بکێشنەوە کە لەو پێناوەشدا کەوتنە زیندان و ئازار و ئەشکەنجە دران. ئێستاش دەبینین کە بەندیخانەکانی ڕێژیم کۆمەڵێک لە ژنانی ئازادیخوازیی لە سەرانسەری ئێران تێدا بەند کراوە. لە خۆپێشاندانەکاندا هەردەم پێشەنگن و لە هەر کۆڕ و کۆمەڵ و کۆبوونەوەیەکدا دژ بە دیکتاتۆری و دەسەڵاتی دەیان ساڵەی کۆماری ئیسلامی دەنگ و ئازایەتیی ژنان لەرزەی خستۆتە کۆشکی دیکتاتۆر و لە وەدیهێنانی مافەکانیان بەردەوامن و شەقام و بەندیخانەکانی ئێران نموونەی زیندووی ئەم بوێری و ئازایەتییەن.

لەگەڵ ئەوەی کە لەژێر دەسەڵاتی دواکەوتووانەی کۆماری ئیسلامیدا بە یاسا مافەکانی ژنان لە هەموو بەشەکانی وڵات پێشێل دەکرێ، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژنانی کورد وێڕای پێشێلکردنی مافە ڕەگەزییەکانیان لە باری نەتەوایەتیشەوە مافیان پێشێل کراوە، لە خوێندنی زمانی دایکیان بێبەشن، لە پۆشینی جلوبەرگی کوردی و پەرپێدانی فەرهەنگ و کەلتووری کوردی و زۆر مافی دیکەی ئینسانی بێبەش کراون. "زارا محەممەدی"، مامۆستای قوتابخانە و مۆژگان کەیکاوسی لەو ژنانەن کە لەسەر داواکارییە ئینسانی و نەتەوایەتییەکانیان کەوتوونەتە زیندان.

ژنانی کورد لە دێر زەمانەوە سەلماندوویانە کە زوڵم و زۆری داگیرکەرانی نیشتمانیان قبووڵ نەکردوە. لە هەمانکاتدا کە شان بە شانی پیاوان لە کاری ڕۆژانەدا هاوکاری پیاوان بوون لە مەیدانی خەباتی نەتەوایەتی ومافخوازانەدا لەقوربانیدان لە پیاوان جێ نەماون و لە خەباتی شار و خەباتی چەکداری و پێشمەرگانەشدا هەردەم لە مەیداندا بوون و تا پلەی سەرکردە چوونە پێشێ و کەسانی دیار و بە ناوبانگیان لێهەڵکەوتوە و بوونەتە ڕەمزی ئازایەتی و فیداکاری.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، وێڕای پیرۆزبایی هەشتی مارس ڕۆژی جیهانیی ژنان لە سەرجەم ژنانی ئێران وکوردستان، ڕێز لە خەبات و ماندوویەتییان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان دەگرین و خۆمان وەک هەمیشە نەک هەروەک پشتیوان، بەڵکوو بە بەشێک لە داکۆکیکاران و هەڵسوڕاوان بۆ وەدیهاتنی ڕەواکانیان دەزانین و لە هەمانکاتدا هیواداریین کە لە خەبات دژی زوڵم و زۆر و ناعەدالەتی بەردەوام بن و هەروەک تا ئێستا نیشانیان داوە لەمەودواش زیاتر لە پێشوو لە هەوڵی گۆڕینی یاسا دواکەوتووەکان و یاساکانی دژەژن بن و وێڕای هەوڵدان بۆ وەدیهێنانی مافە پێشێلکراوەکانیان، شانبەشانی پیاوان بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییە نەتەوایەتییەکان بەگوڕتر لە جاران لە مەیداندا بن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٧ی ڕەشەمەی ١٤٠٠ی هەتاوی**

# خالید عەزیزی: خەباتی نەتەوایەتیی ئێمە لە دەرەوەی کێشەکانی ئێران لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژاوایە

## (ڕاپۆرتی کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران)

ڕۆژی دووشەممە، ١٦ی ڕەشەمەی ١٤٠٠ی هەتاوی (بەرانبەر بە ٧ی مارسی ٢٠٢٢ی زایینی) ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە ئامادەبوونی کەسی یەکەمی هەر چوار لایەنی پێکهێنەری ناوەند بە میوانداریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرپرسی دەورەیی ناوەند، کۆ بوونەوە.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا کاک خالید باسە سیاسییەکەی بە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئێستای ئێران و کوردستان دەست پێ کرد. بەڕێزیان بە ئاماژە بە قەیرانە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی گوتی، حکوومەت سەرەڕای ئەو قەیرانگەلە کە هەر خۆیان واتە دەسەڵات خوڵقێنەری قەیرانەکانن، وازی لە سەرکوتی خەڵک نەهێناوە ، لە بەرانبەریشدا ناڕەزایەتی و کۆبوونەوە ناڕەزایەتییەکانی خەڵک ڕوو بە حکوومەت و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ڕۆژلەگەڵ ڕۆژ لە پەرەسەندن و زیادبووندایە. بەڵام ئەوەی یارمەتیی بە مانەوەی ڕژیم داوە ئەوەیە کە تا ئێستا ئالترناتیڤ لەنێو ئۆپۆزیسیۆندا دروست نەبووە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دواتر هاتە سەر باسی کوردستان و گوتی، بە خۆشییەوە لە کوردستان بارودۆخ لە ناوەند و باقی شوێنەکانی دیکەی ئێران باشترە، چونکە کوردستان خاوەنی پاشخانێکی سیاسی و خەباتگێڕییە و خاوەنی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە ئێستاش لە مەیدانی خەباتدان و ڕۆژانە ڕاستەوخۆ لە گەڵ خەڵکی کوردستاندا لە پێوەندیدان. بەڕێزیان بە ئاماژە بە جموجۆڵە مەدەنی و فەرهەنگییەکانی کوردستان وێڕای بەرز نرخاندنی ئەو چالاکییانە، داوای بەردەوامی و هیوای سەرکەوتنی زیاتری بۆ بەئاوات خواستن. کاک خالید بە ئاماژە بە هەوڵەکانی وڵاتانی ٥+١ لە گەڵ ئێران بۆ ڕێکەوتنی بەرجام گوتی، خەباتی ئێمە بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی گەلەکەمان پێش کێشەی ئێران و ئەمریکا و ڕۆژاوایە، بۆیە ئێمە لە هەر ئەگەرێکدا درێژە بە خەباتی خۆمان دەدەین و بەرجام هیچ کاریگەرییەکی لە سەر خەباتی ئێمە بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نابێ.



کاک مستەفا هیجری لێپرسراوی گشتی حدکا، کاک عەبدوڵڵای موهتەدی سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و کاک ڕەزا کەعبی جێگری سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان وێڕای بەشدارییان لە باسەکە بیروڕای خۆیان لە سەر بابەتەکانی کۆبوونەوەکە خستە ڕوو. بەشداران لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا وێڕای هێنانەبەرباسی شەڕی نێوان ڕووسیە و ئۆکراین کە ئێستا هەموو جیهانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردوە و بۆتە گرفتێکی گەورە و هەڕەشە لە ئاشتیی نێودەوڵەتی دەکا، هەمووان لەسەر ئەوە هاودەنگ بوون کە ڕێگاچارەی سەرەکیی کێشە و ناکۆکییەکان، دیالۆگ و لێکتێگەشتنە، نەک هێرش و وێرانکاری، بۆیە هیوایان خواست کە کێشەی نێوان ڕووسیە و ئۆکراین بە دانیشتن و ڕێکاری سیاسی و دیپلۆماسی چارەسەر بکرێ و خەڵکی ئۆکراین لەوە زیاتر تووشیماڵوێرانی و کوشتن و کۆچی بە ناچاری نەبن و ئاوری شەڕ لەوە زیاتر پەرە نەستێنێ.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا کۆمەڵێک باس و بابەتی دیکەی پێوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کاروباری ناوەندی هاوکاری هاتە بەرباس کە لەلایەن بەشدارانەوە قسەیان لە سەر کرا و بڕیاری پێویستیان لە سەر درا.

# گەلاوێژ پەیرەوان: لە نووسینەوەی مێژوودا زۆرترین غەدر لە ژنان کراوە

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە ١٧ی ڕەشەمە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان سمینارێکی بەبۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن لە یەکێک لە سالۆنەکانی قەڵای دێموکرات بەڕێوە برد.

لەم سمینارەدا کە بە ساتێک وەستان بۆ ڕێزگرتن لەگیانی پاکی ژنانی قوربانیی نادادپەروەری دەستی پێ کرد، سەرەتا پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەم بۆنەیە لەلایەن خاتوو شلێر مەحموودی، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی ئەو ڕێکخراوەیە خوێندرایەوە. لە بەشێک لە پەیامەکەی یەکیەتیی ژنان ئاماژە بە مێژووی ٨ی مارس و گرینگی دەستنیشانکردنی ئەو ڕۆژە جیهانییە و شوێندانانی لە وڵاتە جیاوازەکان کرابوو و هەروەها بە وردی ئاوڕ لە یاسا و ڕێساکانی ئێران و کۆت و بەندەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ژنان درابۆوە. هاوکات خەباتی ژنانی ڕۆژهەڵات لەو دۆخەدا بەرز نرخێنداو بوو بەردەوامیی پشتیوانی یەکیەتیی ژنان لە خەبات و بزووتنەوەی ژنان لە نێوخۆی کوردستان جەختی لەسەر کرابۆوە.

لە بەشێکی دیکەی سمینارکەدا خاتوو گەلاوێژ پەیرەوان، کادری یەکیەتیی ژنان و ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکرات باسێکی لە ژێرناوی "٨ی مارس و ئاوڕێک لە خەباتی ژنی کورد" پێشکەش کرد. بەڕێزیان بەئاماژە بە وەی کە لەگەڵ ڕێز لەو ڕۆژە مێژووییە پێویستە باس لە خەبات و تێکۆشانی ژنی کورد و ناساندنی ئەو خاتوونە تێکۆشەرانە بگیردرێ، بەشی یەکەمی باسەکەی تەرخان کردبوو بۆ ناساندنی بەشێک لەو ژنە ڕچەشکێنانە کە لە مێژووی خەباتی نەتەوەی کورددا جێی پەنجەیان دیار بووە و کەمتر باسیان لێ کراوە و هەروەها گوتی: کە زۆرترین غەدر لە ژنان لە نووسینەوەی مێژوودا کراوە.



بەشی دووهەمی باسەکەی خاتوو گەلاوێژ، باس لە بزووتنەوەی ژنان لە چوارپارچەی کوردستان و بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە بەڕێزیان پێیان وابوو ژنی کورد بە خەباتی نەتەوەیی و ڕەگەزی و بەتایبەت بەشداری لە خەباتی چەکداری بۆ بەرگری لە نەتەوەی کورد، ڕوویەکی دیکەی ژنیان بە جیهان نیشان دا.

بەشی کۆتایی قسەکانی کۆڕگێڕ باس لە هاتنە مەیدانی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە بە خەباتی فرەڕەهەند و تێکۆشان لە بوارە جۆراوجۆرەکان بزوتنەوەی ژنانیان لە ئێران و کوردستان گەیاندۆتە ئاستی خۆی.

پاش کۆتایی سمینارەکە بە بەشداریی بەشێک لە کادر و ئەندامانی یەکیەتیی ژنان کتێبخانەکانی شەهیدان نەسرین حەداد و سۆهەیلا قادری کە وەک میراتی مەعنەوەی بە ڕێکخراوەکە بڕاوە، ڕێز لە تێکۆشانی سکرتێرە یەک لە دوای یەکەکانی یەکیەتیی ژنان گیرا.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان هەروەها ڕۆژی یەکشەممە ٢٢ی ڕەشەمە، لە یادی ٧٦ساڵەی دامەزرانیدا ڕێوڕەسمێکی بەڕێوە برد. لەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی دەستەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان بەوبۆنەیە لەلایەن خاتوو موژگان عەلیپوور سکرتێری گشتیی ڕێکخراوەکە پێشکەش کرا. ناوبراو لە باسەکەیدا لەسەر خەباتی ئێستا و ڕابردووی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تیشکی خستە سەر ئەوە کە: ژنانی ڕۆژهەڵات ئێستا چاوەڕوانی دەرفەتەکان نین و خۆیان دەرفەتەکان دەخوڵقێنن و لە زۆربەی هەلومەرجەکاندا پێشەنگن، بۆیە هەر بزوتنەوەیەکی سیاسی و مەدەنی لە ئێراندا لە ئارادابێ ناتوانێ هێزی ژنان لەبەرچاو نەگرێ و بەشدارییان پێ نەکا، لەبەر ئەوەی کە ژنان بەشێکی چارەنووسسازی مەسەلەکانی نێو کۆمەڵگەن.

بەشی کۆتایی ڕێوڕەسمەکەش بە چەند گۆرانی لە وەسفی ژندا لەلایەن هونەرمەند ڕزگار شەڕەفکەندی و تابلۆیەکی هەڵپەڕکێی کچان و کوڕانی "تیپی هەڵپەڕکێی ڕۆژهەڵات" و خوێندنەوەی پەخشانێک لەلایەن کاک کەریم فەرخەپوور و تابلۆیەکی هەڵپەڕکێ لەلایەن ژنانی ئەندامی لەمێژینەی ڕێکخراوەکە ڕازێندرایەوە.

# ناوەندی هاوکاری: کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێ کۆماری ئیسلامیی ئێران بوەستێنێ




ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر پێتەختی هەرێمی کوردستانی بەتوندی مەحکووم کرد. لە بەیاننامەکەی ناوەندی هاوکاریدا هاتوە کە بێدەنگیی کۆمەڵگەی جیهانی لەهەمبەر جینایەت و تاوانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران یەک لە هۆکارەکانی بەردەوامیی ڕێژیم و بێباکیی ئەو لە سەر درێژەدان بە تاوان و کردەوە تێرۆریستییەکانیەتی.

**دەقی بەیاننامەکە:**

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران شەوی ٢١ لەسەر ٢٢ی ڕەشەمەی ١٤٠٠ی هەتاوی (بەرانبەر بە ١٢ لەسەر ١٣ی مارسی ٢٠٢٢ی زایینی) بە مووشەکی بالستیکی خاڵپێک هێرشی کردە سەر هەولێر، پێتەختی هەرێمی کوردستان و چەند شوێنێکی لەو شارە بەئامانج گرت کە لەم سۆ نگەیەوە زەرەر و زیانێکی زۆری ماددی بەر ئەو شوێنانە کەوتوون.

ئەمە یەکەمجار نییە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران هێرشی مووشەکی دەکاتە سەر ئامانجەکانی لە خاکی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دیکە لە عێڕاق. هێرشی مووشەکی بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات لە خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ یەک لەو هێرشانەیە کە بووە هۆی شەهیدبوونی ١٦ پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و بریندار بوونی دەیان کەس و؛ هەروەها کاولکاری و زەرەر و زیانێکی ماددی زۆری لێکەوتەوە. سپای پاسداران ئەوکات ڕایگەیاند کە ناوەندی پیلانگێڕی لە دژی ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامیی کردۆتە ئامانج و ئێستاش وێڕای وەئەستۆگرتنی بەڕەسمیی ئەم پەلامارە مووشەکییەی سەر هەولێر، لە بەیاننامەیەکدا بوونی ناوەندێکی هەواڵگریی دەوڵەتی ئیسرائیل لە خاکی هەرێمی کوردستانی بۆ ئەو پەلامارە بە پاساو هێناوەتەوە. سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانیش وێڕای مەحکوومکردنی ئەم هێرشە دوژمنکارییەی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕایگەیاندوە کە پێچەوانەی پاساو و ئیدیعاکانی کۆماری ئیسلامی "شوێنی بەئامانجگیراو، شوێنێکی مەدەنی بووە و ئەم پاساوە، تەنیا بۆ شاردنەوەی ئەم تاوانە قێزەونەیە". ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەروەها ڕایگەیاندوە کە: "ئەمە چەندین جارە ئێران ئەم دەستدرێژییانە دووبارە دەکاتەوە و بێدەنگیی کومەڵگەی نێودەوڵەتیش بەرامبەر بەم هێرشە ترسنۆکانە، ڕێگەخۆشکەر دەبێ بۆ بەردەوامیی ئەم جۆرە تاوانانە".

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران چەندین ساڵە بێڕەچاوکردنی یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان و بایەخدانان بۆ سەروەریی سیاسیی وڵاتی عێڕاق، نەک هەر بەئاشکرا دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی ئەم وڵاتەدا دەکا، بەڵکوو لە هەر هەلێک بۆ دروستکردنی قەیران و ئاژاوەنانەوە لەو وڵاتە کەڵکی وەرگرتوە. دەستێوەردان و گێرەشێوێنیەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە عێڕاق گەیوەتە جێگایەک کە خەڵکی عێڕاق لە خۆپیشاندان و نارەزایەتییانەکی چەند ساڵی ڕابردوودا بە ئاشکرا دەریان بڕیوە کە سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هۆکاری سەرەکیی نەهامەتی و قەیرانەکانی وڵاتەکەیان دەزانن.

دەستێوەردانی ڕێژیم لە کاروباری نێوخۆیی هەرێمی کوردستان لە چەند دەیەی ڕابردوودا سەرەتا بە تێرۆری تێکۆشەرانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لەو هەرێمە دەستی پێ کرد و لەو ماوەیەدا سەدان تێکۆشەری سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە عیراق و هەرێمی کوردستان تێرۆر کرد. بەڵام مووشەکبارانی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات سەرەتای ئەم هێرشە مووشەکییانە بوو کە ئێستاکە دەبینین بە بەرچاوی هەموو دنیاوە بۆ سەر پێتەختی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کردوویەتی. هەرئەوکات و لە کاتی پەلامارە مووشەکییەکانی ١٧ی خەرمانان بۆ سەر حیزبی دێموکرات، حیزب و لایەنە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی داوایان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و لایەنە پێوەندیدارەکان کرد کە سنوورێک بۆ دەسدرێژییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دابنێن و ئەم کردەوە جینایەتکارانەیە و بەزاندنی سنووری ئەو وڵاتە مەحکووم بکەن؛ بەڵام مخابن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لایەنە پێوەندیدار ئەم دەستدرێژییانەی بەئاشکرای کۆماری ئیسلامییان بە هەند وەرنەگرت و ئاکامەکەی بوو بە ئەمە کە ئێستا بەئاشکرا و بە وەئەستۆگرتنی بەڕەسمیی بەرپرسایەتیی کردەوە تێرۆریستییەکانیشی لەم دەستدرێژییانەی بەردەوام بێت.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکوومکردنی پەلاماری مووشەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر هەولێر، داوا وڵاتان، شوڕای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتی و هەموو لایەنە پێوەندیدارەکان دەکا کە چیتر لەهەمبەر ئەم دەستدرێژییانەی کۆماری ئیسلامیدا بێدەنگ نەبن. ئێمە داوا دەکەین بە هەڵوێستی بەکردەوە و لێبڕاوانە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوەستێنن و ڕێگە نەدەن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ژیان و ئاسایشی عێراق و هەرێمی کوردستان و چارەنووسی ئەم وڵاتە، بە دەردی چارەنووسی وڵاتانی سووریە، لوبنان و یەمەن ببات.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٢ی ڕەشەمەی ١٤٠٠ی هەتاوی**
**١٣ی مارسی ٢٠٢٢ی زایینی**

# چەند وێستگەیەکی مێژوویی حیزبی دێموکرات لەدوای شۆڕشی ۱۳۵۷

**(۳-۱)**





پێشەوا عەلیپوور

ئاماژە: خەبات و فیداکاریی خەباتگێڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانیان بەدرێژایی سەدەی بیستەم بەردەوام بووە. بەڵام لەو پرۆسەیەدا تەنیا دوو جار ئاڵوگۆڕی سیاسیی ئەوتۆ هاتۆتە پێش کە کورد توانیبێتی لە بەرژەوەندیی خۆی بیقۆزێتەوە. یەکەم دەرفەت بەدوای شەڕی دووهەمی جیهانیدا بوو کە دامەزرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستانی لێ کەوتەوە و حیزبی دێموکرات توانی مۆدێلێکی مۆدێرن و پێشکەوتوو لە حوکمڕانیی نەتەوەیی پێشکێش بکا. دووهەم دەرفەتیش لەپاش شۆڕشی ساڵی ٥٧ی ئێران هاتە پێش کە بووژانەوەی حیزب و دەسپێکی قۆناغێکی دیکەی خەباتی بەدوادا هات. بەڵام بەداخەوە گوتاری ئاشتیخوازیی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە بە سیاسەتی سەرکوت و هێرش و پەلامار بۆ لەبن دەرهێنانی ئەو جووڵانەوەیە وەڵام درایەوە.

لەم نووسینەدا کە لە سێ بەشدا بڵاو دەبێتەوە، وەک پانۆرامایەک، ئاوڕ لە چەند وێستگەیەکی مێژوویی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دوای شۆڕشی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران و سیاسەت و هەڵوێستی ئەم حیزبە لەهەمبەر ڕووداوە سیاسییەکانی ئەوکاتدا دراوەتەوە:

**بەشداریی کورد لە شۆڕشی گەلانی ئێران**

لە ساڵەکانی پێش ١٣٥٧ی هەتاوی، گەلانی وەزاڵەهاتوو لە ستەمی ڕێژیمی پاشایەتی کە چەقۆ گەیشتبوو سەر ئێسکیان، لە شار و ناوچە جیاجیاکان ناوەناوە بێزاریی خۆیان لە ڕێژیمی شا دەردەبڕی، بەشێکی زۆر لە ئێرانییەکان لەژێر فەرمانی خومەینیدا خۆیان ڕێکخستبوو و ئامادەی شۆڕش بوون.

بە سەرنجدان بە ڕابردووی دوورودرێژی ستەمی بنەماڵەی پەهلەوی، هەر لە شەهیدکردنی سمایل ئاغای سمکۆ و ڕووخاندنی کۆماری کوردستان و شەهیدکردنی پێشەوای کوردان و هەروەها سەرکوتی بزووتنەوەی ٤٦-٤٧، نەتەوەی کوردیش بۆ کۆتاییهێنان بەو ڕێژیمە ئامادەی ڕاپەڕین بوون. بەتایبەت کە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران زیاتر لە سێ دەیە بوو خاوەن ئەزموونی سیاسی و حیزبایەتی بوون.

لەو سەر و بەندەدا و لە سێ ڕۆژانەی کۆچی دوایی کاک عەزیز یوسفی، ئەندامی پێشووی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات، ڕۆژی ١٧ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٧، خۆپیشاندانێکی بەرین لە مەهاباد بەڕێوە چوو. ئەم خۆپیشاندانە دەسپێکی زنجیرە خۆپیشاندانەکانی خەڵکی کوردستان بوو بەدژی ڕێژیمی شا. لەو بارودۆخەدا ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە گەرمێن، بە تێگەیشتنی ورد و هەمەلایەنە لە ئاڵوگۆڕەکانی ئەو سەردەم، بەشێک لە ڕێبەرایەتی و کادرەکانی خۆی لە پاییزی ١٣٥٧ی هەتاوی، لەژێر ناوی کۆمیتەی زاگرۆس ناردەوە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەستیان بە ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزب و جەماوەر کرد.

ڕێکخراوەکانی لاوان و ژنان سەرلەنوێ بووژانەوە و ئیتر پۆلپۆل خەڵک پەیوەستی ڕیزەکانی حیزبی خۆیان دەبوون.

**گرتنی پادگانی مەهاباد**

شۆڕش دژی ڕێژیمی شا لە سەرکەوتندابوو، لەگەڵ ئەوەیکە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧، شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت و کۆتایی بە دەسەڵاتی پاشایەتی هات، بەڵام بەشێکی بەرچاو لە مۆڵگە سەربازییەکان لە شار و ناوچەکانی ئێران هێشتا لەدەست پاشماوەی ڕێژیمی پاشایەتیدا بوون. حیزبی دێموکرات ڕۆژی ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ بە یارمەتیی ئەفسەرانی شۆڕشگێڕی ئەرتەش، دەستی بەسەر پادگانی مەهاباددا گرت و کۆتاییان بە دەسەڵاتی نگریسی پاشایەتی لەم ناوچەیە هێنا.

**میتینگی جەماوەری حیزبی دێموکرات لە شاری مەهاباد**

لە یەکەم ڕۆژ و حەوتووەکانی دوای سەرکەوتنی شۆڕش و لە کاتێکدا کوردستان ڕووی ئازادی بەخۆیەوە دەدی و حیزب و ئۆرگانەکانی بەرەو سەقامگیری دەچوون، ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرنامەیدا بوو کە لە میتینگێکی گەورەدا دەستپێکردنەوەی خەباتی ئاشکرای خۆی بەڕەسمی ڕابگەیەنێ.

ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، پتر لە سەد هەزار کەس لە شار و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان ڕوویان کردە شاری مەهاباد، ئەو جێگایەی کە حیزبی دێموکرات، یەکەمین جار کۆماری کوردستانی لێ دامەزراندبوو.

هەتا چاو هەتەری دەکرد هەر جەماوەر بوو، دەرزیت حەوادابا وەعەرز نەدەکەوت، خەڵک دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، تامەزرۆی میتینگی حیزبی خۆیان بوون. بەڵێ ئێرە وێستگەی ئاشکرابوونی قۆناغی نوێی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانە.

میتینگ بە پەیامی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، بەرپرسی کۆمیتەی ڕێکخراوی حیزب لە مەهاباد دەستی پێ کرد و پاشان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات وتارێکی مێژوویی پێشکێشی جەماوەر دەکا.

دوکتور قاسملوو لە پەیامەکەیدا، مانیفێستی دەوڵەتێکی دێموکراتیک و ئازاد وێنا دەکا. ئەو باس لە ئاشتی و برایەتیی گەلان و ئازادیی ئایینەکان دەکا و بە بەرجەستەکردن و بەرزنرخاندنی ڕۆڵی جەماوەر خاوەنە ڕاستەقینەکانی حیزبی دێموکرات وەبیر خەڵک دەهێنێتەوە.

جۆش و خرۆشێکی لەڕادەبەدەر لەنێو جەماوەر دیارە، دوکتور قاسملوو بەردەوام دەبێ لە وتاردان و چوارچێوەی قەوارەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیاری دەکا. ئیتر ئەوجار جەماوەر کەیف خۆشن، لە دێوەزمەی پەهلەوی ڕزگارییان بووە و بەرەو بەهاری ئازادی دەچن. دڵیان لە جۆشە و ئەسرینی گەشیان دێتە خوارێ، دڵیان خۆشە بە ڕەنگی بەهارێ.

**شەڕی یەکەمی شاری سنە**

هەموو ئەو دڵخۆشییە زۆری نەخایاند کە قرمژنی تۆپ و تفەنگەکانی پادگانی سنە لە شەقامەکاندا زرینگایەوە و شەقامەکانی شاری سنەیان بە خوێنی خەڵکی مەدەنی سوور کرد.

خەڵکی شاری سنە هەوڵیان دا وەک خەڵکی هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران دەست بە سەر پادگانی شاردا بگرن کە هێشتا پاشماوەکانی ڕێژیمی پاشایەتی تێیدا جێگیر بوون، بەڵام پادگان نەک هەر تەسلیم نەبوو، بەڵکوو بەرەنگاری خەڵک بۆوە و، لە ئاسمان و زەوییەوە خەڵکی سیڤیلیان کردە ئامانج.

ڕێژیمی تازە، بە بڕیاری خومەینی بە شێوەیەکی چاوەڕوان‌نەکراو پشتگیرییان لە وەدەست هاتنی پادگان کرد لەبەرانبەر خەڵکدا! لە پادگانەوە تۆپ و هاوەن و دۆشکە ئاراستەی شار کران و لوولەی چەکەکانیان ڕوو لە خەڵک و ماڵ و حاڵیان کرد، لە ئاسمانەوە بە فڕۆکە شاریان بۆردومان دەکرد. لەو شەڕ و پەلامارەدا بە سەدان کەس شەهید و بریندار بوون.

حیزبی دێموکرات لە سێهەم ڕۆژی شەڕدا بە هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی لەبەرانبەر خاک و خەڵکی کوردستان، هێزێکی پۆشتە و پەرداخی پێشمەرگە و چەندین کامیۆن خواردن و جلوبەرگی بۆ یارمەتیدانی خەڵکی سنە بەڕێ کرد. بەڵام ڕێگە لە هاوکاری و پشتیوانیی حیزبی دێموکرات گیرا.

سەرەنجام بە هاتنی هەیئەتێکی دەوڵەت بۆ شاری سنە و دانیشتن لەگەڵ کەسایەتییەکانی وەکوو مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی و کاک ئەحمەد موفتیزادە و نوێنەری لایەنە سیاسییەکان، گەمارۆی سەر پادگانی سنە کۆتایی هات.

ئاکامی ئەو عەمەلیاتە جیا لەوەی کە ماهییەتی دژە ئینسانی ڕێژیمی نوێی دەرخست، ناکامی لایەنە بەشداربووەکان، خەساری سەدان شەهید و برینداریشی بۆ خەڵکی شاری سنەی قارەمان بەدواوە بوو، کە نەورۆزەکەیان خەڵتانی خوێن کرا.

**چوونی هەیئەتی حیزب بۆ لای خومەینی**

سەرباری هەموو نیازخراپیی ڕێژیمی نوێ، بەڵام حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی بەرپرسیار لە چارەنووسی خەڵک، وازی لە هەوڵە ئاشتیخوازانەکانی لەپێناو وەدیهێنانی داخوازە ڕەواکانی کورد نەدەهێنا. هەربۆیە ڕۆژی ٧ی خاکەلێوەی ١٣٥٧، هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستیی دوکتور قاسملوو بەرەو تاران وەڕێ کەوتن و لە شاری قوم چاویان بە خومەینی کەوت. بەڵام خومەینیی سەرمەست لە سەرکەوتنی ئینقلاب، وەڵامی داخوازییەکانی هەیئەتی حیزبی دێموکراتی نەدایەوە و هەیئەتی حیزبی دێموکراتی حەواڵەی سەرۆکوەزیر کرد کە ئەوکات مێهدیی بازەرگان بوو.

دوکتور قاسملوو لەدیدار لەگەڵ مێهدی بازەرگان پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی لە دەوڵەتی کاتی ڕاگەیاند و داوای کرد کە هەیئەتی حیزب لە ڕێگای ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەوە داخوازییەکانی گەلی کورد بۆ گەلانی ئێران شی بکەنەوە و هەروەها داوای کرد کە بەمەبەستی گونجاندنی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان لە یاسای بنەڕەتیدا، ڕێگا بدرێ کە نوێنەرانی خەڵکی کوردستانیش لە نووسینەوەی ئەو قانوونە بەشدار بن.

هەر لەو دیدارەشدا دەستەی نوێنەرایەتی حیزب گەڵاڵەیەکی لە ماف و داخوازییەکانی گەلی کورد پێشکەش بە سەرۆکوەزیر کرد. بەڵام هەموو ئەو هەوڵانە لەسۆنگەی سیاسەتی دوژمنکارانەی ناوەندەوە ناکام مانەوە.

**ڕێفراندۆم بۆ دیاریکردنی جۆری ڕێژیم**

بە هەموو ئەو هەڵسوکەوتە نادێموکراتیکەوە، سەرەنجام ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە بە ڕۆژی ڕێفراندۆم بۆ دیاریکردنی جۆری سیستمی حکومەتی نوێ دیاری کرا. بەڵام چ ڕێفراندۆمێک؟ بەرگی دەنگدان هیچ مۆدێلێکی بۆ هەڵبژاردنی شێوەی حوکمڕانی نوێ تێدا بەدی نەدەکرا! نێوەرۆکی ئەو ڕێفراندۆمە لەو پەندەی کوردەواری دەچوو کە دەڵێ: "کەوت دەوێ ئەوە سمۆرە، سمۆرەت دەوێ ئەوە سمۆرە"

حیزبی دێموکرات کە هەر ئەوکات ماهییەتی نادێموکراتیک و دژە ئینسانی ڕێژیمی نوێی ناسیبوو، پێی وابوو ئەم ڕێفراندۆمە دێموکراتیک نییە و مەجالی هەڵبژاردنی جۆری حوکمڕانی لە خەڵک ستاندۆتەوە. هەر بۆیە ئەوکات ئەم پرسە گورگانەی ڕێژیمی بایکۆت کرد.

**میتینگی نەغەدە**

خومەینی لە تاران وردە وردە بناغەی حکومەتە ئیسلامییەکەی بە هەڵاواردنی نەتەوەکانی دیکە پتەو دەکا و لە کوردستانیش حیزبی دێموکرات خەریکی ڕێکخستنی جەماوەری تینووی ئازادییە.

وەک نەریت کە حیزب لە شار و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان کۆبوونەوەی بۆ ئەندامان و لایەنگرانی خۆی پێک دەهێنا و سیاسەتەکانی خۆی لەمەڕ ئیدارەی ئێران و کوردستان بۆ خەڵک شی دەکردەوە، ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٥٨یش بە بەشداریی هەزاران کەس پێکهاتوو لە کورد و ئازەری، لە یاریگای وەرزشی نەغەدە ئامادە بوون تاکوو نێوەرۆکی پەیامی حیزبی دێموکرات لە میتینگی مەهاباد بکەنە دەستمایەی پێکەوەژیانی ئاشتییانە.

پێش دەسپێکی وتاری سکرتێری گشتیی حیزب، کۆمەڵێک مۆرەی بەدناوی حکوومەتی پاشایەتی و دەمڕاستی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو، لە چەند شوێنی جیاواز ڕوو بە جەماوەر تەقە دەکەن و میتینگی حیزبی دێموکرات تێک دەدەن. شەڕێکی چوار ڕۆژە لەنێوان کورد و ئازەری هەڵدایسێ کە بە سەدان کەس لە نەتەوەی کورد و ئازەری دەبنە قوربانی. ئەم شەڕە نەخوازراوە بە دەستێوەردانی ئەرتەش و بە دژی نەتەوی کورد شکایەوە، بەڵام تا ئەمڕۆکەش ئاسەواری ئەم ئاژاوەگێڕییە بەسەر هەردوو نەتەوەی کورد و ئازەرەیەوە ماوە.

**ئاژاوەگێڕیی دوژمن و ئاشتیخوازیی حیزب**

تا دەهات کوردستان زیاتر دەکرا بە مەیدانی ئاژاوەگێڕی. بەکرێگیراوانی ڕێژیمی نوێ بە مەبەستی بەلاڕێدابردنی ویست و داخوازییە ڕەواکانی کورد دەستیان لە هیچ نەدەپاراست، حیزبی دێموکرات و سەرکردایەتیی سیاسیی کورد ئەوکات بە دەرکی حەساسیەتی دۆخەکە و بەرپرسیاربوون لەبەرامبەر ئەم قۆناغە لە مێژوو، بەردەوام هەوڵیان دەدا لە ڕێگای دیالۆگ دۆخەکە هێور بکەنەوە و ئیزن نەدەن ڕەوایی دۆزی کورد بکەوێتە ژێر هێژمونی کەشی ئینقلابیی تاران و هەروەها ئاژاوەگێڕان لەکوردستان. بۆ ئەمەش حیزبی دێموکرات دەرگای دیالۆگی بەڕووی تاراندا دانەخست و بەردەوام بوو لە شیکردنەوەی ویست و داخوازییە ڕەواکانی کورد لەگەڵ تاران.

**هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگان و بەشداریی حیزبی دێموکرات**

ڕێژیمی نوێ هەنگاو بە هەنگاو خۆی سەقامگیر دەکرد. ڕۆژی ١٢ی گەلاوێژی ١٣٥٨ وەک ڕۆژی هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگان دیاری کرا، دیارە وەک ڕێفراندۆمەکە ئەمەشیان شتێکی نوێ و تاقینەکراوە بوو، بەهەرحاڵ هەڵبژاردن لەسەرجەم پارێزگاکاندا بەڕێوە چوو و کاربەدەستانی ڕێژیم هەموو هەوڵی خۆیان دا کە نوێنەرانی کورد بە تایبەت دوکتور قاسملوو لەم هەڵبژاردنەدا دەنگ نەهێننەوە.

خەڵک چوونە سەر سندووقی دەنگدان و نوێنەرانی خۆیان هەڵبژارد. دوکتور قاسملوو بە ١١٣،٣٧٧ دەنگ، بە نوێنەری پارێزگای ورمێ بۆ مەجلیسی خیبرەگان هەڵبژێردرا.

**فتوای جیهاد و نیازناپاکیی خومەینی لە دژی نەتەویە کورد**

هەڵبژێرانی دوکتور قاسملوو بە نوێنەری مەجلیسی خیبرەگان، ڕێژیمی تووشی هیستریا کرد،

دەسەڵاتی نوێی تاران تەحەمولی دەنگی ئازاد و نوێنەرێکی دێموکراتی نەکرد. هەر بۆیە لە ڕێگای بەکرێگیراوان و دەست و پێوەندییەکانییەوە، دەستی کرد بە ئاژاوەنانەوە لە کوردستان، تاکوو بەو بیانووە هێرش دەست پێ بکا. سەرەنجام ڕۆژی ٢٣ی گەلاوێژی ١٣٥٨ بە هێرش بۆ سەر شاری پاوە، ڕێژیم زەنگی شەڕی سەرتاسەری لە کوردستان لێدا.

لەگەڵ ئەمەش ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ بۆ کۆبوونەوەی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی مەجلیسی خیبرەگان دیاری کرابوو، دکتور قاسملوو بە نیەتی پاراستنی متمانەی خەڵک و وەک نوێنەری هەڵبژێردراوی خەڵک بڕیاری دابوو کە لەو کۆبوونەوەدا بەشداریی بکا، بەڵام کۆمیتەی ناوەندیی حیزب کە نیازەکانی پشتی ئەم کۆبوونەوەی بۆ ڕوون ببۆوە، نەیهێشت دوکتور قاسملوو بچێتە یەکەم کۆبونەوەی مەجلیسی خیبرەگان.

مەجلیس لە کاتی دیاریکراودا کۆ بۆوە و هاوکات لەو ڕۆژەشدا خومەینی فتوای جیهادی لە دژی میللەتی کورد دەرکرد. چەند ڕۆژ دواتر کە ئەندامانی مەخلیسی خیبرەگان چووبوونە لای خومەینی، خومەینی پەردەی لەسەر نیازە خراپەکانی هەڵدایەوە و بە هێنانەگۆڕی باسی کوردستان و دوکتور قاسملوو گوتبووی: " ای کاش آمده بود، من خیال داشتم اگر بیاد همینجا نگرش دارم" [بریا هاتبا، ئەگەر هاتبا نیازم وابوو لێرە ڕایگرم].

دیارە ئەو ڕاگرتنە ئەگەر ئێعدام نەبا حەتمەن زیندانی هەتاهەتایی دەبوو. ئەمە ماهییەتی ڕێژێمێک بوو کە خۆی لەبەرانبەر یاسا و هەڵبژاردنەکانی خۆشیدا بە بەرپرسیار نەدەزانی. دوای ئەو فتوا نگریسەی خومەینی، کوردستان شەڕی بەسەردا سەپا و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات یاساغ کرا. ئیتر کەس گومانی نەما لەوەیکە ڕێژیمی ئیسلامی بڕیاری داوە کورد قەڵاچۆ بکا.

**هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەی ئامریکا و هەڵوێستی حیزبی دێموکرات**

لەو سەروبەندەدا خوێندکارانی پێڕەوی خەتی ئیمام، هێرشیان کردە سەر باڵوێزخانەی ئامریکا لە تاران و کارمەندانی باڵوێزخانەیان بە بارمتە گرت، ڕێژیم هەوڵی زۆری دا کە ئەم کردەوەیە بە خۆڕسک نیشان بدا، بەڵام پڕوپاگەندەی بەربڵاوی دامودەزگا میدیاییەکەی و هەروەها شاگەشکەبوونی سەرانی ڕێژیم بەم کردەوەیە، دەری خست کە ئەم شاکارە بە پیلانی خۆیان بەڕێوە چووە. دیارە ئەو ڕووداوە زۆر لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی دژە ئیمپریالیزمیشی شاگەشکە کرد. لەونێوەدا حیزبی دێموکرات بۆچوونێکی جیاوازتری هەبوو، حیزبی دێموکرات بە دەرکی دروست لە دۆخی ئەوکات، ئەو کردەوەی بە یاساشکێنی و دەرچوون لە ڕێوشوێنە یاساییە نێونەتەوەییەکان ناو برد و مەحکوومی کرد.

**(درێژەی هەیە)**

# جان میرشایمەر و بناخە تاریکەکانی کەتوارگەرایی

نیو ستەیتسمەن – ئادام تووز


و: کەماڵ حەسەنپوور

***تووڕەیی لە پسپۆڕی پایەبەرزی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان ڕەنگدانەوەی نائومێدیی لە دەسەڵاتی سنووورداری خۆراوایی بۆ پێشگرتن بە جەنگی ڕووسیە لە ئۆکراینە.***

بۆ چی ئەوەی لە ئۆکراین دەقەومێ خەتای خۆراوایە؟ ئەوە مانشێتی پرسیاری ورووژێنەری وتارێکی پرۆفیسۆر جان میرشایمەر، لایەنگری بەناو بانگی کەتوارگەرایی (ڕیالیزم)ی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانە، کە لە کۆڕێکی دەرچووانی زانکۆی شیکاگۆ لە ٢٠١٥ پێشکەش کراوە و لەو کاتەوە کە بۆ یەکەم جار لە یوتیوب بڵاو بۆتەوە، زیاتر لە ١٦ میلیۆن جار چاوی لێکراوە.

لە ٢٠٢٢ میرشایمەر دیسان پەیامەکەی بە حەماسەتێکی زۆرەوە لە ١ی مارس لە وتووێژێکی تەلەفۆنیی گەمژانەدا لەگەڵ نیویۆرکەر بڵاو کردۆتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی داگیرکردنی ئۆکراین لە لایەن ڕووسیەوە، ورووژاندنی میرشایمەر بۆتە هۆی تووڕەیی و ئەو پرسیارەی دروست کردوە: کەتوارگەرایی چییە کە میرشایمەر پشتگیریی لێ دەکا؟

لە لایەکەوە، میرشایمەر دڵنیاکارانە بێلایەنە. هەنگاوی بەربەرینکردنەوەی ناتۆ لە ٢٠٠٨ بە شێوەیەک کە گورجستان و ئۆکراین بگرێتەوە هەڵەیەکی سامناک بوو. ڕووخاندنی دەسەڵاتی ڤیکتۆر یانۆکۆویچ ،کە ڕووسیە پشتگیری دەکرد، لە ٢٠١٤، لە شۆڕشێکدا کە خۆراوا پشتگیریی کرد، ڕووسیەی هێندەی دیکە تووڕە کرد. خۆراوا دەبوو بەرپرسیارەتیی ئافراندنی دۆخێکی مەترسیدار بگرێتە ئەستۆ کە هۆیەکەی بەرینکردنەوەی هاوپەیمانیی دژی سۆڤیەت بەرەو ناوچەی ژێر دەستڕۆیشتوویی ڕووسیەیە. ئەوسا ئاکامگیرییە تووڕەکەرەکە دێت: پەرچەکردارە توندوتیژانەکەی پوتین نابێ ببێتە هۆی سەرسوڕمان.

هەر ئەوکاتی لە ٢٠١٥، هەڵوێستی میرسهایمەر جێگای مشتومڕ بوو. ئەمڕۆ، ئەوە لەژێر ڕووناکایی پێشێلکاریی ئاشکرای یاسای نێونەتەوەیی لەلایەن پوتینەوە، دیسان سەری هەڵداوەتەوە. لە ٢٨ی فێبریواری، کاتێک وەزیری کاروباری دەرەوەی ڕووسیە لە تویتێکدا پشتیوانیی لە ڕوانگەی میرشایمەر کرد، کەوتە بەر ڕەخنەی توندی ئان ئەپڵباوم، مێژووناسی ناسراو و لایەنگری لیبرالیزمی خۆرهەڵاتی ئوروپای دوای سۆڤیەت.

ئەپڵباوم گوتی، "دە فەرموو!"، بە ئاماژە بە تویتەکەی وەزیری کاروباری دەرەوە، "ئێستا لە خۆمان دەپرسین ئاخۆ ڕووسیە لە ڕاستیدا چیرۆکی میرشایمەر و ئەوانی دیکە دەڵێتەوە. مۆسکۆ پێویستی پێی بوو بڵێ خۆراوا بەرپرسی داگیرکاریی ڕووسیە (لە چیچان، گورجستان، سووریە و ئۆکراینە)، نەوەک چاوبرسیەتیی خۆیان و ئیمپریالیزم. ئاکادێمیسیەنەکانی ئەمریکایی چیرۆکەکەیان بۆ دابین کرد."

لە ڕۆژەکانی دواییدا، ئیدانەکردنەکانی ئەپڵباوم پشتگیرییەکی زۆری لێ کرا و خوێندکارانی زانستگای شیکاگۆ لە نامەیەکی ئاوالادا داوایان کرد بزانن ئاخۆ میرشایمەر مووچەخۆری ڕووسیەیە!

ئابڕووچوونەکە بەو مانایەیە کە میرشایمەر شەڕانشۆیی پوتین وەک هیچ شتێک بێجگە لە ئاکاری زلهێزێکی ژێر زەخت نابینێ. بە پێچەوانەی ئەپڵباوم، میرشایمەر شتێکی کەمی هەیە لە مێژووی ڕووسیە یان ئۆکرایندا لێی بکەوێتە مەترسییەوە. ئەوەی کە ناوبراو دەیکا شتێک نییە بێجگە لە تیشک خستنەسەر ئاسەوارەکانی تیۆریی دڵخوازی ناوبراو لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا، کە بە کەتوارگەرایی "هێرشبەر" یان "زلهێز" ناسراوە. ڕووسیە زلهێزە. زلهێزەکان، بە گوێرەی ئەو تیۆرییە، ئاسایشی خۆیان بە ناوچەی بەرژەوەندی دەپارێزن. وڵاتە یەکگرتووەکانیش هەمان کار دەکا، بە شێوەی دۆکترینی مۆنرۆ و لەو دواییانەدا بە دۆکترینی کارتەر، کە بەرژەوەندیی ئەمریکا تا کەنداوی فارس پەرە پێ دەدا. بێتوو پێویست بێ، ئەو ناوچانە بە هێز بەرگرییان لێ دەکرێ و هەر کەس دانی پێدا نەنێ و ڕێزی لێ نەگرێ، لە تێگەیشتن لە عەقڵانییەتی توندوتیژانەی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان شکست دێنێ.

بەگوێرەی ئیدیعای ئەپڵباوم، کە هیچ بەڵگەیەکی بۆی نەخستە ڕوو، میرشایمەر ڕەنگبێ گوێی نەداتێ. هەرچی بێ، ئەپڵباوم ئیدیعای ئەوە ناکا کە میرسهایمەر و هاوبیرانی، "ئاکادێمیسیەنەکانی ئەمریکایی"، بیرۆکەکەیان داوەتە دەست ڕووسییەکان. پوتین پێویستی بە پرۆفیسۆرە ئەمریکاییەکان نییە تا دڵنیای بکەن ڕووسیە زلهێزە. زلهێزەکان کەڵک لە هەموو ئامرازێک وەردەگرن. کەڵکوەرگرتن لە هۆدانی ئاکادێمیسیەنی بیانیی بچووکترین تاوانی ئەوە.

تا ئەو جێیەی بیرۆکەکان بە ڕاستی کاریگەرییان لەسەر پێوەندییە نێونەتەوەییەکان هەبێ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کاریگەرییە یەکلاکەرەوانەی بە بۆچوونی میرسهایمەر بۆ جوغرافیا، ئابووری و هێزی سەربازیی قایلە، ئەوپەڕی ئەو شتەی مرۆڤ دەتوانێ هیوای پێ هەبێ ئەوەیە کە بڕیاردەران و خەڵکی ئاسایی دان بە بەرژەوەندی و ناوچەی دەستڕۆیشتوویی یەکتر دابنێن و خۆ لە بەریەککەوتنی ناپێویست ببوێرن. واتای کەتوارگەرایی لەو چوارچێوەیەدا، ڕوونیی بنەماکەی و پەسەندکردنی بەناچاری ئەقڵانییەتەکەیەتی.



لە ساڵەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم، هەر ئەو هەڵوێستە بوو کە میرشایمەر هان دا لەدژی ئەوەی بە بۆچوونی ناوبراو دەستڕۆیشتوویی بێهۆی لۆبیی ئیسرائیل لەسەر سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانە، هەڵوێست بگرێ. ئەو دەستڕۆیشتووییە بەرچاوی داڕێژەرانی سیاسەتی ئەمریکایان لە تێگەیشتن لە بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی وڵاتەکەیان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لێڵ کردوە. لە دۆخی هەنووکەییدا، ئەوەی میرشایمەر داوای دەکا ئەوەیە کە بیرۆکەی بەرینکردنەوەی ناتۆ بەرەو خۆرهەڵات چ وەک ئاراستەیەکی خۆ لێ لانەدەری مێژوویی یان شەڕێکی خاچپەرستانە کە ئێمە دەبێ بۆی بجەنگێین، دەبێ وازی لێ بێنین.

بێگومان، ئاسەوارەکانی ڕوانگەی میرشایمەر لەسەر سەربەخۆیی ئۆکراین دڵڕەقانەیە. ئەو سەربەخۆییە تا هەتایە لەبەر چارەنووسی کەوتنە ناوچەی ژێر دەستڕۆیشتوویی ڕووسیە سنووردار دەبێ. بەڵام ئەگەرچی ئەوە ناخۆشە، بێتوو مرۆڤ دان بە دەسەڵات و بەرژەوەندیی ڕووسیە دانەنێ، ئاکامەکەی لەوەش خراپتر دەبێ. مەترسیی ئەوە هەیە کە ئۆکراین لێکهەڵوەشێ. میرشایمەر حاشا لە شەڕانشۆیی ڕووسیە ناکا، ئەو تەنیا بەو شێوە کە هەیە قبووڵی دەکا. ئەو سەرجەم هێزی هێرشی ڕەخنەگرانەی خۆی ئاراستەی یەکیەتی ئوروپا و ناتۆ دەکا، چونکە ئۆکراین بەرەو "ڕێبازی پڕ مەترسی" دەبەن. بە لەبەرچاوگرتنی لێدوانی خۆراوا لەمەڕ ئەگەری ئەندامەتیی ناتۆ و ڕێککەوتنی لکێندران بە یەکیەتی ئورووپاوە، چۆن سیاسەتوانانی ئۆکراین بتوانن خۆ لەبەر خولیای تێکەڵ بوون ڕاگرن؟ بەڵام بێتوو ئەوان نوقمی ئەو وەسوەسەیە بن خۆیان دەخەنە ژێر مەترسیی تووڕەیی ڕووسیە.

بێتوو لە میرشایمەر لەبارەی سەرچاوەی مێژوویی ڕوانگە تیژبین بەڵام تاریکەکەی لەمەڕ دنیا پرسیاری لێ بکرێ، زۆر وێدەچێ پێت بڵێ ئەوە ژیرییەکی کەونارایە کە لە نووسینەکانی مێژووناسی یونانی توکیدیدەسەوە سەرچاوەی گرتووە. بەڵام ئەوە نەریتێکی ساختەی دەستی بڕوامەندانی کەتوارگەرایی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانە کە لە زانستگاکانی ئەمریکایی لە سەردەمی شەڕی سارد دامەزرێندرا.

وەک گێڕانەوە سەرنجڕاکێشە تازەکەی ماتیو سپێکتێر، کەتوارگەراکانی ئاتلانتیک (٢٠٢٢) پێمانی نیشان دەدا، بنەچەکەیەکی عەقڵانیتر هی سەردەمی کەونارا نییە، یان تەنانەت هی سەردەمی سیاسەتی کەتوارگەرایانەی بیسمارکیش، کە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودای هاوسەنگیی هێزی سەدەی نۆزدەهەمدا بەڕێوە دەچوو، نییە بەڵکو هی سەردەمی ئیمپریالیزمە. ئەوە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، بە داخرانی بەرە جیهانییەکان و باو بوونی داروینیزمی کۆمەڵایەتی بوو، کە بۆ یەکەم جار ڕوانگەیەک لەمەڕ دنیا سەری هەڵدا کە لەویدا زلهێزەکان بۆ خۆجێکردنەوە لە هەسارەیەکی سنووردار‌دا شەڕە ئانیشکیان دەگەڵ یەکتر دەکرد.

بۆ سپێکتێر، هێڵێکی فکری لە تیۆریزانانی دەریایی و جوغرافیازانانی پێش ١٩١٤، وەک فریدریش ڕاتزەل و ئالفرێد ماهان، تا پسپۆڕانی جوغرافیای سیاسیی ئاڵمانی نێوان دوو جەنگەکە، کە ناسیاوترینیان کارل هاوهۆفەر و کارل شمیت و لەوێوە بۆ نووسراوە کلاسیکەکانی کەتوارگەرایی ئەمریکایی، کە ناسیاوترینیان نووسراوەکانی هانس مۆرگێنتاو، هەبووە. وەک میرشایمەر، کارل شمیت، پارێزەری ئاڵمانی نازی و دانەری تیۆزی گرۆسراوم (گەورەشار)، پێشبینی پەرگالێکی جیهانیی دەکرد کە لەویدا دنیا بەسەر ڕووبەری مەزندا دابەش کرابوو کە هەر کام لەوان لەژێر دەسەڵاتی زلهێزێکدا بێ. تایبەتمەندییەکی بەرچاوی ئەو ڕوانگەیە ڕەوشتی خەوشدارە. هێندەی بناخەی ئەو خەوشدارییە لەسەر فرەیی ناوچەی دەسەڵات دامەزراوە، لەسەر فەلسەفە دانەمەزراوە. وەک میرشایمەر، هاوسهۆفەر و شمیت پێشبینی گرۆسراومی ئاڵمانیان وەک شتێکی هاوشێوەی ئیمپراتوریی بریتانیا و دۆکترینی مۆنرۆی ئەمریکایان دەکرد. هەمان پاساوهێنانەوە لەلایەن لایەنگرە ژاپۆنییەکانی ناوچەی مەزنتری هاوخۆشبژێویی ئاسیا لە کۆتاییەکانی ١٩٣٠ کەڵکی لێ وەردەگیرا.

یەکێک لەو هۆیانەی بۆچی ئەو مێژوویە لێڵە ئەوەیە کە ئەوە هەمیشە بۆ لیبراڵەکان ئابڕووبەرانە بووە. پاساوهێناوەی فەڕانسەییەکان بۆ داوای دەسەڵات بناخەکەی بە شێوەیەکی لەرزۆک دەگەڕێتەوە بۆ مافە گەردوونییەکان. لە جەنگی جیهانیی دووهەم، پسپۆڕانی جوغرافیای سیاسی، وەک سپێکتێر لە چەند برگەی سەرسوڕهێنەردا، نیشانی داوە کە کەتوارگەرایی ئەمریکایی ناچار بوو مێژوویەکی نوێ بۆخۆی دروست بکا کە بە گوێرەی ئەو، خۆی وەک تیۆرییەکی خەیاڵیی جیا لە ڕەچەڵەکە ئیمپریالیستییەکەی ناساند.

سپێکتێر ئاڵمانخوازە. کتێبەکەی پێشووی ناوبراو ژیاننامەی ڕۆشنبیرانەی فەیلەسوفی قوتابخانەی فرانکفورت، یۆرگێن هابرماسە. بەتایبەتی بۆ بەردەنگێکی ئەمریکایی، گرێدانی ئەو جۆرە کەتوارگەراییەی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان کە لە زانکۆکانی ئەمریکادا بڵاو دەکرێتەوە بە بنەچەکە تاریکەکانی سەردەمی ئیمپریالیستی، دەستکەوتێکی ڕۆشنبیرانەی مەزنە. بەڵام ئەوە بە نرخی بەرتەسککردنەوەی ڕوانگەی مێژووییە. ئەگەر میرشایمەر کەسێکی ناوداری کەتوارگەرایی زلهێزە، کەوابوو بەرژەوەندییەکەی کەمتر لە هێنانە ژێر پرسیاری ئیمپریالیزمی سەدەی نۆزدەهەمدایە تا هێنانە ژێر پرسیاری هۆی دەستپێکی جەنگی جیهانیی لە ١٩١٤. بنەچەکەناسیی ڕۆشنبیرانەی کە ناوبراو ڕەچاوی دەکا لە پێش هەموو شتێک بەرهەمی ئاسەوارەکانی چەنگی جیهانیی یەکەم و هەوڵە بەژان و فرەنەتەوەییەکان بۆ تێگەیشتن لە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانی جولایە.

لەو باسەدا، ئاڵوێری ئاڵمانی–ئەمریکایی کە سپێکتێر جەختی لەسەر دەکاتەوە، بەشێک لە پاساو هێنانەوەی بەربڵاوترە کە کەسانی وەک مێژووناس ئی ئێچ کار و فەیلەسوف دۆڵدسوۆرت لۆوس دیکینسۆن لە بریتانیا و مێژووناسە چەپییەکانی پێوەندییەکانی نێونەتەوەیی وەک چارلز بیرد لە وڵاتە یەکگرتووەکان دەگرێتەوە. ئەمڕۆش هێشتا هاوهەستییەک لە نێوان کەتوارگەرای وەک میرشایمەر و چەپەکانی سیاسەتی دەرەوە، کە ڕێز لە لێدوانە بوێرانەکانی لۆژیکی دەسەڵاتی ئەو دەگرن، هەیە.

دەبێ دانی پێدا بنرێ کە هەڵوێستی ناوبراو تێگەیشتنی ڕاستەقینە پێشکەش دەکا. بەڕاستی، ئەگەرچی بە دەنگی بەرز نەگوتراوە، بۆچوونەکانی میرسهایمەر لەمەڕ قەیرانی ئۆکراین بە کردەوە دەگەڵ هی بەشێکی بەرچاو لە دەسەڵاتدارانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان هاوبەشە. بەڵێنی ئەندامەتیی ناتۆ کە لە بەڕێوەبەرایەتیی بوش لە ٢٠٠٨ باسی کرا، ئاکارێکی خۆ بەزلزانانە بوو. خۆراوا ئۆکراین پاشگوێ ناخا، بەڵام بە شێوەی سەربازیش دەستێوەردان ناکا. بەشێک لە تووڕەیی بەرانبەر بە میرشایمەر، تووڕەیی بەلاڕێدابراوی لیبراڵەکانە کە لەبەر ڕووڕاستیی خۆیان دان بە سنوورە ڕاستەقینەکانی تێوەگلانی خۆراوایی دادەنێن و هۆی باشیش بۆ ئەو سنوورانە هەن. بەرەوڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ دەگەڵ ڕووسیە شتێکە کە ناتۆ هەمیشە هەوڵی داوە خۆی لێ ببوێرێ. وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ پوتینی ڕوون کردەوە کە هیچ تێوەگلانێکی سەربازیی نابێ. گەیاندنی تەنگەتاوی چەکوچۆڵ تا ڕادەیەکی زۆر ئەو هێڵە لێڵ دەکا. ڕاگەیاندنی ناوچەی دژە فڕین هەڵەیەکی کوشندەیە.

بەڵام بۆ هەموو ئەوانە، بانگەشەی سەرکەوتنێکی ڕۆشنبیرانە بۆ کەتوارگەرایی میرشایمەر قەشمەرییە. بێگومان ئەو لەبارەی هۆیەکانی قەیرانەکە ڕاست دەکا. بەڵام ئەوە نابێ ببێتە هۆی جەنگ، وەک چۆن ئاماژە بە ئیمپریالیزم وەک شیکردنەوەیەکی شیاو بۆ هۆی دانی چەکی سپی لە لایەن قەیسەرەوە بە خەڵکی ئوتریش لە جولای ١٩١٤. مودێلی کەتوارگەرایی تا ڕادەیەکی زۆر لێڵە و لە تێگەیشتن لەو ئاڵوگۆڕە خاوەن چۆنایەتییە کە بە دوژمنایەتی دەستی پێ کرد ناسەرکەوتوویە.

سەرداری یەکەمی پرووسی، کارل ڤۆن کلاوسەویتز، ڕەنگبێ گوتبێتی جەنگ درێژەی سیاسەت بە ئامرازی دیکەیە. بەڵام ئەوە هێشتا ئەو پرسیارە بەرز دەکاتەوە کە بۆ کەسێک، زلهێز بێ یان نا، پەنا بۆ ئامرازێکی وەها بنەڕەتی و ترسناک ببا.

لە خودی مۆسکۆ، هیچکام لە دەسەڵاتدارە جیددییەکانی سیاسەتی دەرەوە، کە هەموویان لایەنگری ڕووسیەی داهاتوو وەک زلهێزن، بڕوایان نەدەکرد پوتین جەنگ دەست پێ بکا. ئەوان بڕوایان نەدەکرد، نەوەک لەبەر ئەوە کە لە لۆژیکی دەسەڵات تێناگەن، بەڵکو دەقاودەق لەبەر ئەوە کە لێی تێدەگەن. ئەوان هیچ هۆیەکی باشیان پێ شک نەدەهات کە بۆچی ڕووسیە پەنا بۆ ئامرازی جەنگی هەمە لایەنە ببا، بە هەموو مەترسییەکان، نادڵنیاییەکان و تێچووەکانیەوە. ڕووداوەکان دەیسەلمێنن ئەوان ڕاست بوون.

ڕەوشتیبوون و یاساییبوون هۆیەکانی دژایەتیی جەنگن. هۆیەکی دیکە ئەوەیە کە لانی کەم لە سەدەی ڕابردوودا، هەڵنەکەتووە کە ئاکامی هەبێ. بێجگە لە شەڕی ڕزگاریی نەتەوەیی، گەلێک دژوارە مرۆڤ بتوانێ ناوی تاکە جەنگێکی شەڕانشۆیانە لە ١٩١٤ بەولاوە بێنێ کە ئاکامێکی ڕوونی ئەرێنیی هەبووبێ. کەتوارگەراییەک کە لە دانپێدانان بەو ڕاستییە و ئاکامەکانی کە زۆربەی داڕێژەرانی سیاسەت لێیان وەرگرتوون ناسەرکەوتوو بێ، بۆ ئەوە نابێ باسی بکرێ.

ئەوە بەو مانایە نییە جنگ ناقەومێن. بەڵام گریمانەی داهاتوو وەک دووپاتبوونەوەی بێکۆتایی میلیتاریزمی پیداهەڵگوتراوی ١٩١٤، حاشاکردن لە هەر جۆرە توانایی فێربوونی گشتییە و هەڵەیە، بەتایبەتی لە سەردەمی چەکی ناوکیدا. وەک سپێکتێر لە هێندێک بەشی فرە وردبین لەمەڕ کەتوارگەرایی ئەمبەر–ئەوبەری ئاتلانتیک لە سەردەمی دوای جەنگ نیشانی دەدا، ڤییەتنام و چەکی ناوکی بوونە هۆی ئەوە کە کەتوارگەرا کلاسیکەکان هەڵوێستی وشیارانە بەرانبەر بە جەنگ بگرن، لەو پێوەندییەدا 'کەتوارگەرایی هێرشبەرانە'ی میرشایمەر، دەستەواژەیەکی سەردەمی دوای شەڕی سارد، ناوێکی پڕ بە پێستیەتی.

لەژێر ڕووناکایی مەترسییەکانی جەنگدا، مرۆڤ وەسوەسە دەبێ بڵێ بێتوو وتە هڵۆڵەکانی میرشایمەر لەمەڕ عەقڵانییەتی کێشەی زلهێزان بەڕاستی بیانوویان نەدا دەست پوتین بۆ داگیرکارییە کارەساتبارەکەی ڕووسیە، لەجیاتی ئەوەی میرسهایمەر خزمەت بە ڕووسیە بکا، ئەو چەکی نهێنی جبەخانەی خۆراوایە کە یارمەتیی دەکا تا پوتین پەلکێشی کارەساتێکی مەترسیداری سەر گاشەبەردەکانی ئەفغانستانێکی نوێ بکا. ئەگەر ئێمە بمانهەوێ بزانین لە کرێملین چی ڕووی دا، کە لەناکاو گەمژەیی تاوانکارانەی داگیرکاریی قەوما، پێویستیمان بە قسەی بێمانای دووڕێیانی ئاسایشیی زلهێزەکان نییە، بەڵکو پێویستیمان بە لێکۆڵینەوەیەکی چڕ لەمەڕ شکستێکی فرەمەزنی بڕیاردان و هەواڵگرییە. ئێمە پێویستە نەتەنیا لە ڕووسیە تێبگەین، بەڵکوو بە هەمان شێوە لە ئۆکراینیش، وڵاتێک کە فرە لاواز دەهاتە بەرچاو، بەڵام تا ئێستا توانیویەتی بە شێوەیەکی وەها کاریگەر بەرگریی بکا. لە سەرووی هەموو شتێکەوە، پێویستە ئێمە بەوە دەست پێ بکەین، دان بەوە دابنێین کە بۆ زۆربەی هەرە زۆری لێکۆڵەران، ئەو جەنگە بووە هۆی پەشۆکان، ئەویش هەستی ڕاستیی ئێمە پشتڕاست ناکاتەوە، بەڵکو دەیهێنێتە ژێر پرسیار.

ئەوە سەلمێنەری ئەو شتەیە کە ڕەچاوکردنی هەڵوێستێکی کەتوارگەرایانە بەرانبەر بە دنیا بەو مانایە نییە کە هەمیشە دەست بۆ تاقمە ئامرازی خاراوی باو بەرین، هەروەها بەو مانایەش نییە ویشکەبڕوا بین، بە شێوەیەک کە خۆمان تا هەتایە بەرانبەر بە زەوقوشەوقی لیبراڵ بەرهەڵستدار بکەین.

کەتەوارگەرایی، بێتوو بە جیددی وەرگیرێ، بیرکردنەوەی بێکۆتایی و ئالنگاریی هەستیاریی دەخوازێ. ئەو بە مانای خەباتی خولەک بە خولەک بۆ تێگەیشتن لە دنیایەکی پێچەڵپێچ و هەردەم لە گۆڕانە، کە بۆخۆمان تێیدا نوقم بووین، دنیایەک کە دەتوانین، تا ڕادەیەک، کارتێکەریمان لەسەری هەبێ و بیگۆڕین، بەڵام بەردەوام ئالنگاریی بۆ بەرژەوەندییەکانمان و پێناسەکانیان دروست دەکا. لەو خەباتەدا بۆ کەتوارگەرایی، ئەرکی بێکۆتایی پێناسەکردنی هەستیارانەی بەرژەوەندییەکان و هەوڵدان بۆ پاراستنیان بە باشترین شێوە و پەنابردن بۆ جەنگ، لەلایەن هەر لایەنێکەوە بێ، دەبێ بەو شێوەی کە هەیە دانی پێدا بنرێ. نابێ ببێتە پەرچەکرداری ئاسایی و عەقڵانی بۆ دۆخێکی دیاریکراو، بەڵام وەک ئاکارێکی بنەڕەتی، ترسناک و لێوڕێژ لە ئاسەواری ڕەوشتیی سەیر بکرێ. هەر بیرمەندێک یان سیاسەتوانێک کە لەبەر بێهەستیی یان بیرتەنگیی لە ڕادەبەدەر نەتوانێ بەرەوڕووی ئەو ڕاستییە تاڵە ببێتەوە، دەبێ بە هەمان شێوە هەڵسەنگێندرێ.

# ئاستەنگەکانی بەردەم وەدیهاتنی ئامانجەکانی ژنان



ئارەزوو نستانی

ناودێرکردنی ڕۆژێک لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە ناوی ڕۆژی جیهانیی ژن هەم دەتوانرێ وەک دەرفەتێک بۆ ژنان و هەمیش وەک ئاماژەیەک بۆ مافخوراوی و پەراوێزبوونی ژنان سەیر بکرێ. ئەو ناولێنانە دەرفەتێکە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و حاکمیەتی وڵاتان هەنگاوی کرداری بەرەو ڕەخساندنی دەرفەتەکانی بەردەم یەکسانیی ڕەگەزی بهاوێن و هەروەها داننانە بە ناهاوسەنگیی ڕەگەزی لە کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە تا ئەوکاتەی سنوورەکانی مافی هاووڵاتی بوون نەگەنە ئەو ئاستەی جیاوازیی ڕەگەزی لە کۆمەڵگەدا کۆتایی پێ بێ و یەکسانیی ڕاستەقینە بێتەدی، بزووتنەوەی ژنان بەردەوام دەبێ. هەربۆیە دەبینین سەرەڕای ئەوەی ژنان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا لە ئاستێکی بەرزدا لە حەوزە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکاندا بەشدارن، لە هەمان کاتدا تا ئێستاش ئەو بزاڤە بەردەوامە و لە بەرەوپێشچوون دایە.

بزووتنەوەی ژنان هەر لەو کاتەوە کە وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دەرکەوتوە، ئامانجی سیاسیشی هەبووە و ئەوەش دەتوانین بەئاشکرا لە داواکاریی مافی دەنگداندا ببینین کە لە قۆناغی جیاوازدا لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا سەری هەڵدا و بە ئەنجام گەیشت. کەواتە خەباتی ژنان خەباتێکی فرەڕەهەندە لە پێناو کۆتاییهێنان بە هەر چەشنە جیاکارییەکی ڕەگەزی و کورتکردنەوەی ئەو خەباتە لە چوارچێوەی مافە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکاندا، ستەمێکی ئاشکرای پیاوسالارانەیە دژی ژنان.

دۆخی ژنان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا نالەبار و مایەی نیگەرانییە. جیاکاریی سیستماتیک و پلانمەندی کۆماری ئیسلامی بە پشتبەستن بە ئایین و نەریتە باوەکان و بە گشتی ڕوانگەی ئیدئۆلۆژیکی دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ پرسی ژن، لە کۆسپە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی ڕوو لە گەشەی ژنان لە ئێران‌دان. ژنان سەرەڕای ئەو هەموو زەخت و فشارە کە هەم دەرەنجامی نەریتە کۆن و چەسپاوەکانی بنەماڵە و کۆمەڵگەن و هەم بەرهەمی سیاسەتە دژە ژنەکانی کۆماری ئیسلامین، لەپێناو گەیشتن بە مافە ڕەوا و سروشتییەکانیان لە خەبات بەردەوامن و لەو پێناوەشدا قوربانی دەدەن.

بزاڤی ڕوو لە گەشەی ژنان بە هێنانەگۆڕی مێتۆدی نوێ و بەربەرەکانیی واتادار دژی جیاکاریی ڕەگەزی، بە ئازایەتییەکی کەموێنە و لە هەمان کاتدا پڕتێچوو، سەنگەری بۆ بەرەنگاربوونەوەی هۆکارەکانی چەوسانەوەی ژنان گرتوە. سەرسەختیی ژنان لە خەباتی مافخوازانە وای‌کردوە لەگەڵ سەرکوت و فشاری بەردەوامی ناوەندە ئەمنی و عەقیدەتییەکان بەرەوڕوو بن. بێگومان ئەو سەرکوتە لە لایەک دەرخەری سروشتی دژەژنی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییە و لەلایەکی تر ئاماژەیە بۆ کاریگەری و شوێندارنەریی خەباتی ژنان لە کۆمەڵگەدا کە ناتەبایە لەگەڵ بنەماکانی ئیدئۆلۆژیی دەسەڵات.

هەرچەند لە ئامانجەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەی پایەدار لە کۆماری ئیسلامیدا، یەکسانیی ڕەگەزی و وەدیهێنانی خواستەکانی ژنان تاڕادەیەکی زۆر گونجێنراوە، بەڵام بە ئاوڕدانەوە لە سروشتی دژەژنی کۆماری ئیسلامی ئاشکرایە کە لە سێبەری ئەو دەسەڵاتەدا ئەو ئامانجانە دەرفەتی وەدیهاتنیان نییە.

لە کوردستاندا کە پەیوەندیی دەسەڵات و هاووڵاتی لە قەیرانێکی قووڵ و مێژوویی دایە و ستەمی نەتەوەییش لە پەنا نایەکسانیی ڕەگەزی پەیڕەو دەکرێ، ژنان لە دۆخێکی کارەساتبارتر دان. هەر چەند کولتوور و داب و نەریتی زاڵ بەسەر کۆمەڵگەی کوردستاندا هەلومەرجێکی دژواریان بۆ ژنان پێکهێناوە، بەڵام ڕوانینی حاکمییەت بۆ ژنی کورد هەم بە هۆی ژن بوون و هەم بەهۆی کوردبوونەوە، بوونەتە هۆی ئەوەی ژنانی کورد لە دۆخێکی زۆر خراپتر لە ژنانی گەلانی دیکەی ئێراندا بن.

پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دیاردەکانی ژنکوژی و قەتڵی ناموسی لە ڕیزی سەرەوەی پارێزگانی ئێران‌دان. ئەوەش تا ڕادەیەکی زۆر بەرهەمی پەراوێزخراویی کوردستان و دۆخی نالەباری ئابووری و پەروەردەیی و هەروەها سیاسەتی جیاکاریی نەتەوەییە کە لە لایەن دەوڵەتەوە پەیڕەو دەکرێن. لەگەڵ ئەوەشدا چوونەسەری ئاستی وشیاریی ڕەگەزی و شوناسخوازیی نەتەوەیی ژنانی کورد، بزووتنەوەیەکی پێشکەوتووی ژنانی لێکەوتۆتەوە کە هاوکات لەگەڵ هێنانە ئارای خواستە هاوبەشەکانی ژنانی سەراسەری ئێران، بوونەتە بەشێکی چالاک و کارا لە بزووتنەوەی نەتەوەیی. زیاترین ژنی سیاسیی زیندانی لە ئێراندا کوردن، کە ئەوەش نیشانەی بوێری و ئازایەتیی ژنی کوردە لە مەیدانی خەباتی ڕزگاریخوازیی ڕەگەزی و نەتەوەییدا.

حیزبی دیمۆکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە پێیوابووە پەیوەستبوونی هێزی ژنان بە بزووتنەوەی نەتەوەیی، گەرەنتیی سەرکەوتنی خەباتی گەلی کورد دەکا و بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵی داوە بە بەرفراوانکردنی مەیدانی کار و ژیانی ژنان لە بنەماڵەوە بۆ جومگە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، لە قوتابخانەوە بگرە تا کاری ڕێکخراوەیی و بواری جۆراوجۆری تر ئەو متمانەبەخۆ بوونە لەنێو ژناندا بەهێز بکا تا بتوانن مۆرکی خۆیان لە هەموو حەوزەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بدەن. لە هەمان کاتدا نابێ ئەو ڕاستیەش لەبیر بکەین کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە گشتی نەیتوانیوە ڕەساڵەتی مێژوویی خۆی لە ڕزگارکردنی زەینیی مرۆڤی کورد لە ژێردەستەیی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەجێ بگەیەنێ و ئەو واقعییەتەش بۆ ژنی کورد لە ئارا دایە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان هەمیشە پشتیوانی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان بووە و خۆی بەرانبەر ستەمی ڕەگەزی لە کۆمەڵگەدا بە بەرپرسیار زانیوە. بە باوەڕی ئێمە پۆتانسیەلێکی گەورە لە ژناندا هەیە کە پێویستە بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بخرێتە گەڕ و ئەوەش بەدی نایە مەگەر بە چاکسازی لە سیستەمی پەروەردە و ڕێکخستنەوەی کۆمەڵایەتی لە ڕێگای دامەزراوە حکومی و ناحکومییەکانەوە.

# سیاسەتی زمانی لە حیزبی دێموکراتدا

## (٢-٢)



قادر وریا

**ئاماژە: ئەم باسە لە سمینارێک بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک پێشکێش کراوە. ژمارەی پێش بەشی یەکەمی باسەکە بڵاوکرایەوە و ئێستا بەشی دووهەم و کۆتایی باسەکە خراوەتە بەرچاو.**

***

### هەڵوێست بەرامبەر دڵسۆزانی بواری زمان لە نێوخۆی کوردستاندا

بوارێکی دیکە بۆ هەڵسەنگاندنی سیاسەتی زمانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەڵسوکەوتی ئەو حیزبە لەگەڵ کەسانێک بووەکە لە نێوخۆی ئێران و لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خزمەتی زمانی کوردییان کردوە. ئەگەر کەسێک سەیری ئەدەبیاتی حیزب بکا، ئەو ئەدەبیاتەی بە نووسین و بە شێوەی زارەکی هەیەتی (ڕۆژنامەی کوردستان، گۆڤارەکانی، ڕادیۆ، تەلەڤیزیۆن، بەیاننامە و هەڵوێستەکانی)، هەروەها سیاسەتی ئەو حیزبە لە کردەوەدا، بۆی دەردەکەوێ کە حیزبی دێموکرات بەردەوام خەڵکی هان داوە گرنگی بە زمانی خۆیان بدەن، بە زمانی خۆیان بدوێن، بنووسن و بخوێننەوە. ئەو کەسانەی تواناییان هەیە و دەتوانن کاری فەرهەنگنووسی بکەن، وشەی کوردی کۆ بکەنەوە، توێژینەوە لەسەر زمان بکەن، دڵگەرمیی پێداون و پشتی گرتوون. بە زۆر شێوەی جۆراوجۆری دیکە، خەڵکی کوردستان هان دراوە بۆ ئەوەی دڵسۆزی زمانەکەی خۆیان بن و بەرگریی لێ بکەن. ئەو ڕاستییەی لەگەڵ باس کردوون کە کاتێک دوژمنەکەتان هەوڵ دەدا زمانەکەتان لێ بستێنێتەوە و بیسڕێتەوە و نەیەڵێ گەشە بکا، ئەوە بۆ خۆتان دەبێ بە گیان و دڵ خەم لە زمانەکەتان بخۆن و بیپارێزن.

حیزبی دێموکرات لەم بارەیەوە نەتەنیا غافڵ نەبووە، بەڵکوو هەمیشە پشتیوان بووە، هەمیشە ڕێنوێن و هاندەر بووە. دەتوانم بڵێم هەڵسوکەوتی حیزب بە جۆرێک بووە کە ئەو کەسانەی لە نێوخۆی وڵات خزمەتی زمانی کوردییان کردوە (جا بە فێربوون و فێرکردنی زمانەکە بووە، بەکارهێنانی زمانی کوردی لە نووسین و وەرگێڕاندا بووە، شێعریان پێ هۆندۆتەوە، چیرۆک و ڕۆمانیان پێ نووسیوە، توێژینەوەیان لەبارەی کردوە، فەرهەنگی زمانی کوردییان ئامادە کردوە و هتد) هەستیان بەو پەڕی ڕێزلێگران لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە کردوە. ئەو هەستەیان تێدا پێک هاتوە کە ڕێز و نرخیان لای ئەو حیزبە لەگەڵ پێشمەرگە و تێکۆشەرێکی حیزب کە تەمەنی خۆی بۆ خەبات و تێکۆشان لە شاخ و چیا و دەربەدەری تەرخان کردوە، کەمتر نییە.

ئەو گرنگییەی لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە بەوان دراوە، ئەو ڕێزەی لەوان گیراوە، ئەو ستایشەی حیزبی دێموکرات بۆ ئەوان و بۆ زەحمەتەکانی ئەوانی هەبووە، هەر بەو جۆرەیە کە بۆ تێکۆشەرێکی لەمێژینەی خۆی هەیبووە. چونکە کارەکەیان و خزمەتەکەیانی بە گرنگ زانیوە. بۆخۆم لەو باوەڕەدام ئەم جۆرە ڕێزلێگرتن و پێزانینەی حیزبی دێموکرات، کاریگەریی یەکجار زۆری هەبووە لەسەر وشیاریی نەتەوایەتی و وشیاریی زمانیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گرنگیدانیان بە زمان و ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان و بەرگری لێ‌کردنیان.

### خوێندن بە کوردی لە قوتابخانە لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی حیزبی دێموکراتدا

بوارێکی دیکە کە ڕوانین و سیاسەتی حیزبی دێموکرات لەبارەی زمانی کوردی نیشان دەدا، ئەو سەردەم و قۆناغانەیە کە حیزبی دێموکرات لە دەسەڵاتدا بووە. حیزبی دێموکرات هەر کات دەرفەتی بۆ هەڵکەوتووە، لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا، زمانی کوردیی کردوە بە زمانی خوێندن لە قوتابخانە.

### ئەلف: دەرفەتی یەکەم، سەردەمی کۆماری کوردستان

لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا دوو قۆناغی وامان هەیە، یەکیان سەردەمی کۆماری کوردستانە، کە بۆ یەکەم جار زمانی کوردی لە کۆماری کوردستان‌دا دەکرێ بە زمانی ڕەسمی، دەکرێ بە زمانی خوێندن، دەبێتە زمانی ڕۆژنامەنووسی، دەبێتە زمانی پێشمەرگایەتی، دەبێتە زمانی کاری دادوەری، دەبێتە زمانی هەموو بوارەکان. یانی هیچ بوارێک لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان‌دا نییە کە زمانەکەی زمانی کوردی نەبێ. هەروەک لە سەرەتاوەش ئاماژەم پێ کرد، حیزبی دێموکرات لە ڕۆژی دامەزرانیەوە، ڕێزی لە مافە زمانی و کولتوورییەکانی کەمایەتییە نەتەوایەتییەکانی کوردستان گرتوە و بە ڕەسمیی ناسیون. هەوڵی داوە ئەوانیش لە کوردستان ئەو مافەیان هەبێ بە زمانی خۆیان بخوێنن، ئەو مافەشی بۆ دابین کردوون.

ئەو دەورانە (سەردەمی کۆماری کوردستان) بەداخەوە زۆر کورتخایەن بووە. لەگەڵ ئەوەی هەوڵ دراوە کە کتێبی کوردی بۆ خوێندن لە قوتابخانەکان چاپ بکەن، بەڵام تا کتێب چاپ دەبێ و دەگاتە دەست قوتابیانی کورد، بەداخەوە کۆمار دەگاتە دوا ڕۆژەکانی تەمەنی. ئەو سەردەم گرنگیدان بە زمانی کوردی و خوێندن بەو زمانە تا ئەو ڕادەیە بووە کە هەوڵ دراوە لە باشووری کوردستانەوە کەسانێک کە شارەزا بوون، ئەزموونیان لە خوێندن بە زمانی کوردی و مامۆستایەتی بە زمانی کوردی هەبووە، باوەشیان بۆ بکرێتەوە و کاریان پێ بسپێردرێ. لە کۆماری کوردستاندا خوێندنی منداڵان ئیجباری بووە. کۆمار هەوڵی داوە بۆ ئەو منداڵانەی دەخوێنن جلوبەرگ و پێداویستییەکانی خوێندن دابین بکا. دیارە بەداخەوە ئەو دەورانە زۆر کورت بووە و حیزبی دێموکرات و کۆمار فریا ناکەون کە ئەو ئامانجانەی هەیانبووە جێبەجێیان بکەن. بەو حاڵەش خزمەتەکانی ئەو سەردەمەی کۆماری کوردستان بە زمانی کوردی، کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر تاکەکانی کۆمەڵ بەجێ دێڵن و شوێنەواری ئەو کاریگەرییە لە ژیانی داهاتوویاندا خۆ دەنوێنێ.

### ب: دەرفەتی دووهەم، سەردەمی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧

جاری دووهەم کە حیزبی دێموکرات دەرفەتی بۆ دەرەخسێ جارێکی دیکە زمانی کوردی لە کۆمەڵی کوردستان بکاتەوە خاوەنی جێگە و پێگەی شیاوی خۆی، لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانە. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، دەسەڵاتی تازە بەرەوڕووی داخوازەکانی گەلی کورد و هێزە سیاسییەکانی کوردستان دەبێتەوە. لە پێشەوی ئەو هێزانەش، حیزبی دێموکراتە کە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد بەرەوڕووی ڕێژیمی تازە دەکاتەوە. بەڵام بەداخەوە ئەو داخوازانە نەتەنیا ڕێزیان لێ ناگیرێ، نەتەنیا جێبەجێ ناکرێن، بەڵکوو بە سەرکوت و لەشکرکێشی وڵامیان دەدرێتەوە. لێرەدایە کە خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکان بە تایبەتی حیزبی دێموکرات، بەرامبەر بە دەسەڵاتی تازە ڕادەوەستن، بەرگری لەو ناوچانە دەکەن کە ئازادن و بە دەست خەڵکەوەن.

دەسەڵاتی تازە بۆ ئەوەی تۆڵەی لەو خەڵکە ستاندبێتەوە کە تەسلیمی نەبوون و چەکەکانیان ڕادەست نەکردۆتەوە و ئامادە نەبوون دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی قبووڵ بکەن، گەمارۆ دەخاتە سەر کوردستان؛ گەمارۆی ئابووری، فەرهەنگی، دەرمانی و... هتد. واتە شانبەشانی لەشکرکێشی، شەڕفرۆشی و پیلانگێڕی، گەمارۆش دەخاتە سەر خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی بەچۆک دابێن. یەکێک لە ئاسەوارەکانی ئەو گەمارۆیانە ئەوە بوو کە لەو شار و ناوچانەی بە دەست حیزبی دێموکرات و خەڵکەوە بوون، کاروباری ئیدارەی "ئاموزش و پەروەرش" (پەروردە و فێرکردن) ڕادەگیرێ و دادەخرێ. کارمەندان و مامۆستایانی ئەو ئیدارەیە حقووقیان پێ نادرێ، هیچ ئیمکاناتێک بۆ قوتابخانەکان تەرخان ناکرێ، لەڕاستیدا "پەروەردە و فێرکردن" هەڵدەوەشێندرێتەوە و هەڵدەپەسێردرێ. لێرەدایە کە حیزبی دێموکرات قۆڵ لە کردنەوەی قوتابخانەکان و خوێندن بە زمانی کوردی هەڵدەماڵێ. دیارە بیرۆکەی دابینکردنی کتێبی کوردی بۆ خوێندن لە قوتابخانە هەر لە یەکەم مانگەکانی هەلومەرجی تازە لەنێو ڕێبەریی حیزبدا هەبوو و پێشتر ژمارەیەک کەسی بەئەزموون و شارەزا بۆ ئامادەکردنی ڕادەسپێرێ.

ساڵی خوێندنی ١٣٦٠-١٣٥٩(١٩٨١-١٩٨٠) بە هەر جۆرێک بووە دۆخەکە بەڕێ دەکرێ، لە هێندێک شار و ناوچە بە ئیبتکاراتی حیزب و تەشویقی مامۆستایان خوێندن هەر بەردەوام دەبێ، بەڵام لە سەرەتای ساڵی ١٣٦٠ حیزبی دێموکرات کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەریی کوردستان پێک دێنێ. هاوکات لە هەوڵی ئەوەشدا دەبێ کە کتێبی کوردی بۆ خوێندن لە قوتابخانەکان ئامادە و چاپ بکا. بانگەواز بڵاو دەکاتەوە و بە سەدان کچ و کوڕی لاوی خوێندەوار دەعوەت دەکا بۆ ئەوەی بێن لە کۆڕی پەروردە و فێرکردندا بەشدار بن. لەو خولانەی کە ئەو سەردەم بۆ پەروردەکردنی مامۆستا پێک هاتن، سەدان کەس هەر لە ناوچەی ورمێ‌وە هەتا دەگاتە هەورامان، بەشدار بوون. کەسانێک بە هەست و دڵگەرمییەکی بێ‌وێنەوە وەکوو مامۆستای شۆڕش دێن هەتا فێری مامۆستایەتی بن و بۆ ئەو مەبەستە ئامادە بکرێن. لەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددابوون، قوتابخانە و خوێندن بە زمانی کوردی دەکرێتەوە.

لێرەدا ئاماژە بە ئامارێک دەکەم کە کاتی خۆی من لە زیندەیاد کاک محەممەدڕەسووڵ حەسەن‌پوور وەرم گرتوە. کاک حەمەڕەسووڵی نەمر زەمانی شای وێڕای ئەوەی کە بە نهێنی ئەندامی کۆمیتە ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، لە ئێران مامۆستاش بوو، لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشیش ڕۆڵی دیاری هەبووە لە کاروباری فێرکردن و کۆڕی پەروردەی حیزبدا. ئامارەکە پێوەندیی بە ساڵی خوێندنی ١٣٦١-١٣٦٢(١٩٨٢-١٩٨٣)ەوە هەیە. لەو ساڵەدا کۆڕی پەروەردە و فێرکردن سەرجەم ٢٦١ قوتابخانەی سەرەتایی بەڕێوە بردوە، ٢٩٠٣ قوتابیی هەبووە کە لە پۆلی یەک تا پێنج خوێندوویانە. ٢٠١ مامۆستای سەرەتایی هەبووە. ٦٢ قوتابخانەی ناوەندی(پۆلی یەک هەتا سێ)ی هەبووە کە لە ٨١٠ قوتابی و ٦٣ مامۆستا پێک هاتوون.

ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٢ (ژانویە-فێوریەی ١٩٨٤) لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی شەشەمیشدا باسی ئەوە کراوە کە بەشی پەروردەکردن پێش هێرشی ئەو ساڵە، ٢٥٠ مەدرەسەی ئیدارە دەکرد کە ٨٠٠٠ شاگردیان هەبووە.

مامۆستایانی شۆڕش بە یارمەتییەکی کەم، هەر ئەو یارمەتییە کە حیزب داویەتی بە پێشمەرگە، خزمەتیان کردوە. قوتابخانەکانی کۆڕی پەروەردە و فێرکردن، بە "قوتابخانەی شۆڕش" و مامۆستایانی ئەو قوتابخانانەش بە ناوی "مامۆستایانی شۆڕش"، بە ناوبانگ بوون. شتێکی دیکە کە بەجێیە لەو پێوەندییەدا باسی بکەم، کتێبە دەرسییەکانی کۆڕی پەروەردەیە. ئەوکات کۆمەڵێک کتێبی دەرسی بە زمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەم و دووهەمی سەرەتایی، چاپ بوون. ناوەکانیان بەو جۆرە بوو: ١-"خوێندنی کوردی" بۆ پۆلی یەکی سەرەتایی، ٢-"زانستی ئەزموونی" بۆ پۆلی یەکی سەرەتایی. ٣-"ئەژمێر" بۆ پۆلی یەکی سەرەتایی. هەر بەو ناوانەوە ٣ کتێب بۆ پۆلی دوویەمی سەرەتایی چاپ بوون. هەروەها کتێبی "ژیان و خەبات" هەبوو کە تایبەت بوو بە گەورە ساڵان، گەورەساڵانێک کە نەخوێندەوار بوون و دەیانەویست بە زمانی کوردی فێری خوێندەواری بن. کتێبێکیش هەبوو بە ناوی "ڕێنوێنی مامۆستا"، کە شێوازی وانەوتنەوەی نیشانی ئەو مامۆستایانە دەدا کە "ژیان و خەبات"یان بە دەرس دەکوتەوە.

بەگشتی لە ساڵی ساڵی ١٣٦٠ەوە، تا دەگەینە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٦٣، لە هەر جێگایەک ناوچەی ئازاد بە دەست حیزبی دێموکراتەوە بووە، قوتابخانەی شۆڕشیش هەبووە، مامۆستای شۆڕش ئەرکی خوێندن بە زمانی کوردیی بەڕێوە بردوە. دواتر کە ناوچەی ئازاد لە دەست حیزبی دێموکرات و هێزی پێشمەرگەدا نامێنێ و هێزەکانی پێشمەرگە و بنەماڵەی خەباتکارانی حیزبی دێموکرات لەسەر سنوورەکان دەگیرسێنەوە، کار و ئەرکی کۆڕی پەروردە و فێرکردن، لەو گوندانە کە بە دەست حیزبی دێموکراتەوە بوون درێژەی هەبووە. هەتا ئەو سەردەمەی کە ئێمە دێینە قووڵایی خاکی باشووری کوردستان و، قوتابخانەکانی ئێمە دەکەونە ژێر سەیتەرەی سیستەمی پەروردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان، کاری پەروردە و فێرکردن لە لایەن "کۆڕی پەروەردە" هەر درێژەی هەبووە. ئەو دامەزراوەیە توانیویەتی لە پەروردە و فێرکردنی منداڵانی بنەماڵە حیزبییەکان و ئەو بنەماڵە ڕۆژهەڵاتیانەی لەسەر سنوورەکان و لە تەنیشت حیزبی دێموکرات گیرسابوونەوە، بەردەوام بێ.

کوردستان
ژمارە: ٨١٩
٢٩ی ڕەشەمەی ١٤٠٠ _ ٢٠ی مارسی ٢٠٢٢

**ئەنجام:**

وەک دەبینین حیزبی دێموکرات بە درێژایی مێژووی خۆی و لە هەموو بوارەکاندا گرنگیی داوە بە زمانی کوردی. ئەم گرنگیدانەش لەو تێگەیشتنەوە دێ کە ئەم حیزبە، کوردی وەک نەتەوەیەک و، زمانی وەک فاکتۆرێکی زۆر گرینگ لە ناسنامەی ئەو نەتەوەیەدا سەیر کردوە. وای بیر کردۆتەوە کە هەتا پتر گرنگی بە زمان بدەین پتر ئەو وشیارییەمان دەبێ بۆ نەتەوەکەمان خەبات بکەین و شوناسە نەتەوەییەکەی خۆمان بپارێزین. ئاکامی گرتنەبەر و بەردەوامبوون لەسەر ئەو سیاسەتە زمانییەش، زیندووبوونی پرسی زمان لە کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە سەرەوەبوونی وشیاریی زمانی لەو بەشەی کوردستان و، وەرێکەوتنی بزووتنەوەیەکی ڕووڵەگەشەی ناسنامەخوازی و ناسنامەپارێزییە کە بەرگری لە زمان لەڕیزی هەرە پێشەوەی ئامانەجەکان و داواکانی دایە.

دەگەیەنێ. بەڵام ڕوانین بۆ زمان و نەتەوە و چاوەڕوانیی ئاخێوەرانی دیالێکتەکان، ئێستا هەم لە ئاستی جیهان و هەم لە ئاستی کوردستاندا، هەروەها زۆر فاکتەری دیکە ئەوەندە گۆڕانیان بە سەردا هاتووە کە بە بڕوای من ئەم بۆچوونە باو و نەریتییەی ئێمە، ئێستا ناتوانێ وڵامدەر بێ. لەگەڵ زۆر لە چالاکانی کولتووری و زمانەوانانی سەر بە ئاخێوەرانی دیالێکتە جیاوازەکانی کوردی کە قسە دەکەی، لە بارەی زمانی ستانداردی کوردی بەو جۆرە بیر ناکەنەوە کە من و تۆ بیری لێ دەکەینەوە. ئەگەر سەردەمێک بۆ پێشگرتن لە پەرتەوازە و بەش بەشبوونی نەتەوەی کورد بە سەر زارەکاندا، زمانێکی ستاندارد بۆ هەمووان بە ڕێگەچارە و هەوێنی لێک کۆکردنەوە دەزانرا، ئێستا ئەوە دەبینین پێداگری لە سەر دیالێکتێکی دیاریکراو وەک زمانی ستاندارد و ناچارکردنی ئاخێوەرانی زارەکانی دیکە بە خوێندن و نووسین بەو دیالێکتە، خەریکە دەبێتە هۆی بەشبەشبوون




**ڕاسپاردەکان:**

لە کۆتایی و لە ژێر ڕووناکایی ئەو باسەدا کە پێشکەشم کردن دەمەوێ چەند خاڵێک وەک پێشنیار و ڕاسپاردە باس بکەم:

یەکەم، وەک حیزبی دێموکرات پێویستە بایەخ بە سامانی زمانیمان بدەین. ئەو مێژووەی لە بواری پەروەردە و فێرکردن بە زمانی کوردی، بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی بەو زمانە و هەوڵەکانمان بۆ خزمەتی زمانی کوردی هەمانە، سامانی زمانیی ئێمەن. سامانێکی زمانیی دەوڵەمەندمان چ بە شێوەی نووسراو چ بە شێوەی زارەکی هەیە. خاڵی جێگەی هەڵوێستە لەسەر کردن ئەوەیە کە زۆر کەم کاری پێویستمان لەسەر ئەو سامانە کردوە.

گرینگە ئەو سامانەمان وەکوو ئارشیڤ بپارێزین، ڕێکوپێکی بکەین، ناتەواوییەکانی پڕ بکەینەوە، بیانخەینە بەردەستی توێژەران و کەسانێک کە حەز دەکەن توێژینەوەیان لەسەر بکەن. ئەو کارەی ئەمساڵ کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کردی (بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکراتی لە دوو بەرگدا چاپ کردەوە) کارێکی زۆر بەنرخ بوو. ئێمە ئەگەر بتوانین بەشێک لە ئیمکاناتی ماددی و مەعنەویی خۆمانی بۆ تەرخان کەین، زۆر شتی وامان هەیە. بۆ وێنە ئەوەی کۆڕی پەروەردە و فێرکردن و حیزبی دێموکرات بە گشتی لە بواری زمانی کوردید کردوویانە، دەتوانن هەوێنی زۆر توێژینەوە و کاری دۆکیۆمێنتی بن. لەو بوارەدا حیزبی دێموکرات سامانێکی زۆری هەیە، بەڵام دەبێ کاری توێژینەوەی لەسەر بکرێ و ئەوەش کاتێک دەکرێ کە بەڵگەنامەکان بخەینە بەر دەستی کەسانێک کە شارەزان.

دووهەم، لە ڕووی ڕوانینمان بۆ زمان بەڕاستی دەبێ خۆمان نوێ کەینەوە. ئەگەر تێکەڵاوییەکی زۆرمان لەگەڵ باسەکان و کۆڕ و کۆبوونەوە زمانەوانییەکان هەبێ، ئەگەر لەگەڵ خەڵکی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و ئاخێوەرانی دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی تێکەڵاو بین، بۆمان دەردەکەوێ کە خوێندنەوە و چاوەڕوانیی ئەوان لەبارەی مافە زمانییەکانیان و جێگە و پێگەی دیالێکتی خۆیان، جیاوازە لە خوێندنەوە و تێگەیشتنێک کە ئێمە لە کۆنەوە پێی گەیشتووین. لەنێو حیزبی دێموکرات و لە دەرەوەی حیزبیش، ساڵانێکی زۆر بەو دیدەوە سەیری زمانمان کردوە کە نەتەوە وا دروست دەبێ کە یەک زمانی ستانداردی هەبێ. پێمان وابووە ئەگەر هەر دیالێکتێک پێی بخوێندرێ و پێی بنووسرێ، دەبینە چەند نەتەوە و ئەوە زیان بە یەکیەتیی نەتەوەییمان و لێک دوورکەوتنەوە. دیارە من کە دەڵێم پێویستە خوێندنەوەیەکی نوێمان لەو بارەوە هەبێ، ڕێگەچارەیەکی دیاریکراوم پێ نییە. بەڵام لەو باوەڕەدام حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکەی کوردستان دەبێ نیگەرانی و قسەی ئەوانەش کە بە دیالێکتی جۆراوجۆر قسە دەکەن و نایانەوێ لە سۆنگەی زاڵبوونی یەک دیالێکت وەک زمانی ستاندارد، دیالێکتی ئەوان پەراوێز بخرێ، ببیستن. بۆ وێنە ئەوان دەڵێن زمانی کوردی کامەیە؟ دیالێکتی کرمانجیی نێوەڕاستە؟ یان هەموو دیالێکتەکان بەشێکن لە زمانی کوردی؟ ئەگەر هەمووان زمانی کوردین، ئەدی لە کوێدا کاریان پێ دەکرێ و چ سوودێکیان لێ وەردەگیرێ؟ لە خوێندندا؟ لە نووسیندا؟ لە ڕۆژنامەنووسیدا؟ چۆن سەیریان دەکرێ؟

بیستنی ئەم جۆرە نیگەرانی و پرسیارانە، وادەکا ئێمە بە دیدێکی کراوەتر بەرەو داهاتوو بچین. ئەگەر نامانەوێ نەتەوەکەمان پەرتەوازە بێ، دەبێ دیالۆگ و لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتن هەبێ. بە زۆر و زۆرداری بتەوێ دیالێکتێکیان بەسەردا زاڵ بکەی و بڵێی تۆ دەبێ پێڕەویی لێ بکەی، ئاکامەکەی ئەوە دەبێ کە خۆی لە تۆ هەڵداوێرێ و وەدوای دیالێکتەکەی خۆی دەکەوێ و لە بڕیاری گشتیدا لەگەڵت نابێ. ئەوەشمان لە بیر بێ کە دەوڵەت و لایەنی وا هەن کەلک لەو جۆرە کەلێنانە وەردەگرن و بۆ مەبەستی خۆیان دەیانقۆزنەوە.

من قبووڵمە کە ڕەنگە هەموو داوا و چاوەڕوانییەک لەم پێوەندییەدا لە جێی خۆیدا نەبێ. بۆ وێنە سبەینێ بتەوێ لە ئێرانێکی فیدڕاڵدا، پووڵ یا تەمر یا پاسپۆرت چاپ بکەی و بتهەوێ زمانی پێکهاتە نەتەوەییەکانی ئێران لەواندا دیار بن، ڕەنگە بکرێ بە ٥ تا ٦ زمانی نەتەوەکانی نێو ئێران لەسەریان بنووسرێ. بەڵام ئەگەر هەر زمانێک پێنج یا شەش یا زیاتر دیالێکتی هەبێ و هەر ٣٠ -٣٦ دیالێکت بیانەوێ پێیان بخوێندرێ، یا لە پووڵ و پاسپۆرتدا، ڕەنگدانەوەیان هەبێ، شتی وا ناگونجێ. یا ئەگەر کەسێکی بیانی بیهەوێ زمانی کوردی فێر بێ، خۆ ناتوانێ هەموو دیالێکتەکان فێر بێ، دەبێ زمانە ستانداردەکە فێر بێ. بێگومان بۆ داهاتوو دەبێ ساغ ببینەوە لە کوێدا زمانی ستاندارد بەکار دێنین و پرسی زمانی ستانداردیش دەبێ بە جۆرێک چارەسەر بکەین کە ببێتە هەوێنی یەکگرتووییمان و دیالێکتەکانی دیکە هەست بە پەراویزخران و وەلانران نەکەن. من ئەو بۆچوونەم لە هێندێکیان بیستوە و لێم خوێندوونەوە دەڵێن ئێمە وەک کورد ئەوە بە سیاسەتێکی سەرکوتکەرانە دەزانین کە لە وڵاتێکی چەند زمانیدا، تەنیا یەک زمان حاکم بێ و ڕەسمییەتی هەبێ، بەڵام ڕێگە دەدەین لە چوارچێوەی زمانێکدا، تەنیا دیالێکتێک دیار بێت، زاڵ بێت، پێی بخوێندرێ و ئەوانی دیکە پەراوێز بخرێن. ئەگەر هەر زمانێک، سامانێکی کولتووریی گەورەیە، هەر دیالێکتێکیش سامانێکی کولتووریی گەورەیە و نابێ لەنێو بچێ. ئەو باسە لەنێو ئێمەدا بەکەمی کراوە و کەمتر گوێی پێ دراوە. بەڵام ئەوە کێشەیەکە لە داهاتوو حیزبی کوردی و بزووتنەوەی کوردی و دەسەڵاتی کوردی بەرەوڕووی دەبێتەوە و هەر ئێستاش بەرەوڕووی بووەتەوە. ناکرێ هەر بەو تێگەیشتنەی ڕابردوو ئەو پرسە چارەسەر بکەین. ئێمە وەک حیزبی دێموکرات لەو بارەوە دەبێ کراوە بین و بواری دیالۆگ و لێکتێگەیشتنێکی نوێ بڕەخسێنین. دووبارەی دەکەمەوە من ڕێگەچارەیەکی دیاریکراو ناخەمەڕوو. بەڵام پێموایە پێویستە واقیعی نەتەوە و زمانەکەی خۆمان ببینین. ئەوە کە لە چوار پارچەی کوردستان تەنیا لە یەکێکیان زمانی کوردی بەڕەسمی ناسراوە، ئەوە کە زمانی کوردی هەتا ئێستاش بە چەند ئەلفوبێ دەنووسرێ، ئەوە کە پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی و گشتگیربوونی ئیمکاناتی پێوەندی، دەرووی تازەی سەرەڕای پێناخۆشبوون و دژایەتیی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان، بۆ هەناسەهەڵکێشانی زمانی کوردیی کردۆتەوە، دەبێ وامان لێ بکا خوێندنەوەیەکی نوێمان بۆ کێشە و پرسە زمانییەکانمان هەبێ.

سێیەم، یەکێک لەو هەنگاوانەی وەک تێکۆشەرێکی حیزبی دێموکرات و وەک تاکێکی کورد پێویستە هەڵی بگرین، ئەوەیە دیالێکتەکانی دیکەی زمانی کوردی، لانیکەم هەر کامێکمان یەکێکیان فێر بین. خۆمان فێر کەین بە ئەلفوبێیەکەی دیکەش(ئەلفوبێی لاتینی) زمانی کوردی بخوێنینەوە. ئەگەر لەگەڵ ئاخێوەرانی دیالێکتەکانی دیکەی زمانی کوردی لێک تێ بگەین، بتوانین ئەدەبیاتی یەکتر بخوێنینەوە، دیوارێکی ئەستوور لە نێوانماندا پێک نایە و ئەو کەلێنەی جیاوازیی دیالێکت و ئەلفوبێ لە نێوانماندا دروستی کردووە، کەمتر دەبێتەوە و زۆر باشتر دەتوانین دیالۆگ بکەین و بە لێک تێگەیشتن بەرەو دروستکردنی داهاتوویەکی هاوبەش بچین.

چوارەم، سیاسەتی پشتگیری و پشتیوانی لە چالاکی و تێکۆشانی ناسنامەخوازی و ناسنامەپارێزی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە حیزبی دێموکرات هەتا ئێستا شێلگیرانە گرتوویەتە بەر، سیاسەتێکی دروستە و شایانی درێژەپێدانە. بە دڵنیاییەوە ئەو خەباتە هەم لە کوردستان پتر دەگەشێتەوە، هەم هەتا دێ پتر نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێرانیش دەگرێتەوە و کۆماری ئیسلامی لە شوێنەکانی دیکەی ئێرانیش بەرەوڕووی خەباتی ناسنامەخوازی و ناسنامەپارێزی دەبێتەوە. بۆیە پێویستە ئەو خەڵکەی لەو خەباتەدا بەشدارن لێمان بوێن کە ئاستی داواکانیان بەرزتر کەنەوە. بۆ نموونە جێی خۆیەتی لە بنەماڵەکانمان بوێ، لە ماڵێدا بە کوردی لەگەڵ منداڵەکانیان قسە بکەن، ناوی کوردی لەسەر منداڵ و دوکان و شوێنی کارو کاسپی دابنێن. لە قوتابی و خوێندکاری کوردمان بوێ لەسەر کلاس با هەر چی زیاتر بە زمانی کوردی وڵامی مامۆستاکەیان بدەنەوە. ئەگەر وردە وردە بە کوردی قسەکردنت بەسەردا سەپاندن و لەسەر ئەم مافەت پێداگر بووی سەرئەنجام ناچار دەبێ لێت قبووڵ بکا. با خەڵکەکەمان هەر بەوە ڕازی نەبن کە ڕێژیم ئیزنی داوە لە ماڵی خۆیان و بە ئیمکاناتی خۆیان فێری خوێندنەوە و نووسینی کوردی بن. دەبێ دەسەڵات ناچار بکرێ مل بۆ ئەوە بدا کە کوردی ببێتە زمانی خوێندن لە قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و هەروەها جێگایەکی تایبەتی لە خوێندنی زانکۆدا پێ بدرێ. ئەو پوتانسیەلە کە لەنێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەتەوە نافارسەکانی دیکەی ئێران بۆ خەبات لە پێناوی بە ڕەسمی ناسرانی زمانەکانیان بە تایبەتی خوێندن بەو زمانانە هەیە، ئەگەر کاری لەسەر بکەین -هەرچەند ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆخۆی لە ماهییەتیشیدا نەبێ- دڵنیام دەسکەوتی دەبێ. من ئەو هێز و ئیرادەیە لە خەڵکی خۆماندا بەدی دەکەم.

پێنجەم، وەکوو حیزبەکانیش پێویستە خۆمان ئامادە بکەین بۆ داهاتوویەک کە ڕووبەڕووی ئەو جۆرە پرس و کێشانە دەبینەوە. پێویستە گوتارمان لە پێوەندی لەگەڵ زمان و مافە زمانییەکان و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتمان لەگەڵ دیالێکتەکانی زمانی کوردی، دوای لێکدانەوە و ڕاوێژ لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ کەسانی شارەزا ، نوێ بکەینەوە و لەم پێوەندییەدا ببین بە خاوەنی سیاسەتێکی ئەمڕۆیی هاوبەش کە هەم تەبایی و یەکگرتوویی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵات پتەوتر و بە هێزتر بکا، هەم بەرزبوونەوەی جێگە و پێگەی زمانەکەمان لە ئاستی ڕۆژهەڵات و ئێرانیدا لێ بکەوێتەوە.

# زیندان بەزێنەکانی ئێمە




**ئا: دیاکۆ دانا**

زێنەب جەلالیان یەکێک لە زیندانیانی سیاسیی کوردە. زێنەب ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی لە شاری ماکۆ لەدایک بوو و بە هۆکاری نەزاندراو تا سەرەتای قۆناغی ناوەندی خوێندی. ئەو ڕۆژی ٢٠ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٨٦ی هەتاوی لە شاری کرماشان لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارەوە بە تۆمەتی ئەندامەتی لە پارتی کرێکارانی کوردستان دەستبەسەر و ڕەوانەی یەکێک لە گرووتخانەکانی ئەو شارە کرا.

زێنەب لە مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٨٧ هەتاوی لەلایەن لقی یەکی دادگای شۆڕشی شاری کرماشان بە تۆمەتی سنووربەزاندنی نایاسایی و ئەندامەتیی پارتی ژیانەوەی کوردستان (پژاک) تاوانی "محارب" (دژایەتی لەگەڵ خودا) بەسەردا سەپا و لە دادگایەکی چەند خولەکیدا بەبێ هەبوونی پارێزەر بە ئێعدام مەحکووم کرا. ئەگەرچی بۆخۆی ئەو تۆمەتانەی دراوەتە پاڵی هەموویانی ڕەد کردۆتەوە و دەڵێ بەبێ چەک لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە گیراوە.

قازی مرادی لە حوکمەکەی خۆیدا نووسیبووی کە "ناوبراو ئەندامی گرووپێکی سیاسی بووە کە بەهۆی تەبلیغاتەوە کەسانێکی زۆری بۆ لای ڕێکخراوەکەی ڕاکێشاوە و لەوانەشە لە کردەوەی تێرۆریستییشدا بەشدار بووبێ و نەیدرکاندبێ." پارێزەران و کارناسانی مافی مرۆڤ دەڵێن ئەو ڕستەیە بەو مانایە دێ کە دادوەر هیچ بەڵگەیەکی بۆ دەستتێداهەبوونی زێنەب لە کردەوەی تێرۆریستیدا نەبووە و قازی مرادی بەهۆی پێشێلکردنی ئەسڵی "بەرائەت" و بە سەپاندنی سزای ئێعدام بە سەر زێنەب جەلالیان لە سەر بنەمای گومان و فەرز خۆی تووشی تاوانێکی گەورە بووە و مافی مرۆڤێکی بێتاوانی پێشێل کردوە. حوکمی ئێعدامی زێنەب جەلالیان سەرەڕای تانەلێدانی ناوبراو لە دادگای سەرەتایی و تێهەڵچوونەوە، لە بانەمەڕی ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی لەلایەن دیوانی بەرزی وڵاتەوە وەک خۆی پەسند کرایەوە، بەڵام بەهۆی کاردانەوە توندە نێوخۆیی و دەرەکییەکان پلەیەک داشکا و لە ئێعدامەوە بۆ زیندانی تاهەتایی کەم کرایەوە.

زێنەب لە ماوەی ئەم ١٥ ساڵە بەندکرانی لە زینداندا بێبەزییانە و بە توندترین شێوە و بە شێوازی جۆراوجۆر وەکوو سەر لە دیواردان، هەڕەشەی دەستدرێژی، دارکاری و دانە بەر شەق و مست، قەدەغەکردنی چوونە ئاودەست و... ئەشکەنجە کراوە. ئەو لە ماوەی ئەم ١٥ ساڵەدا لە کاتی دەستبەسەکرانیەوە هەتا ساڵی ١٣٩٣ هەتاوی بۆ ماوەی ٧ ساڵ لە زیندانی دیزلئاوی کرماشاندا بەند کراوە و ساڵی ١٣٨٨ بۆ ماوەی پێنج مانگ لە زیندانی ئێڤین بووە. پاشان ساڵی ١٣٩٣ دوای بەدواداچوونێکی زۆری بنەماڵە و پارێزەرەکەی بۆ زیندانی شاری خۆی ڕاگوێزرا و لە ڕۆژی ٩ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٩٩ هەتاوی بەرێی زیندانی کرماشان کرا. زێنەب پاشان بە هۆکاری نەزاندراو و دوای چوار ڕۆژ لەو ڕاگوێزرانەی دەبردرێتە زیندانی قەرچەکی وەرامین کە خراپترین زیندانی ژنانە لە ئێران. ناوبراو هەر لە هاوینی ئەو ساڵە (١٣٩٩) بەرێی زیندانی کرمان کرا و کۆتا جار لە گرتووخانەی یەزددا خۆی دیتەوە. زێنەب لە ماوەی ئەم ١٥ ساڵەدا تووشی چەند نەخۆشیی درێژخایەنی وەکوو نەخۆشییەکانی دڵ و ڕیخۆڵە و گورچیلە بووە و بەهۆی پێڕانەگەیشتنی پزیشکی لای ڕاستی جەستەی بێهەستە؛ کەچی سەرەڕای نارەزایەتیی ڕێکخراوە جیهانییەکانی مافێ مرۆڤ ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە. هۆکاری سەرەکیی توشبوونی بەو نەخۆشییانەش بۆ ئەو ئەشکەنجە جەستەیی و ڕوحییانە دەگەڕێتەوە کە لەو ماوەیەدا بە بەردەوامی لەگەڵیاندا بووە. زێنەب لە جۆزەردانی ساڵی ١٣٩٩ هەتاویدا، لە زیندانی قەرچەکی وەرامین نەخۆشیی کۆڕۆنای گرت و، لەو ماوەیەدا کە بە دەم پەتای کۆڕۆناوە دەیناڵاند، بەرپرسانی زیندان ئەوپەڕی کەمتەرخەمییان لەهەمبەر ئەو هەبوو. لەو پێوەندییەدا عەلی جەلالیان، باوکی زێنەب ڕایگەیاند: "کاتێک ئاگادار کراینەوە کە زێنەب تووشی پەتای کۆڕۆنا بووە، داوامان لە بەرپرسانی زیندان کرد لەسەر خەرجی خۆمان بینێرنە نەخۆشخانەیەک، بەڵام هیچ بایەخێکیان بە داواکەی ئێمە نەدا." پێڕانەگەیشتنی بەرپرسانی زیندان لەمەڕ دۆخی نەخۆشی زێنەب بوو بەهۆی ئەوەی کە ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی دەنگی لێ بەرز بێتەوە و لە ڕێکەوتی ٢٠ ی پووشپەڕی ١٣٩٩ داوای پێڕاگیشتنی دەرمانی بۆ زێنەب جەلالیان و سوهیلا حێجاب و نەرگیس محەممەدی، دوو زیندانی سیاسیی دیکە بکا کە کۆڕۆنایان گرتبوو.

زێنەب جەلالیان لە ماوەی بەندکرانیدا بە بەردەوامی سەبارەت بە دۆخی نالەباری پێڕاگەیشتن بە خۆی و ڕەفتاری نامرۆڤانەی بەرپرسانی زیندان نارەزایەتیی دەربڕیوە. زێنەب لە ساڵی ١٣٩٧ هەتاویدا، بە بڵاوکردنەوەی نامەیەکی سەرئاواڵە ڕوو بە ڕای گشتی ئەو لە نامەکەی لەو ساڵەدا باس لەوە دەکا کە بۆ ماوەی یازدە ساڵە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدایە و، سەرەڕای ئەوەی تووشی چەند نەخۆشیی قورس بووە، بەڵام بەرپرسانی زیندان بەوپەڕی خەمساردییەوە لە تەنیشتی تێپەڕیون. ئەو هەروەها باس لەوە دەکا کە لە مافەکانی هەر زیندانییەک لە قانوونەکانی خودی کۆماری ئیسلامیشدا هاتووە، بێبەش کراوە. ئەو لە نامەیەکی دیکەدا ئەو ئیدیعایەی کۆماری ئیسلامیی وەدرۆ خستۆتەوە کە گوایە چارەسەری پزیشکییان بۆ نەخۆشییەکانی کردوە و هەروەها باس لە نەبووبی پێوەندی تەلەفوونی لەگەڵ بنەماڵەکەی و بێبەشبوون لە مەرەخسی کردوە و پەردەی لەو دەرد و ئەشکەنجە و مەینەتییانەی هەڵداوەتەوە کە لە زینداندا بەرۆکیان گرتوە.

زێنەب جەلالیان لە ماوەی ئەو پازدە ساڵەدا بینایی چاوێکی لەدەست داوە، هەروەها نەک تاقەڕۆژێک مەرەخەسیی نەدراوەتێ، بەڵکوو نەیانهێشتووە بنەماڵەکەشی سەردانی بکەن. بەرپرسانی زیندان پێدانی مەرەخەسی بە ناوبراویان بە هێندێک مەرج بەستۆتەوە و یەک لە مەرجەکانیش ناچار کردنی زێنەب بە دانپێدانانی تەلەڤزیۆنی بە تاوانی نەکردوو بووە کە ناوبراو تا ئێستا ملی بۆ ڕانەکێشاوە.

زێنەب جەلالیان تاکەژنی زیندانیی سیاسی لە ئێرانە کە توندترین سزای بەسەردا سەپاوە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار لەسۆنگەی کوردبوونی لەگەڵ سانسۆڕی خەبەریی مێدیاکان و تەنانەت ڕێکخراوە ئێرانییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤیش بەرەوڕوو بۆتەوە.

کوردستان
ژمارە ٨١٩
٢٩ی ڕەشەمەی ١٤٠٠ _ ٢٠ی مارسی ٢٠٢٢

# بووژاندنەوەی بەرجام، هەناسەی مەسیح بۆ ئابووریی وڵات یان درێژکردنەوەی تەمەنی ڕێژیم؟



عومەر باڵەکی

ئابووریی ئێران لە چوار دەیەی ڕابردوودا نەک هەر تاق ساڵێک سەقامگیر نەبووە، بەڵکوو ساڵ بە ساڵ و لە ئێستادا مانگ بە مانگ بەرەو دارمانی زیاتر چووە و تەنیا وەک نموونە بایی دراوی نیشتمانی لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا ٣٥٠٠ هیندەی سەردەمی ڕێژیمی پێشوو دابەزیوە. هەروەها لە ماوەی چەندین ساڵی ڕابردووشدا کە ئابووریی ئێران بەهۆی سیاسەتی هەڵە و پاوانخوازییەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کەوتۆتە گرەوی ڕێککەوتننامەی بەرجام، بە جۆرێک کە هەرکاتێک هەواڵێک لە بەرەوپێشچوونی وتووێژەکانی نێوان ئێران و وڵاتانی (١+٥) بڵاو دەبێتەوە، بازاری نێوخۆی ئێران جموجۆڵێکی خێرای تێدەکەوێ و نرخی هێندێک لە پێویستییەکانی ژیانی خەڵک ئەگەر نەیەتە خوارێ لانیکەم سەقامگیرییەکی کورتخایەن بە خۆیەوە دەبینێ و، لە هەمانکاتدا بە پێچەوانە ئەگەر هەواڵەکە باس لە ناکۆکییەکی دەستەی وتووێژکار بکا، ئەو جار بازاڕ بە جۆرێکی دیکە دژکردەوە نیشان دەدا و نرخی کەلوپەل و پێویستیەکانی ژیان دەچێتەوە سەرێ.

لە ڕوانگەی ئابووریناسان و توێژەرانی سیاسی ئەوە تەنیا ڕووی ئاشکرای بابەتەکەیە، بەڵام ڕووی شاراوەی ئەو پرسە واتە گرێدانی ئابووریی ئێران لەلایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە بە ڕێککەوتنی بەرجام بە جۆرێکی دیکەیە، ئەویش ئەوکاتە زیاتر خۆی دەردەخا کە دوای ئەوەی لایەنەکان لەگەڵ ئێران ڕێکدەکەون، ئەو جار ڕوخساری شێواوی ئابووریی ئێران بەتەواوی دەردەکەوێ. سەرچاوەی دۆخەکەش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی هەڵە و تێڕوانینی نادروست بۆ چەمکی ئابووری لەلایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە.




لە سەردەمی ئێستادا کە کۆمەڵگەی جیهانی بۆ دابینکردنی نیاز و پێویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان هەموو وڵات و دەوڵەتەکان پێویستیان بە یەکتر هەیە و لە سیستمی بەڕێوەبەریی وڵاتێکدا ئابووری وەک ژێرخانی سەقامگیری و پێشکەوتنی ئەو وڵاتە چاوی لێ دەکرێ، بەڵام بەپێچەوانەی تێڕوانینی دنیا بۆ ئابووری لە پێشەکی قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا ئابووری وەک ژێرخانی کۆمەڵگە نایەتە ئەژمار، بەڵکوو وەک کەرەسەیەک چاوی لێ دەکرێ کە بتوانێ ئامانجەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامی بێنێتەدی. ڕەچاوکردنی ئەو سیاسەتە لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا ئابووریی ئێرانی تووشی دارمانێکی گەورە کردووە کە سازان و ڕێکەوتننامەی بەرجامیش ناتوانێ نەفەسی مەسیحا بێ و ڕوح وەبەر جەستەی دارماوی ئابووریی ئەو وڵاتەدا بکاتەوە.

بە خوێندنەوەیەکی سەرپێیی لە ئابووریی ئێران بۆمان دەردەکەوێ کە لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی لە ئێران، هەموو کات ئابووریی دەوڵەتی چارەنووسی گشتیی ئابووریی ئێرانی دیاری کردوە و نیزامی ئابووریی ئێران لە سەردەمی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا لەسەر بنەمای هیچ کام لە سیستمە ئابوورییەکانی باو لە جیهاندا پێناسەی بۆ نەکراوە، بەڵکوو هەر وەکو پێشتریش ئیشارەی پێ کرا هەموو کات جووڵەی ئابووریی ئێران بەپێی باوەڕ و ئامانجی ئیدئۆلۆژیی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بووە و هەر ئەوە وای کردوە کە ئێران لەگەڵ ئەوەدا کە وڵاتێکی پڕ پیت و بەرەکەتە و خاوەنی سەرمایەیەکی گەورەی کانگەی ژێرزەویی وەک زێڕ و نەوت و گازە، بە جێگای ئەوە ئابوورییەکەی گەشە بکا و خۆی لە ڕیزبەندی وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازیدا ببینێتەوە، هەروەک گوترا بە هۆی سیاسەتی هەڵەی دەسەڵاتدارانی تاران، ئابووریی ئێستای ئێران لە ڕیزبەندی خوارەوەترین پلەی ئابووریی جیهانیدا جێ دەگرێ. بەو مانایە لە ماوەی ئەو ٤٣ ساڵەدا ئابووریی ئێران لە پلەی هەشتەمەوە دابەزیوە بۆ نزمترین پلەی ئابووریی جیهانی.

کارناسانی بواری ئابووری لەسەر ئەو باوەڕەن کە هۆکاری لاوازبوونی ئابووریی ئێران لە ماوەی دەسەڵاتداریی نیزامی کۆماری ئیسلامیدا دەتوانرێ ئەو سێ هۆکارە سەرەکییەی هەبێ: یەکەم؛ دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆی دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئەو نیزامە کە دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی ئێرانیان لەئەستۆ بووە، بێ ئەوەی لە زانستی ئابووری بزانن یان لە کارناسانی ئەو بوارە کەڵک وەربگرن. ئەو دەوڵەتانە بەردەوام پشتیان بە ڕێکاری ئەزموون و خەتا بەستوە و هەرکام لەو دەوڵەتانە بە ناوی چاکسازی کۆمەڵێک ڕێکاریان لەسەر ئابووریی ئێران بە تاقی کردۆتەوە کە دەوڵەتەکەی دوای ئەو هەموو ئەو ڕێکارانەی وەلا ناوە و ڕێکاری دیکەی لە مەیدانی ئابووریدا ڕەچاو کردوە و ئەوە بە جێگای ئەوەی سیاسەتی گەشەکردن و پەرەسەندنی ئابووری لێ بکەوێتەوە، هەژاری و دەستکورتی لە کۆمەڵگەی ئێرانی پەرە پێداوە.

دووهەم؛ بەڕێوەبردن و درێژەدانی سیاسەتی هەڵەی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و دامەزراندنی بەردی بناغەی دژمنایەتی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی ڕاستەوخۆ کاریگەریی هەبووە لە سەر دارمانی ئابووریی ئێران. چونکە ئەو سیاسەتە هەڵە و دوژمنکاریانە بوونەتە هۆکار بۆ ئەوەی بۆ ماوەی چەندین ساڵ ئابووریی ئێران لە کەرتە جیاجیاکانیدا ئابلۆقەیەکی نێودەوڵەتی بەربەرینی بکەوێتە سەر کە لە هەنگاوی یەکەمدا خەڵکی ئێران لێی زیانمەند بوون.

سێهەم؛ لەم چەند ساڵەی دواییشدا کە پەتای کۆرۆنا جیهانی داگرتوە، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی زۆر بە کەمتەرخەمییەوە بەرەو پێل و پێشگیری و چارەسەری ئەو نەخۆشییەوە چوون و تەنانەت لە چوارچێوەی دوژمنکاری لە گەڵ دنیای ڕۆژئاوادا ڕێبەری ئەو نیزامە فتوای دا کە هاوردەکردنی ڤاکسێنی دژە کۆرۆنا بۆ نێوخۆی ئێران قەدەغەیە. ئەوەش شوێنی ڕاستەوخۆی لەسەر هەڵکشانی زیانی گیانی و ماڵی لەسەر خەڵکی ئێران هەبوو کە لەو حاڵەتانەدا ئەوە ئابووریی ئێرانە دەبێ باجی هەموو ئەو زیان و زەرەرانە بدات.

بێجگە لەو سێ حاڵەتە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەبووە لەسەر ئابووریی ئێران، کۆمەڵێک هۆکاری دیکەش هەبوون و هەن کە بە نۆرەی خۆیان ئەوانیش کاریگەرییان لەسەر لاوازبوونی ئابووریی ئێران داناوە، وەک: دیاردەی ویشکەساڵی و کەمئاوی لە هێندیک ناوچەی ئێران کە نیزامی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی چارەسەریاندا بەهۆی سیاسەتی هەڵە و بەلاریدابردنی ئەسڵی بابەتەکە لەپێناو پڕکردنی گیرفانی فەرماندەکانی سپای پاسداران و دەسەڵاتدرانی نزیک لە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، داماو و دەستەوەستانن.

بەو خوێندنەوە کورتە لە ئابووریی ئێران بۆمان دەردەکەوێ کە ئەگەر ڕێککەوتننامەی بەرجام لە نێوان ئێران و وڵاتانی ١+٥ بچێتە بواری ئیمزاکردنیشەوە، هێشتا ناتوانێ ئەو چرا ئومێدە بێ کە ئابووریی ئێران یەک شەوە لەو لاوازی و بێ سەرەوبەرەییە ڕزگار بکا. چونکە هەر بەپێی قسە و لێدوانی کارناسانی بوارە جۆراجۆرەکانی ئابووری ئەگەر بە هۆی بە ئەنجام گەیشتنی ڕێککەوتننامەی بەرجام، ئابلۆقە ئابوورییەکان لەسەر ئێران لابچێ و ئێران ڕێگای هەناردەکردنی نەوت و گازی سروشتیی هەبێ کە دوو کاڵای بنەڕەتین و لە ئێستادا بڕبڕەی پشتی ئابووریی ئێران پێک دێنن، بەڵام بیرە نەوتیەکانی ئێران بەهۆی کۆنبوونیان توانای بەرهەمهێنانی ئەو ڕادە نەوتەیان نابێ کە دەوڵەتی ئێران بتوانێ بیفرۆشێ و بۆ هەستانەوەی ئابوریی ئێران پشتی پێی ببەستێ. لە هەمان کاتدا دەبێ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەوە تێ گەیشتبن بۆ گەشانەوەی ئابووریی ئێران پێش ئەوە ئومێدیان بە ڕێککەوتننامەی بەرجام بێت، پێویستە لە نێوخۆی وڵات سیاسەتی ئابووری لە چوارچێوەی تەسکی ئیدئۆلۆژی و تێڕوانینی نیزامی کۆماری ئیسلامی بێننەدەرێ و ڕێگای دروستی ئابووری بگرنە بەر کە لەگەڵ سیستمی ئابووریی جیهانی بتوانێ خۆی سازگار بکا.

لێرەدا پێویستە ئەوەش وەبیر خۆمان بێنینەوە کە بێجگە لە ڕێککەوتننامەی بەرجام، نیزامی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی بتوانێ ئابووریی ئێران لەگەڵ بازاڕی جیهانی ئاشت بکاتەوە، پێویستە دوو کۆسپی دیکەش لەسەر ڕێگای خۆی لابەرێ، ئەویش پرسی پەیوەست بوون بە کۆنڤانسیونەکانی FATF و GFTیە. چونکە بەپێی سیستمی ئابووریی جیهانی لە سەردەمی ئێستادا ئەگەر هەر وڵاتێک بە ڕێوشوێنەکانی ئەو دوو کۆنڤانسیونانە پێبەند نەبێ، ناتوانێ پێوەندی بە بانکی جیهانیی نێودەوڵەتییەوە هەبێ، کە هەتا ئێستا گەڵاڵەی پەیوەستبوونی ئێران بەو کۆنڤانسیونانە لە ئێران پەسند نەکراون. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ئەگەری بە ئەنجام گەیشتنی ڕێککەوتننامەی بەرجام چۆن و لە چ ڕێگایەکەوە دەچنەوە نێو بازاری جیهانی کە کاریگەریی خێرای هەبێ لەسەر ئابووری ئێران و ژیانی خەڵک؟ لە لایەکی دیکەوە گەشانەوەی ئابووری پێویستی بە ئەمنییەتی نێوخۆیی و دەرەکی هەیە بۆ ئەوەی وەبەرهێنەری دەرەکی بتوانێ بکا لە نێوخۆی ئێران کار و پرۆژەی وەبەرهێنان بباتە پێش و سەرمایەداری ئێرانی دەستوباڵی ئاوەڵە بێ کە بتوانێ بە دڵنیایەوە سەرمایەکانی خۆی لە کەرتە جیاجیاکانی ئابووریدا بخاتە گەڕ و بتوانێ بەرهەمەکانی خۆی بە بازاڕ بکا، کە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ نێوەرۆکی نیزامی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتە بەرکارەکانی بە هیچ جۆر وێناچی بتوانرێ ئەو ئەمنییەتە ئابووری وسیاسییە بۆ سەرمایەدارانی نێوخۆیی و دەرەکی لە ئێران دەستەبەر بکا.


پوختەی مەبەست ئەوەیە کە هەڵپەسێردراو مانەوەی پرسی ناوکی و ڕێککەوتننامەی بەرجام بۆ دەسەڵاتدارانی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆتە خێر و بەرەکەت هەم لە ئاستی نێونەتەوەییدا، چونکی بەئاشکرا بە هۆی خولقاندنی قەیرانی ناوکی خەریکی باجگیرییە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەم لە نێوخۆی ئێران بەو پرسە قەیرانە نێوخۆییەکانی داپۆشیوە و دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە بە هەموو توانای تەبلیغی و پرۆپاگەندەی خۆیان هەوڵی ئەوەیان داوە کە بە کۆمەڵگەی ئێران بسەلمێنن کە باشبوونی ئابووریی ئێران پەیوستە بە ڕێککەوتننامەی بەرجام؛ کە ئەویش دژمنانی کۆماری ئیسلامی ئیزن بە ڕێککەوتنی یەکجاری نادەن، بێ ئەوەی پێ لەو ڕاستییە بنێن کە ئەوە خۆیانن واتە کۆماری ئیسلامییە شەڕ بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و خەڵکی ئێران دەفرۆشێ، دەنا ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی بەرجام لە لایەن وڵاتانی ٥+١ لە لایەک و ئێران لە لایەکی دیکە ناتوانی نەفەسی مەسیحا بێ و ڕوح وەبەر ئابووریی دارمای ئێران بێنێتەوە.

---

هەگبەی شاخ و شۆڕش

## نیشتمان پیرۆزە ناوی لەو هەوای حەیرانەدا

## سەید ئەمیر عەبدی





برایم چووکەڵی

ڕۆژی ١٨ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی سەید ئەمیری عەبدی وێڕای شەش کەس لە هاوسەنگەرانی بۆ شناسایی پێگە و دامەزراوەکانی ڕێژیم دەچنە ناوچەی حوسێنئاوای سنە. لە گەڕانەوەدا شەویان بەسەر دادێ و لە گوندی "کێلەچەرموو" دەمێننەوە. بەداخەوە بەهۆی خۆفرۆشانەوە دوژمن هەست بە بوونیان لەو گوندەدا دەکا و سەعات ٣ی نیوەشەوی ١٩ی خەزەڵوەر دەوروبەری گوندەکە و بەتایبەتی شوێنی مانەوەیان گەمارۆ دەدەن. هێزەکانی دوژمن هەوڵ دەدەن کە بە دیلیان بگرن، بەڵام ئەوان لە ئەزموونی چەند ساڵەی تێکۆشاندا کە فێر ببوون چۆن خۆڕاگر بن، بۆیە سەنگەر لە دژمن دەگرن و شەڕێکی نابەرانبەر دەست پێ دەکەن. پاش دوو سەعات شەڕی دەستەویەخە بەداخەوە سەید ئەمیر عەبدی لەگەڵ عوسمانی دادخا، فەرماندەی هیزی شەریفزادە و پێنج هاوسەنگەری دیکەیان بە ناوەکانی: محەممەد ڕەحیمی (جێگری لک)، سەید خالید حوسێنی (سەرپەل)، سمایل ناسری (پێشمەرگەی ئەرکانی هێز)، وەستا ساڵح ناسری (پێشمەرگە)، محەممەد ساڵح تەهماسبی (پێشمەرگە) شەهید بوون و ڕێگای خەباتیان بە هاوسەنگەرانیان سپارد. هەرچەند شەهیدبوونی یەک بە دوای یەکی دوو فەرماندە لە ماوەی سێ مانگدا بە تایبەت بۆ پێشمەرگەکانی هێزی شەریفزادە داخێکی زۆر گران بوو، بەڵام پێشمەرگەکانی ناوچەی سنە نەک ورەیان بەر نەدا، بەڵکوو چەندین عەمەلیاتی ئازایانەیان بە یادی ئەوان بەڕێوە برد و یادی فەرماندە شەهیدەکانیان هەمیشە زیندوو ڕاگرت. "هەگبەی شاخ و شۆڕش"ی ئەو جارە یادی ئەو قارەمانە بەرز ڕادەگرێ.

شەهید سەیدئەمیر عەبدی ساڵی ١٣٣٥ لە گەڕەکی جەورئاوا –کە یەکێک لە گەڕەکە کۆنەکانی شاری سنەیە– لە بنەماڵەیەکی خۆشناوی ئەو شارەدا چاوی بە دنیای ڕوون هەڵێنا. باوکی کاسبکار بوو و ئەمیر لەژێر سێبەری باوکی زەحمەتکێشدا هەڵی دا و بەڕێی قوتابخانە کرا. ژیانی ئەمیر هەتا شۆڕشی گەلانی ئێران وەک زۆربەی خەڵکی ئاسایی شاری سنە تێپەڕی. بەڵام ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بە دەستپێکردنی خۆپێشاندانەکان سەید ئەمیر وەک زۆربەی خەڵکی شاری سنە هەتا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەسەر حکوومەتی پاشایەتیدا بەشداریی هەموو چالاکی و خۆپێشاندانەکانی کرد.

پاش ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەستی کوردایەتی پتر لەنێو دڵیدا گەرای کرد. ئەو ئاواتەخوازی ڕزگاریی گەلەکەی لەو دۆخە بوو، بۆ ئەم مەبەستە کاتێک بنکەی حیزبی لەشاری سنە دامەزرا، بێ سێ‌ودوو لێکردن ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی هەڵبژارد و لە هێزی شەریفزادە سازمان درا. ناوبراو هەر لە سەرەتاوە بوێری و ئازایەتیی خۆی پێشان دا. لە شەڕەکانی پادگانی سنە لە ساڵی ١٣٥٨ و هەروەها لە شەڕی ٢٤ ڕۆژەی سنە لە بەهاری ١٣٥٩ ئازایەتییەکەی کەوتە سەر زاران ولە شەڕەکانی کامیاران، چەمشاری سنە، چەمقەسابخانە، "سەداوسیما"، چەمباوریز و زۆر شوێنی دیکە بەشداری کرد و ئەرکی پێشمەرگانەی خۆی بەجێهێنا. پاش ئەوەی شاری سنە لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمی تازەی کۆماری ئیسلامییەوە داگیر کرا و پێشمەرگە ڕووی لە گوندەکان و چیاکانی کوردستان کرد، سەید ئەمیر وەک سەرپەل دیاری کرا. ناوبراو وەک فەرماندەیەکی باش لە ناوچەکانی لەیلاخ، حوسێنئاوا، کەڵاتەرزان و چوونەوە نێوشاری سنە بەدژی داگیرکەران عەمەلیاتی ئازایانەی بەڕێوە دەبرد، تەنانەت لە ناوچەی حوسێنئاوا تیمێک لە هێزەکانی ڕێژیمی بە دیل گرت. ئەو نیشانی دا ڕۆڵەیەکی قارەمانی ڕێگای ئامانجە نەتەوایەتییەکانی گەلەکەیەتی و هەر مەئموورییەتێکی پێیان دەسپارد بەبێ ڕاوەستان بەڕێوەی دەبرد. لەگەڵ هاوسەنگەرانی ڕووخۆش و لەسەرەخۆ بوو. ئیمانێکی قووڵی بە ئامانجەکانی حیزبەکەی و گەلەکەی هەبوو. ئەو لە ماوەیەکی کورتدا جێگەی خۆی لەنێو ڕیزی پێشمەرگەکاندا کردەوە و وەک پێشمەرگە و فەرماندەیەکی بە ئیمان و دڵسۆز و خاوەن بیروباوەڕ ناسرا. سەید ئەمیر لە بەڕێوەبردنی کارە حیزبی و پێئەسپێردراوەکانیدا جیددی و ڕێکوپێک بوو. نموونەی پێشمەرگەی خاوەن نەزم و دیسیپلین بوو، لێهاتوویی، فیداکاری و ئازایەتیی سەید ئەمیر بوو بە هۆی ئەوە کە وەک فەرماندەری لک لە هێزی شەریفزادە دیاری بکرێ.

شەهید سەید ئەمیر کاتێک بە فەرماندەی لک دیاری کرا، بۆ ئەرکی حیزبی چووە زۆر ناوچەی دیکەی کوردستان. بەشداریی سەید ئەمیر لە شەڕەکانی ناوچەی ژاوەرۆ، گاوەرە، بێڵەواری کامیاران، سونقوڕ و کولیایی و زۆر شوێنی دی بۆ هەمیشە لە دەفتەری بیرەوەریی پێشمەرگەکانی هێزی شەریفزادەدا ماوەتەوە. کاتێکیش مۆڵگەی دژمن لە "کالیسەر" لەسەر جادەی کامیاران–مەریوان دەستی بەسەردا گیرا بۆ ماوەیەکی زۆر لەلایەن ئەمیری فەرماندەوە پارێزگاری لێ کرا کە وەک شوێنێکی ستراتیژی بایەخی زۆری هەبوو.

هەروەک پێشتر باس کرا، نیوەشەوی ١٩ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی سەید ئەمیر عەبدی وێڕای فەرماندەکەی عوسمان دادخا و پێنج کەسی دی لە هاوسەنگەرانیان بۆ شناسایی پێگە و دامەزراوەکانی ڕێژیم دەچنە ناوچەی حوسێنئاوای سنە و پاشان لەلایەن هێزکانی ڕێژیمەوە گەمارۆ دەدرێن و دەکەونە شەڕ و بەرگرییەکی سەختەوە. لەو شەڕەدا سەید ئەمیر عەبدی سینگی بە گوللەی دوژمن پێکرا و دڵە گەرم و گەورەکەی کە پڕ خۆشەویستیی نیشتمان بوو، بۆ هەمیشە لە لێدان ڕاوەستا و خوێنی گەشی ڕژایە سەر خاکی کوردستان و بوو بە گوڵاڵە سوورەی قەد شاخەکانی گوندی کێلەچەرموو.

بەمجۆرە کوڕی زەحمەتکێشی دێموکرات لە ٢٧ـەمین ساڵی ژیانیدا گوڵی تەمەنی لە پاییزدا هەڵپرووکا، بەڵام ناو و یاد و بیرەوەرییەکانی بۆ هەمیشە لەنێو دڵی نەتەوەکەیدا هەرمان کرد.

# نەورۆز لە هاوکێشەکانی نێوان خەڵک و دەسەڵاتدا


هێمن تەرواڵ

لەوەتەی مرۆڤ بەکۆمەڵ دەستی داوەتە دروستکردنی شتوومەک و کەرەستەکان بۆ مانەوەی تۆرەمە و نەژادەکەی لەم گۆی زەوییە، دابونەریتەکانیش لەدایک دەبن و دەگۆوڕێن و پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکان گەشە دەستێنن. نەورۆز یەکێک لەو دابونەریتانەیە کە لە داوێنی چیا سەخت و هەڵەمووتەکانی زاگرۆسدا لەدایک دەبێ و دەکەوێتە بازنەی ئەم فەراژ و کامڵبوونەوە. نەورۆز منداڵی سروشت (ئاگر) و مرۆڤە (سەما). ئەوکاتەی مرۆڤ دڵنیا بوو کە بۆ هەتاهەتایە ئاگری ماڵی و کەوی کردوە و دەتوانێ لە شەوەزەنگی ئەشکەوتەکان ڕزگاری بێ، بە هەڵپەڕکێ و گەڕان بە دەوریدا نەریتێکی خوڵقاند کە یادگاری هەمیشەیی گۆڕانێکی هەتاهەتایی بوو. لە تێکەڵاوی ئاگر و سەما منداڵێک لەدایک دەبێ کە هاوتەمەنی ئەم تێکەڵاوییەیە، کەوابوو نەورۆز لە هەموو کۆمەڵە مرۆییەکاندا هەبووە و تەنیا ناوی جیاوازی لە جوغرافیا و نەژادە جۆراوجۆرەکان وەرگرتوە.

لەوەتەی دەوڵەتەکان لەدایک دەبن ئەم منداڵە وەکوو ئایین جارێک بەگژ دەسەڵاتدا دەچێ (دیرۆکی کاوەکان) و جارجارێک دەبێتە لافیتە بۆ ڕاگەیاندن و سەقامگیرکردنی دەسەڵات (ڕێوڕەسمی شوکرانەبژێری زوحاکەکان). ئەم منداڵە سەرگەردانە وەکوو جەستەیەکی نیوەخودا و نیوە مرۆڤ تاڵترین دەورانی تەمەنی لە بەرەبەرەی هاتنی ئایینی ئیسلامەوە بۆ داوێنی چیاکانی زاگرۆس دەست پێ کرد. دیارە نەک لەبەر ئەوەی عەرەبەکان دژ بە ئاگر و سەما بن، بەپێچەوانەوە سەما بە تایبەت و ئاگریش وەکوو ئامرازێکی گشتی لەلای سامییەکانیش وەکوو هەموو کۆمەڵگەیەکی ئینسانی پیرۆز بووە، بەڵام دەسەڵاتی عەرەب بەهۆی جیاوازیی ئایینەوە دەرفەت و توانای ئەوەی نەبوو بەیەکجاری دەس بگرێتە سەر هەموو سیمبول و بایەخەکانی دەسەڵاتە زاڵەکەی ساسانییەکاندا، بەتایبەت کە نەوە و تۆرەمە و دەسەڵاتی ساسانییەکان هێندە چووکە و بەرتەسک نەبوون کە عەرەبەکان بە هاسانی و بێ کاولکاری دەست بگرنە سەر هەموو هێما گرێخواردووکانی نێوان خەڵک و موغە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکاندا.

کاولکارییەکان لە شوێنی تاجگوزارییەکانەوە دەستی پێ کرد. ئەوەمان لەبیر نەچێ کە نەورۆز لە هیچ سەردەمێکی حوکومڕانیی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەشێک نەبووە لە ئۆل و ئایینەکان بەڵکوو ئامراز و یاریدەری ڕاکێشانی خەڵک بووە بۆ شوکرانەبژێریی دەسەڵات. لە دوای لەنێوچوونی ساسانییەکان بە چەشنێک نەورۆز ڕزگاری بوو لەدەست خزمەت کردن بە دەسەڵات لە شێوە حکومەتییەکەی و جارێکیتر گەڕایەوە بەر درگا و نێو کۆڵانی زاگرۆسنشینەکان. ناخۆشترین سەردەمانی ژیانی نەورۆز لە سەردەمی خەلافەتی خەلیفە بێڕەحم و نانەجیبەکانی (بەنی عەباس) و (بەنی ئومەییە) تێپەڕ بوو کە تەنانەت ئاگر و سەمای نەورۆزی بەر درگاکانیش قەدەغە کرا و یادی نەورۆز چووە نێو چیرۆک و دیرۆکە فۆلکلۆرەکانی ڕاستبێژەکانەوە. بەداخەوە دەبێ بڵێین تراژدیایەکی نەرم و گشتگیر لەپاش ئەو هەموو بگرە و بەردە و قاغەوە لە کەمینی نەورۆزی زاگرۆسدا بوو کە تاکوو ئێستاش هەر دەستەویەخەیەتی.

مێژوو فێری کردووین کە سیاسەتی حکوومەتەکان لە شیرازەدا هەر یەک جۆرە و دەسەڵات بۆ مانەوە و سەقامگیرکردنی خۆی زۆرجار ڕەوتی سروشتیی گوورانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی بە قازانجی خۆی تێکداوە. بۆ وێنە دیاردەی خێر و شەڕ لە هەموو کۆمەڵگەیەکی ئینسانیدا بەپێی بارۆدۆخی ماددی و ڕۆحی ئەو کۆمەڵگە گەیشتووەتە جۆرە هاوسەنگیەکی تایبەت بە خۆی، بەڵام دەسەڵات لە هەر جێگایەکدا خێر بە قازانجی بووبێ پەرەی بە شاییەکان داوە (ساسانییەکان) و لە هەر جێگایەکدا شەڕ بە قازانجی بووبێ ڕووی کردووەتە چەمەرییەکان (زۆربەی حکوومەتە ئیسلامییەکان). ڕاوێژکارە ئایینییەکانی سەردەمی سەفەوی نەریتی چەمەرییان لە داوێنی زاگرۆسدا هەڵبژارد و لەگەڵ حیکایەتەکانی کارەساتە دڵتەزێنەکەی سەحرای کەربەلا تێکەڵیان کرد و ئەم تازیمانە نوێیە کەوتە ڕەوتی گوورانی نیوە حکوومەتی و نیوە خەڵکییەوە کە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ توانیویەتی دوو مەبەستی سەرەکیی دەسەڵاتدارانی سەفەوی بپێکێ کە یەکیان لەتکردنی ژێرخانە هاوبەشە فەرهەنگییەکانی زاگرۆسنشینەکان و لە ئاکامی ئەوەشدا لەتبوونی دانیشتووانی لەنێوان دوو ئیمپراتۆرییەتی گەورەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای زاگرۆسدا بوو. مەبەستی دووهەمیش کە بە یارمەتیی هەر ئەم لەتبوونە باشتر دەهاتە دی، بڕینەوەی دەستی دوژمنانی مرخلێخۆشکردووی ڕاست و چەپی وڵاتەکەیان بوو.

شەڕی دوور و درێژی نێوان دوو ئایینزای ئیسلام (شیعە و سوننە) لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ساڵ لە دوای ساڵ نەریتی نەورۆزی لاواز و لاوازتر دەکرد و وای لێ هات کە دوو چەمکی ئاگر و سەما جگە لەلای لایەنگەرانی ئایینزاکانی یارسان و زەردەشت کە حەشیمەتێکی کەمینە بوون، لە زۆربەی ناوچەکانی زاگرۆسدا بوو بە نەریتێکی بێگانە و چەمەرییەکان بە شێوەی جۆراوجۆر هەوڵی خۆگونجاندنێکی سروشتییان گرتە بەر و بوون بە ئەرزش و بایەخێکی گشتگیر.

کاتێک شەڕە جیهانییەکانی سەدەی بیستەم دەستی پێ کرد و شۆڕشە دەوڵەت-نەتەوەییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست سەری هەڵدا، ئیدی دژایەتی لە گەڵ دابونەریتەکانی زاگرۆسییەکاندا ڕەنگی ڕەگەزپەرەستی گرتە خۆی. لە باشووری کوردستان بەهۆی گرێبەست و هاوسەنگییە سیاسییەکانی وڵاتە زلهێزەکانەوە هەلێکی کورتخایەن بۆ سەربەخۆیی کوردان ڕەخسابوو، بۆ وێنە مامۆستا پیرەمێرد یەک لەو کەسایەتییە ڕووناکبیرانە بوو کە نەورۆزی بە شێوەی پێشکەوتووخوازانە داڕشتەوە و تەنانەت سروودێکی نیشتمانیی بۆ هۆنییەوە و بنەمای چۆنیەتیی دامەزرانی نەورۆزێکی کوردانەی بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان داڕشت.

بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بارۆدۆخەکە تەواو جیاواز بوو، سەردەمی حکوومەتێک بوو کە بەڕواڵەت سکۆلار و بە نێوەڕۆک درێژەدەری بیرە کۆنەپەرەستانەکەی بیرمەندە ئایینییەکانی سەردەمی سەفەوییەکان بوو؛ بەڵام هەر ئەوەی کە پالەوییەکان خۆیان بە ئاریامێهر پێناسە دەکرد وای کردبوو کە لە پاڵ بەرزڕاگرتنی بۆنە ئایینییەکان ئاوڕێکیش لە بۆنە نەتەوەییەکانی جوغرافیای ئێران بدەنەوە کە ئەمە جارێکیتر هەنگاوێکی بەرو پێش بوو بۆ زیندووکردنەوەی نەورۆز. دیارە هەرچەند بە شێوەی دەوڵەتی و بە لاساییکردنەوەی حکوومەتەکانی پێشوو لە سەرناوی (سڵاوی نەورۆزی) لە شای شاهان و زۆرتر کارناواڵێکی دەسەڵاتنوێنی بوو، بەڵام هەڵکردنی ئاگر (تەنیا بە مۆم) و ئیزنی سەماکردن (بە شێوەی تەڵخەک قەشمەری) هەرچەند سووکایەتی بوو بە نەریتێکی مێژوویی و تا ڕادەیەکی هاوبەش لە نێوان میللەتانی ئێرانیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چۆکدادانی دەسەڵاتێکی بە ڕواڵەت پێشکەوتوو بوو لە هەمبەر بزووتنەوەی ڕووناکبیریی نێوان شۆڕشی مەشرووتە تا شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧دا.


لەلایەن هیئەتی تحریریەوە دەردەچی

کوردستان

بلاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان

آبونەمان
یەکساله ٣٠٠ ریال
شەش مانگە ١٦٠ «
دانەی ٢ «

ژمارە ٢٧ — سالی یکەم — دو شەمو خاکەلیوە ١٣٢٥ — ٢١ ربیع الثانی ١٣٦٥ — ٢٥ مارس ١٩٤٦

جیژنی نەوروز لە مهاباد

روژی دو شەمو حەوەلی سالی ١٣٢٥ کاتێک کە هەتاو ئەبێت
کیوە جوانەکانی کوردستان گەردنی بەرز کردو بە
ئینجکی ئیندای خوی مزگینی بەهاری تەروتازەو روشتی
سەرماو سولی زستانی بە آگرەکانی خوای بی هاوتا دەدا ؛
مهاباد لە گەل میوانە ئازیزەکانی (بارزانی) ودانشتوانی خوی
بەر لە وورد و درشت کیژو لاو بەدلێکی جیژدارو رووبکی
کەشەوە بو تماشای بەرو بوی بەهاری کوردان کە چەندیک
لەمەوبەر ... هیناوە ! واآمادەبوون
وراژابونەوە کە دوست بە دیتنان لە ...
ولەبەر کیف خوشی ئەدەمجما ؛ چونکو زور لەمیژ بو
کورە نەوروزی لەبەر ظولم و زوری بەوەزەکان لەبیر

بە رەهبەری پیشوای عزیزمان (جنابی قاضی
محمد) بە دەس هیناوە کە ئەویش لە بیرو عەقلی
هەمو کەس دوور بوو .
ئەم کاتەدا کە قوتابی و سەربازەکان و خەلکی
شاری ... آزادی وجیژنی نەوروز
وهاتنی فصلی بەهار بون فەرمانی خەبەردارو
دەنگی سلامی رسمی موزیک کە تشریف
هینانی سەرداری محبوب و پیشوای مەزنی اعلام
دەکرد ومخەبەر هاتن .
ذاتی مقدسی پیشوا لەپاش گریدانی گزارشات
کە بە وسیلەی فرماندەی هیز درا داخلی ناو

کوردستان .
ئەی هەفالانم سەرکردەکانی هێزی آزادی .
ئەی پیشمەرگەکان ، ئەی گەلی کوردستانی
خوشەویست .
آموزایان و لی دەکەم ، پیروزبایی یکەم جیژنی
میللی سەربەستیتان لی دەکەم کەئەمرو لە
پایەختی حکومەتی کوردستاندا کەآلای
مقدسمان نیشانەی آزادی نیشتمان و میللەتەلە
سەرسەرمان دەلەرزیتەوە ویی پیروزی دە کەین .
خوین رژاوە آزادی دەستبەست کراوە
رەنج غصب کراوە ملی هاوار کەرانی آزادی

### کورد، کۆماری کوردستان و نەورۆز

لە خاکەلێوەی ١٣٢٥ی هەتاوی بۆ یەکەمجار بەردی بناغەی نەورۆزێک دانرا کە دەتوانین بڵێین بەرهەمی گەشە و گوورانی ئەم نەریتە مێژووییە بوو کە دوای زیاتر لە ٢٦٠٠ ساڵ ئاڵوگۆڕ بەسەرداهاتنی لە سەردەمی حکوومەتی مادەکانەوە کە ئەوکات جێژنی نەورۆزیان کرد بە هێمای یەکگرتوویی میللەتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دژ بە ئیمپراتۆرییەتە زاڵمانەکەی ئاشوورییەکان. ئەم نەورۆزە کە بە "نەورۆزی ڕزگاری" پێناسە دەکرێ لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد و بە ئامادەبوونی پێشەوا قازی محەممەد بەڕێوە چوو کە هەڵگری چەند تایبەتمەندییێکی ناوازەیە کە دەتوانین بڵێین بوو بە خاڵی وەرچەرخانی یەکگرتنەوەی ژێرخانە فەرهەنگییە لەتکراوەکەی زاگرۆسنشینەکان لە سەردەمی سەفەوییەکانەوە هەتاکوو ئێستا.

تایبەتمەندییەکانی نەورۆزی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی ئەمانەن: یەکەم، کەڵکوەرگرتن لە بۆنەیەکی نەتەوایەتی بۆ پیشاندانی یەکەم ئوتۆریتەی سەربەخۆخوازانەی میللەتێکی ژێردەستی چەند دیکتاتۆریەتی ڕەگەزپەرەست و ئیدۆلۆژیک بە لێدوانە مێژووییەکەی پێشەوای موعەزەم لەمەڕ پووچەڵکردنەوەی بەڵێننامە شووم و نگریسەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان (پەیمانی سەعداباد) و هەروەها بەشداریکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لە ڕێژەیەکی جوانی نیزامیدا. دووهەم: دیاریکردنی نەورۆز وەکوو جێژنێکی نەتەویی بە شێوەی فەرمی و دەوڵەتی. سێهەم: خوێندنەوەی وتار لە لایەن ڕووناکبیرانی ئامادەبوو لەو جێژنە لەسەر تایبەتمەندییەکانی نەورۆزی کوردان، وکوو هەڵکردنی ئاگر و سەما و هەڵپەڕکێ کردن و... چوارەم، لەبەرکردنی جلوبەرگی سێ ڕەنگ بە نیشانەی ئاڵای کوردستان لە لایەن ژنان و کچانی بەشداربووی جێژنەکەوە. پێنجەم، بەڕێوەبردنی ئەم بۆنە بەشێوەی کۆڕ و کۆمەڵ بۆ یەکەمجار لە گۆڕەپانی یەکێک لە شارە گەورە و گرنگەکانی کوردستان (مەهاباد). شەشەم: بەشداریکردنی نوێنەرانی هەر چوارپارچەی کوردستان لە جێژنێکی نەتەوەییدا. حەوتەم: تۆمارکردنی ئەم ڕۆژە مێژووییە لە ژمارەی٢٧ی ڕۆژی یەکشەممەی مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی. لە پاش خۆرنشینی کۆماری کوردستان بە دەست پیلانگێڕییەکانی وڵاتە زلهێزەکانی تەیار و هەمیشە ئامادە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، گەرای خۆیبوونێکی پێشکەوتوو بۆ نەتەوەی بێدەوڵەتی کوردان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ڕژایە مێشکی تاکی ڕووناکبیری کوردەوە و بە هیچ هێزێک تەنانەت ئیرادەی واوەسروشتییەکانیش لەنێو نەدەچوو.

لە خەباتی نیوسەدەی ڕابردووی کوردان لە هەر چوارپارچەی کوردستان هاوکات کە داخوازە سیاسییەکانی ئەم نەتەوە کە هەڵگری ناسنامەی گەلێکی بێدەوڵەتە لەسەر شانی پێشمەرگە و شەڕوانان و کەسایەتییە سیاسی و ڕووناکبیرانی کورد پارێزراوە، چارەنووسی دابونەریتەکانی ئەم گەلەش لە هەر پارچەیەک بەسەرهاتی تایبەت بە خۆی هەبووە. لە باکووری کوردستان بە ئازایەتی و بەرخۆدانی لاوان و پاڵپشتی هێزە سیاسییە کوردەکانی ئەو بەشەی نیشتمان، نەورۆز بەوپەڕی پاراستنی تایبەتمەندییەکانییەوە لە دێهاتەکانەوە گەیشتە شارەکانی کوردستان و دەوڵەتی تورکان سەرەڕای سەرکوتی بێڕەحمانەی بەردەوامی خۆی نەیتوانی بەر بە "نەورۆزی ڕزگاری" بگرێ. تەنانەت بە میلیونها میلیون لیرەی لە ئاو کرد تا نەورۆزێکی دەوڵەتی بۆ تورکان بەڕێوە بەرێ، بەڵام نەبوونی سەرچاوە و بنەماییەکی سیمبولیک لە سەردەمی نەتەوەخوازی پێشکەوتووی ئاتاتورکدا ئەم سیاسەتەی بێ ڕیشە هێشتەوە و بوو بە هیچ.

لە ڕۆژاوای کوردستان لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا کوردەکان توانیان بە یارمەتی شەڕوانان و ڕووناکبیران و خەڵکی وڵاتپارێز لە داوی دەوڵەتی ڕەگەزپەرەستی بەعسی ئەسەدەکانەوە ڕزگاریان بێ و تەنانەت بۆ نیشاندانی "نەورۆزی ڕزگاری" و هاودەنگی لەگەڵ کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان پەیکەری کاوەی ئاسنگەریان لە گۆڕەپانی یەکێک لە شارە ڕزگارکراوەکاندا دانا.

لە باشووری کوردستان ئازادییەکان بڕکەبڕکە و بەشێوەی چاوەدێریی وڵاتە زلهێزەکان بوو کە ئەمەش هەلێکی لەبار بوو کە نەورۆز لەسەر بنەماکانی سەردەمی کۆمار و لەسەر دەستی مامۆستا پیرەمێرد بێتە پێش. باشوری کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە کە مەلا مستەفای بارزانی وەک میوانی تایبەت لە جێژنی نەورۆز داوەت کرا تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ هێلانەیەکی دڵخۆشکەر بووە بۆ بەرزڕاگرتنی یادی "نەورۆزی ڕزگاری" کوردانی هەر چوارپارچەی کوردستان .

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لانکە و هەوێنی نەورۆزی پێشکەوتووی کوردانە، پیلانەکان بۆ سڕینەوەی ئەم سەرچاوە مێژووییە ڕادیکاڵتر و گشتگیرتر بوون. دەسەڵاتی ئیسلامی حکوومەتی بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ لە شەڕی چەکداری و زیاتر لە ٤٠ ساڵە لە شەڕی پاکتاوکردنی فەرهەنگیدایە لەگەڵ کوردان. لە ماوەی ٢٠ ساڵی ئەوەڵی شەڕی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا نەورۆز لەنێو خەڵکدا

درێژە بۆ لاپەڕەی ١٠

دارسمە
دارسمە دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

## تۆ بڵێی ئەم شێوازە خۆشەی تۆڵەسەندنەوەیە ببێتە باو؟

دەسەڵاتدارانی ئێران لە سەرەتای دروستبوونی ئەم ئێرانەوە لە تۆڵەسەندنەوە لە دوژمنانیان بەردەوام بوونە و ڕێبازی هەمەچەشن و جۆربەجۆریان بۆ تۆڵەسەندنەوە گرتووەتە بەر. لەم بابەتەدا مەبەست لە سەردەمی دروستبوونی ئێران هاوکات لەگەڵ دامەزرانی دەسەڵاتی حەمەڕەزای قزڵباش دەست پێدەکا.

هەروەک ئاماژەی پێ کرا، دەسەڵاتی ئەم ئێرانە هەتا هەنووکە بۆ ئەستاندنەوەی تۆڵە دەستی داوەتە گەلێک شێوازی جۆربەجۆر، بەڵام لەم دواییەنەدا شێوازی زۆر مۆدێرن و نوێی دۆزیوەتەوە. هەندێک لەم جۆرە تۆڵەسەندنەوانە ئەوەندە مۆدێرن و سەردەمیانە و پێچەڵپووچن، هەر پیاو نا، تەنانەت ژنیش سەری لێ سوڕ دەمێنێ.

دەسەڵاتی ئەم چلساڵەی دوایی ئێران بە جۆرێک تۆڵەسەندنەوەکانی "ترش‌وخوێ" کردوە هەر مەپرسە. بەڵام لە تەنیشت ئەم شێوازە نوێیانە کەمتازۆر شێوازە کۆنەکانیش هەروا بەردەوامن. ئەوەی پێی دەگوترێ تێرۆر و تۆقاندن و لە جۆری وەک تەقەلێکردن بە چەکی وەک تۆقتۆقە و دەمانچە و تفەنگ و ڕەشاش و تۆپ و فڕۆکە و تەنانەت مووشکی دوورهاوێژیش ئەنجام دەدرێ، تەنیا بۆ دوژمنانی نێوخۆی ئێران و دەسەڵاتی کەمهێزی دەروجیرانان کەڵکی لێ وەردەگیرێ. شێوازە کۆنەکە لە دوو جۆری بێدەنگ و بە هات‌وهاواردا جێبەجێ دەکرێ.

لە جۆری یەکەمدا بە بێدەنگی نەیارێک یان چەند نەیاری دەسەڵات بە کەڵکوەرگرتن لە نامرۆڤانەترین شێوازی گونجاو دەکوژرێن و لەسەر ڕێگە لا دەدرێن و دەسەڵات وەک بکەری تیرۆرەکە قەراقوپ دەکا و دەمی هەموو دامودەزگاکانی دەبن بە تەڵەی تەقیو. بەڵام لە جۆری دووهەمدا کە گەلێک جاران دەسکەوتی کەم یان پێچەوانەی لێ دەکەوێتەوە، دەیکەن بە هات‌وهاوار و پێداهەڵدان. بۆ ئەمەیان دوو نموونەی لێدانی بنکەی عەینولئەسەدی عێراق و ئاخرین مووشەکبارانی قەراغ و بیجاغی هەولێر بەرچاون. لەمەی دواییاندا دوای کوژرانی دوو چەکداری سوپای قودس لە سووریە بە دەست ئیسرائیل کە پێچەوانەی هەزاران کوژراوی لەم شێوەیە هەر ڕۆژی یەکەم ناویان ئاشکرا کرا، کۆماری ئیسلامی بۆ تۆڵەسەندنەوە پەنای بۆ تیۆریی "بکوتە کورتانی" برد و ڕێگەی بکوتە کورتانی گرتە بەر. لەم ئاراستەیەدا لە دوو قۆڵی نیزیک تەورێز و نزیک کرماشانەوە بە مووشەکان داگژایە بنکەیەکی گەورەی خەیاڵیی ئیسرائیل لە نزیک شاری هەولێر.

ئەم بنکە ستراتیژییە خەیاڵییەی کە ئێران بە تۆڵەی کوژرانی دوو پاسدارەکەی چەند ڕۆژ پێش دایە بەر ڕێژنەی ١٢ مووشەک، بریتی بوو لە بنکەیەک کە گەورەترین پلان‌داڕێژەرانی ئیسرائیل لەوێوە پلانی بەڕێوەبردنی ئیسرائیل و هەموو جیهانیان دادەڕشت. ئەم بنکەیە ئەوەندە ستراتیژی بوو، سەردانی ئەم دواییەی "نەفتالی بێنێت"ی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل بۆ وڵاتانی کەنداو، ڕووسیە و فەرەنسە لەوێوە داڕێژرابوون. بەگوێرەی خشتەی ناوی ئەو جوولەکانەی ئێران دەڵێت لەم هێرشە مووشەکیەدا کوژراون و هەمووشیان هەر یەکەو بە جۆرێک لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر کاریان دەکرد، لەمەودوا کاری لۆبیی ئیسرائیلی لە ڕووسیە، ئورووپا، ئەمریکای نێوەندی و کانادا و ئەمریکای باشوور و ئەفریقا و ئاسیا و وردە دورگەی دووری نێو قووڵایی جەمسەری باکووری زەویش بێئاکام دەمێننەوە. ئەمە هەمان پێشەکی و سەرەتای نەمان و پووکانەوەی ئیسرائیل لە ٢٣ ساڵ و چەند مانگی دیکە دایە. پێشتریش نازانم ساڵێک و چەند مانگ لەمەوبەر بوو ئێران ڕایگەیاند ئیسرائیل ٢٥ ساڵی دیکە لەنێودەچێ.

ئەمەی لەسەرەوە باسی کرا، ئاخرین هەنگاوی تۆڵەسەندنەوە بە شێوازی کۆن یان کلاسیک بوو کە کۆماری ئیسلامی ئەنجامی دا. بەڵام شێوازە نوێ یان مۆدێرنەکە شێوازێکی سەرنجڕاکێشە و پێوسیتیی بە هەڵوێستە و لێکدانەوەی زیاترە. ئەمەیان دەکرێ ناوی بنێین، شێوازی "ئانتی شەکدەم". کاترین شەکدەم ئەو خانمە جوولەکە بە ڕەگەز فەرەنسەییە بوو لە ماوەی ڕابردوودا دوای چەند ساڵان خەپخەپێن و تێکەڵبوون لەگەڵ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئاشکرای کرد لەم چەند ساڵەدا کڵاوێکی وای ناوەتە سەریان هەر دووک گوێ و چاوانیشیان دابپۆشێ. دوای ئەمە کۆماری ئیسلامی ویستی لە "پاتەک" یان دژە هێرشێکی "برق‌آسا"دا تۆڵەی بستێنێتەوە و شێوازە مۆدێرنەکەی بەم جۆرە دەستی پێ کرد: خاتوونێکی ٢١ ساڵەی بە ڕەچەڵە ئێرانی بە ناوی "نیکا نیکۆبین" لە شاری "لاسڤێگاس"ی ئەمریکا، لەناکاو بیری کەوتەوە بە شێوەیەکی خۆش تۆڵەی کوژرانی قاسم سولەیمانی لە نزیکترین کەسی ئەمریکایی بکاتەوە. لەو جۆرە تۆڵەسەندنەوەیەدا سیاسەتی "نە شیش بسووتێ، نەکەباب" سیاسەتێکی سەرکەوتووانەیە. خانمە بە ڕەچەڵەک ئێرانییەکە زۆر لێزانانە نەخشە دادەڕێژێ و پیاوێکی ئەمریکایی بۆ تۆڵەسەندنەوە بە بیانووی خۆشەویستی دەستێنیشان دەکا و دوایە بە بیانووی خۆشەویستی دەیباتە ژووری هوتێلێک. لەوێ چاوی دەبەستێ و سەرەتا بەئارامی خۆشیی پێدەگەیەنێ و لە درێژەدا بەئارامی خەریک دەبێ ملی ببڕێتەوە. ئەمریکاییەکە دوای ئەوەی ئازار بەملی دەگا، واز لە خۆشییەکە دەهێنێ و لە دەست ژنە ٢١ ساڵە ئێرانییەکە ڕا دەکاتە دەرەوە و بەمجۆرە لەنێو دڵی دوژمندا تۆڵەسەندنەوەی کۆماری ئیسلامی بە وردی و بە نەرمی ئامانجی خۆی دەپێکێ.

پرسیارێکی گرینگ: لە نێوان "نیکا نیکۆبین" و "کاترین شەکدەم" کامیان لە ئەرکی قورسیاندا سەرکەوتووتر بوون؟

پرسیارێکی گرینگتر: تۆ بڵێی لەمەودوا ئەم شێوازە تۆڵەسەندنەوەیەی "نیکاگیان" ببێتە باو؟

# بۆچی هەولێر کرا بە ئامانجی هێرشی مووشەکی؟



ڕەزا محەممەدئەمینی

بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە ٢٢ی ڕەشەمە، ١٢ مووشەکی دوورهاوێژی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی، هەولێر، پێتەختی هەرێمی کوردستانیان کردە ئامانج و دەسەڵاتی خۆجێیی ئەو بەشە لە کوردستانیان ئاگادار کردەوە کە کۆماری ئیسلامیی دراوسێیان بۆ پاراستنی بەناو بەرژەوەندییەکانی و لە ڕاستیدا درێژەدان بە سیاسەتە ناوچەییەکانیان لەحاند نەیارانیان، لە هیچ کردەوەیەک، تەنانەت ئەگەر مووشەکبارانی هەولێری پێتەختی باشووری کوردستانیش بێت خۆ ناپارێزێ.

دیارە ئەوە یەکەمجار نییە و ڕەنگە کۆتا جاریش نەبێ کە کۆماری ئیسلامی سنوورە جوغرافیاییە نێودەوڵەتییەکان دەبەزێنێ و بۆ زەبرلێدان لە نەیارانی ڕێسا و یاسا نێونەتەوەییەکان لەژێر پێ دەنێ. کۆماری ئیسلامی لەپاش هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق و ڕووخانی دەسەڵاتی سەددام حوسێن، بەهۆی دەستە و تاقمەکانی، سینگی خۆی لەو وڵاتە داکوتاو و بوو بە یەکێک لە ڕۆڵگێرانی گۆڕەپانی سیاسی لە عێراق؛ هەربۆیەش عێراق بوو بە مەیدانی تەڕاتێنی و ئەو ڕێژیمە. لەوساوە ڕێژیم وەک حەسارخەڵوەتێک ڕوانیویەتە ئەو وڵاتە، دیارە لەو بەینەدا هەرێمی کوردستان بەلەبەرچاوگرتنی زۆر فاکتەر، گرینگیی تایبەتیی بۆ کۆماری ئیسلامی هەیە و ڕێژیم بە هەستیاری و ڕوانگەیەکی تەواو ئەمنییەتییەوە دەڕوانیەتە ئەو بەشە لەکوردستان و لەڕاستیدا لە سیاسەتی درێژخایەنی خۆی و بۆ بەکردەکردنی "هیلالی شیعی"، باشووری کوردستان بە خاڵێکی ستراتیژیک دادەنێ!

هەر چەند لەپاش ئەو هێرەشە سەرەتا دەوڵەت و بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی حاشایان لە دەستتێدابوون لەو هێرشەدا کرد، بەڵام پاش چەند کاتژمێر سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بەرپرسایەتیی ئەو هێرشەی گرتە ئەستۆ و گوتی ئەوەی بۆ تۆڵەسەندنەوەی کوژرانی دوو فەرماندەی پلەبەرزی سپا لە سووریە کردوە کە چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە هێرشی مووشەکیی ئیسرائیل بۆ دەمیشق کوژراون. هێرشی مووشەکی بۆ سەر هەولێر بەخۆشییەوە جگە لە خەسارەتی ماڵی و وێرانبوونی چەند باڵاخانەیەک، زیانی گیانیی لێ نەکەوتەوە، بەڵام هەڵگری چەند پەیامێک بوو کە ڕێژیمی دەسەڵاتدار لەئێران ئاڕاستەی دراوسێکانی، بەتایبەت هەرێمی کوردستانی لە عێراق کردوە.

ڕێژیمی ئێران بەو هێرشە نیشانی دا عێراق و هەرێمی کوردستان لەباری ئەمنییەتییەوە بەسراونەتەوە بە ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی و هەموو ئاراستەکان دەبێ بەو ئاقارەدا بڕۆن کە بەرژەوەندیی کۆماری ئیسلامی تێدا بێ، یان لانیکەم زەرەر و زیانی بۆ ئەو ڕێژیمە نەبێ؛ لەو پێناوەشدا کورد گوتەنی، (شەلم، کوێرم، کەس نابوێرم) داویەتە بەر و ئەگەر هەتا ئێستا گومانێک لەسەر ئەو ڕاستییە هەبێ، ئەوە هێرش بۆ سەر پێتەختی هەرێمی کوردستان، ئەویش بە مووشەکی دوورهاوێژی بالستیک، هەموو دوڕدونگییەکان دەڕەوێنێتەوە.

کۆماری ئیسلامی بە بیانووی بوونی بەناو ناوەندی هەواڵگریی ئیسرائیل لە هەولێر و هەرێمی کوردستان هێرشی مووشەکیی کردووەتە سەر کۆنسوولخانەی تازەی ئەمریکا لە ئەم بەشە لە خاکی کوردستان؛ پرسیار ئەوەیە، بۆ کۆماری ئیسلامی ڕاستەوخۆ هێرش ناکاتە سەر ئیسرائیل و زەبری خۆی لێ ناوەشێنێ و تۆڵەی دوو سەرکردە پاسدارەکەی و دەیان و سەدان پاسدار و هێزی خۆی ناکاتەوە کە لە سووریە کوژراون؟ بۆ هێرش بۆ بنکەکانی دیکەی ئیسرائیل لە وڵاتانی دراوسێ ناکا کە لە پاش پەیمانی"ئاشتیی ئیبراهیم" دامەزراون و ئێستا پێوەندی زۆر توندوتۆڵیان لەگەڵ ئیسرائیل هەیە؟ ئیسرائیل بە وتەی کاربەدەستانی ئەو وڵاتە و هەواڵدەرییەکان، بە سەدان جار ناوەندە سەربازییەکانی کۆماری ئیسلامیی لە سووریە داوەتە بەر هێرش و سەدان کەسی لێ کوشتوون، جگە لەوەش لە نێوخۆی ئێران تەنگی بە سپای پاسداران هەڵچنیوە و زۆر لە زانا ناوکییەکان، وەک موحسین فەخریزادەی لەنێو بردوە؛ لەڕاستیدا کۆماری ئیسلامی دەزانێ ناتوانێ ڕاستەوخۆ لە ئیسرائیل بدا، بەتایبەت لەو کاتە ناسک و هەستیارەدا کە دانووستانەکانی بەرجام بەردەوامە و دەسەڵاتدارانی ئێران دەیانەوێ بە دانی کەمترین تێچوو، بەرۆکی خۆیان لە گوشارەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ڕزگار بکەن، هەربۆیەش زۆرتر هەوڵ دەدا لە ڕێگای گرووپ و دەستەو تاقمەکانی لە وڵاتانی ناوچە و هەروەها بەم دواییانە لە عێراق و باشووری کوردستان، بەناو زەبر لە پێگە و ناوەندەکانی ئیسرائیل بدا، پێگە و ناوەندگەلێک کە بوونیان لەلایەن کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان و ئەمریکا و تەنانەت ئیسرائیلیش حاشای لێ دەکرێ.

کۆماری ئیسلامی مەبەستی لە هێرش بۆ سەر هەولێر تەنیا بە وتەی خۆی زەبر لێدان لە بەناو بنکەو بارەگای ئیسرائیل نەبووە کە لە ئەساسدا وەک باس کرا بەوتەی کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان هەر بوونیان نییە، بەڵکوو مەبەستیان زەبرلێدان لە کەرامەت و شکۆی دەسەڵاتێکی تازەپێگەیشتووی کورد و دژایەتی لەبڕاننەهاتوویان لەگەڵ نەتەوەی کورد بووە. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەڕاشکاوی دەڵێن ئێمە ناتوانین دەسەڵاتێک لە باشووری کوردستان تەحەموول بکەین کە لە دەرەوەی بازنەی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانماندا بێ، بەواتایەکی دیکە ڕێژیمی ئێران و سپای پاسداران دەیانەوێ باشووری کوردستان وەک باشووری لوبنان ببێتە ناوچەی ژێر دەسەڵاتیان و گۆڕەپانی شەڕی نیابەتی، وەک ئەوەی ئێستا لە یەمەن دەیکەن. ڕاستە ئیسرائیل زیانی زۆر گەورەی لە سۆمعە و شکۆی ڕواڵەتیی کۆماری ئیسلامی داوە و ئەوەش بێگومان کاریگەری هەیە لە سەر تووڕەیی کۆماری ئیسلامی و هەستی تۆڵەسەندنەوە، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئێران لەلایەک باش دەزانن دەبێ تێچووی سیاسەتەکانیان لە سووریە و لوبنان بدنەوە و لەلایەکی دیکەش بیر لەوە دەکەنەوە بۆ زەبرلێدان لە ئیسرائیل و ئەمریکا کام ڕێگا تێچووی سیاسی و کردەیی کەمترە! ئەوە بگرنەبەر؛ هەربۆیەش لەسەر ئەو باوەڕەن عێراق و باشووری کوردستان لەبارترین شوێنە بۆ ئەو مەبەستە، بەتایبەت کە بە بۆچوونی خۆیان دەتوانن جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد بەگشتی لەبار بەرن.

شک لەوەدا نییە یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی لە مووشەکبارانی هەولێر ئەوە بوو بە ئەمریکا و دەوڵەتی عێراق و هەرێمی کوردستان بڵێ بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانم هیچ سنوورێک ناپارێزم و شەڕی یەکلاکەرەوەش ئەگەر لەئارادابێ ئەوە من ئامادەی ئەو شەڕەم. دیارە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتی داپڵۆسێنەری خویدا نیشانی داوە بۆ بەکردەکردنی سیاسەتەکانی، ئامادەیە تێچووی زۆر بدا و کورد گوتەنی "پشتی خاراوە"؛ ئەو تێچوویەش بۆ خامنەیی و شوێنکەوتووانی زۆر گرینگ نییە چەندە کاریگەریی هەیە لەسەر خوانی خەڵکی هەژار و داماوی ئێران، بەڵکوو گرینگ مەرام و ئامانجەکانیانە کە هەتا ئێستا عەوداڵی بوون و لەپێناویدا سەروەت و سامانی خەڵکی ئێرانیان بەبا داوە.

کۆماری ئیسلامی شەڕی ڕاگەیەندراو و ڕانەگەیەندراوی لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهان هەیە و لەگەڵ چەند حکوومەتێکی سەرەڕۆ و دیکتاتۆڕیش، وەک ڕووسیە و چین و کۆریای باکوور و چەند وڵاتێکی دیکە پێوەندی دۆستانەی هەیە. ئەو ئاڕاستەیە پێمان دەڵێ ڕێژیمی ئێران خۆی یەکلا کردۆتەوە و دەزانێ بۆ چی و بە چ مەبەستێک سیاسەتی دەرەوەی خۆی داڕشتوە؛ لەڕاستیدا هێرشی مووشەکی بۆ سەر هەولێر، بەتایبەت لە جەنگەی هێرشی ڕووسیە بۆ ئۆکراین و هەروەها لە کاتێکدا کە دانوستانەکانی زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنی لەبارچووی بەرجام لە ویەنی ئۆتریش بەردەوامە، لەلایەک پێمان دەڵێ ئەمریکای جۆبایدەن و دێمۆکراتەکان نەیانتوانیوە ئەو جۆرەی کە چاوەڕوان دەکرا لەگەڵ قەیرانەکان، بەتایبەت قەیرانەکانی خوڵقاوی دەستی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوو بن و لە ئاستی ئەو بەرپرسیارەتییەدا نەبوون کە لە ئەمریکا چاوەڕوان دەکرا. لەلایەکی دیکەش ئەوە کۆماری ئیسلامییە کە کەڵک لە دۆخی ناوچەیی و نێونەتەوەیی، بەتایبەت شەڕ و دەستدرێژی ڕووسیە بۆ سەر ئۆکراین وەردەگرێ و دەیەوێ بڵێ لە هاوکێشەکاندا خۆی یەکلایی کردۆتەوە و لە بەرەی چین و ڕووسەکاندایە؛ هەربۆیەش چاونەترسانە و بێگوێدان بە یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییە پەسندکراوەکان سەروەریی خاکی دراوسێیەکەی پێشێل دەکا.

ئەو هێرشە مووشەکییە سەلماندی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، ڕێژیمێکی بێ پڕەنسیپ و نابەرپرسە و دەوڵەتی عێراق و هەرێمی کوردستان دەبێ باش بزانن، کردەوەی وەک مووشەکبارانی پێتەختی باشووری کوردستان ئەگەری دووپاتبوونەوەی هەیە و هیچ گەرەنتییەک نییە سپای پاسداران، عێراق و کوردستان لەوە زیاتر نەکاتە مەیدانی تەراتێنی خۆی؛ بەتایبەت کە بەهۆی دەستە و تاقمە چەکدارەکانی لە عێراق دەستی دەڕوا؛ دەستەو گرووپ و تاقمێک کە بەئاشکرا پشتگیریی هێرشی مووشەکی کۆماری ئیسلامییان بۆ هەولێر کرد. بۆیە دەبێ لە تەواوەتیی خۆیدا خەم لەو پرسە هەستیارە بخۆن.

درێژەی لاپەڕەی ٩

# نەورۆز لە هاوکێشەکانی نێوان خەڵک و دەسەڵاتدا

جارێکیتر گەڕایەوە بەر دەرک و نێو ماڵان، سەما و هەڵپەڕکێ بۆ یەکەم جار لە ئاگر دەستی دابڕا، چونکە مەلاکان مۆسیقا و سەمایان دژ بە دین و ئایین تەفسیر دەکرد. بەڵام لەنێو پێشمەرگەکاندا لە داوێنی چیا سەرکەشەکانی زاگرۆس هەموو ساڵێ بە سەما و هەڵپەڕکێ پارێزگاری لە هەوێنی یادگارەکەی نەورۆزی ١٣٢٥ دەکرا. لە ٢٠ ساڵی دووهەمی خەباتی حیزبەکاندا کە بەرەبەرە پێشمەرگەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کشانەوە ئەم هەوێنە لە گوندەکانی سەر بە سنوور کرا بە بنەمای هەڵکردنی نەورۆزێکی نیشتمانی. لەم ماوەدا ڕێژیم نەتەنیا گوشارەکانی بۆ سەر خەڵکی ڕۆژهەڵات و بەندکراوە سیاسی و فەرهەنگییەکان کەم نەکردەوە بەڵکوو دەستی کرد بە تۆڵەسەندنەوەیەکی بێوێنە، هەر بۆیە خەباتی تەشکیلاتی دەستی کرد بە پتەوکردنەوە و گشتگیرکردنەوەی چالاکییە سیاسی و فەرهەنگییەکان. نەورۆز وەک هێما و سیمبولی هاوبەش لە خەباتی نەتەوەخوازانەی حیزبەکان و خەڵکی وڵاتپارێزدا لە گوندەکانی سەر سنوورەوە باڵی کشا بەرەو دوورترین گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وای لێ هات کە ڕێژیم بۆ بەرگریکردن کەوتە دەستبەسەرکردنی چالاکانی بەڕێوەبەری نەورۆزەکان، بەڵام پشتگیری کاناڵ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی سەر بە حیزبە کوردییەکان هەم بوو بە ڕێگر لە هەمبەر گوشارەکانی دەزگا ئەمنییەکان لەسەر گیراوان و هەم بوو بە بانگەوازێکی گەورە بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵات کە داکۆکی بکەن لە بەرزڕاگرتنی نەریت و سیمبولە نەتەوایەتییەکانی خۆیان.

دەسەڵات ئەمجارە لە دووپاتبوونەوەی ئەزموونی کوردەکانی باکووری کوردستان و دەسەڵاتدارانی تورک ترسا و بە دەمامکە کۆنەکەی خۆی هاتە مەیدان و بە دروشمی کورد و فارس لە یەک ڕیشە و یەک بنەچەن دەستپێشخەر بوو لە بەڕێوەبردنی نەورۆز لەو گوندانەی تا ئێستا بەکۆمەڵ ئاگری نەورۆزیان هەڵنەکردبوو، ئەمەش بە خەیاڵی دوور خستنەوەی خەڵک لە هێما و پەیامی نەتەوەخوازانەی حیزبە کوردییەکان بوو، بەڵام دوای چەند ساڵێک ئەم سیاسەتەش شکستی هێنا و ئەو گوندانەی ڕژێم بۆ نەورۆز دەستنیشانی کردبوو ورەی بەڕێوەبردنی نەورۆزیان زووتر تێزایی و ئیدی بوو بە نەریتێکی هەمیشەیی و لە "نەورۆزی جامانەکان" بۆ هەمیشە ئاوی پاکی کرایە دەستی ڕێژیمدا کە واز لە پێکهێنانی نەورۆزی حکوومەتی بێنێ. بەڵام باڵکێشانی نەورۆزەکان لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان گرفتێکی نوێیە بۆ ڕێژیم کە لەم چەند ساڵە سەرقاڵی پیلان داڕشتنە بۆ ئەوەی لە ژووری هۆڵە دەوڵەتییەکان نەچێتە دەرەوە، بەڵام بەشداریکردنی لەڕادەبەدەری خەڵک لەم شوێنانە و هەڵکردنی هێما نەتەوەییەکان، نەورۆزی لە چواردیواری ژووری سالونە دەوڵەتییەکانیش هێنایە دەرەوە و لەم دواییانەدا ستادیۆم و یاریگاکان پێشوازی لە نەورۆزی هەمیشە پیرۆز دەکەن؛ ئەمەش سەرکەوتنی خەڵکە بەسەر دەسەڵات لە قۆستنەوەی ئەم نەریتە سروشتییە.

بێگومان لە داهاتووی نزیکدا جارێکیتر گۆڕەپانی شارەکان دەبێتە لانکەی "نەورۆزی ڕزگاری" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و ئەم نەریتە مێژووییە پێشوازی لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵک و ڕۆڵە قارەمانەکانی دەکا.

## بە بایکۆتی ڕێوڕەسمەکانی ژێر کۆنترۆڵی ڕێژیم "نا"یەکی دی بە ڕێژیم دەڵێینەوە



**هاونیشتمانیانی خۆشەویست، خەڵکی بەهەڵوێستی کوردستان!**

بەرەبەرە خەریکین لە کۆتایی ساڵ نزیک دەبینەوە و پێ دەنێینە نەورۆز و ساڵی تازە. بەو بۆنەوە سەرەتا پیرۆزباییەکی گەرم لە ئێوە تێکڕای خەڵکی خۆشەویست، بەتایبەت بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانییانی سیاسی و پێشمەرگە گیانلەسەردەستەکانی کوردستان، تێکۆشەرانی سیاسی و خەمخۆرانی نیشتمانی خۆشەویستمان لە هەموو بوارەکانی خەباتدا دەکەین. هیواداریـن ئەو ساڵتان بە هەموو کێشە و گیروگرفتەکانی سەر ڕێگای ژیانتان بە سەرکەوتوویی بەڕێ کردبێ و بە دڵخۆشییەوە پێشوازی لە ساڵی نوێ بکەن.

**خەڵکی شۆڕشگێڕ و خەباتکاری کوردستان!**

هەروەک هەموو لایەکتان دەیزانن ساڵی ڕابردوو وەکوو ساڵانی پێشووتر خەڵکی ئێران و بەتایبەتی کوردستان ساڵێکی پڕ لە زەحمەت و کێشە و گرفتیان لە سایەی دەسەڵاتدارییەتی کۆماری ئیسلامی بەڕێ کرد. بەداخەوە ئەو ساڵیش لە درێژەی سیاسەتی شەڕخوازانە و نەزانکارانەی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی، گرانی و هەژاری و بێکاری و کێشە یەک لە دوا یەکەکانی خەڵک، نەک کەمی نەکردووە بەداخەوە زیاتریش بوون و بەشی هەرە زۆری خەڵکی ئێران لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. بەرپرسانی ڕێژیم و دەسەڵاتدارانیش داهاتی وڵاتێکی پڕ پیت و بەرەکەتی وەک ئێران، یان خۆیان و داروودەستەکەیان بە ئاشکرا دەیدزن یان خەرجی دەستێوەردان لە وڵاتانی ناوچەکە و یارمەتیی ڕێکخراو و تاقمە تێرۆریستەکانی هاوپیشەی خۆیان دەکەن. بە جۆرێک کە گەندەڵیی هەزاران میلیاردیی مافیاکانی نێو دەسەڵات و سپای پاسداران بڕستی لە خەڵک بڕیوە و ژیانێکی ئاسایی بۆ زۆرێک لە خەڵکی ئێران بووەتە خەون و خەیاڵ. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە بە خۆشییەوە خەڵکی ئێران و بەتایبەتی کوردستان بە هیچ شێوەیەک تەسلیمی ئەو سیاسەتە وێرانکارییانەی ڕێژیم نەبوونە و بەردەوام بە شێوەی جۆراوجۆر نارەزایەتییان دەربڕیوە. بە جۆرێک کە ئەو ساڵ زیاتر لە ساڵانی پێشوو چین و توێژەکانی نێو کۆمەڵگە کۆبوونەوەی نارەزایەتییان بەڕێوە بردوە و لە بەرامبەر دیکتاتۆریی ئاخوندیدا ڕاوەستاون.

نەورۆز یەکێک لە بۆنە گەورە نەتەوەییەکانی گەلانی ناوچەکە و بەتایبەتی گەلی ئێمەیە کە ساڵانێکە خەڵکی کوردستان جیا لە بۆنەیەکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی، کردوویانەتە مەیدان و مەتەرێزێکی بەهێز و ئەوەی تێدا دەبینرێ خەباتێکی بەربڵاو و "نا"یەکی گەورەیە بە داگیرکەرانی کوردستان و لە هەمان کاتیشدا پتەوترکردنی زیاتری ڕیزەکانی خۆیانە. ساڵانێکە هەوری و جامانە و گوڵی سوور تێکەڵ بە شایی و گۆڤەندی کوردەواری بووە و سیمایەکی جوانی بە ڕوحی یەکگرتوویی و شوناسخوازیی نەتەوەکەمان بەخشیوە. بۆیە ئەمساڵیش وا چاوەڕوان دەکرێ کە نەورۆزی ئەوساڵی کوردەواری بە جۆش و خرۆشێکی زیاتر لە ساڵان لە هەموو شار و دێهاتەکانی کوردستان بەڕێوە بچێ و مزگێنیدەری بەهارێکی ڕەنگین و ساڵێکی پڕ دەسکەوت بۆ گەلەکەمان بێ.

**خۆشەویستان!**

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە درێژایی هەموو ساڵانی دەسەڵاتداریی ڕەش و پڕ لە عەیب و عاری بەردەوام هەوڵی داوە کە پێش بە خۆشی و شایی خەڵک بگرێ و ئەوەی لە توانایدا بووە بۆ پێشگرتن لە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان درێغیی نەکردوە. هەر لە گرتن و بانگکردنی چالاکانی فەرهەنگی و مەدەنییەوە بگرە تا هەڕەشە و گوڕەشە لە خەڵک، هەوڵی داوە نەهێڵێ ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان بەڕێوە بچن، بەڵام بەخۆشییەوە خەڵکی کوردستان کۆڵیان نەداوە و بە هەر شێوەیەک بۆیان کرابێ بە حەماسەت و بە جۆش و خرۆشەوە ڕێوڕەسمەکانی خۆیان بە شکۆیەکی زیاترەوە بەڕێوە بردوە. ڕێژیم کە لەو هەوڵەیدا سەر نەکەوت ئێستا دەیەوێ بە پیلانێک ڕێوڕەسمەکان بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی و لە لایەکی دیکەشەوە سیمایەکی دیکە لە خۆی پیشان بدا. ئەویش ئەوەیە کە دەیانەوێ لە هەندێ جێگا و بۆ وێنە لە شاری سنە بە وتەی خۆیان کەرنەڤاڵی نەورۆزی وەڕێ بخەن کە هیچ گومان لەوەشدا نییە کە خەڵک بە نەریتی ساڵان لەو شوێن و جێگایانەی کە مەبەستی خۆیانە ڕێوڕەسم دەگرن و ئاوری نەورۆز دەکەنەوە. دەبا لێرەشدا بە بایکۆتی ڕێوڕەسمەکانی ژێر کۆنترۆڵی ڕێژیم "نا"یەکەی گەورەیان پێ بڵێین و ئەو پیلانەشیان لێ لەقاو بدەین.

**هاونیشتمانییانی خۆشەویست!**

داواتان لێ دەکەین بە ئامادەبوونتان لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی کە لەلایەن خەڵکی خەمخۆری خۆتانەوە بەڕێوە دەچن، بە جلوبەرگی جوان و ڕەنگینی کوردەواری و لەملکردنی جامانە و هەوری و بەدەستەوە گرتنی گوڵی سوور نەورۆزی ئەمساڵیش بکەنە دەرفەتێکی باش بۆ نیشاندانی یەکگرتوویی و یەکڕیزیمان.

جارێکی دیکە نەورۆزی کوردەواری لە هەموو لایەکتان پیرۆز بێ و بە هیوای ساڵێکی پڕ دەسکەوت و شایی و خۆشی بۆ هەموو لایەک.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٥ی ڕەشەمەی ١٤٠٠**

# کورتە ئاوڕێک لە ڕۆمانی «هانا»
# لە نووسینی ڕەند زارعی


سارۆ خوسرەوی

نووسەر لە دەسپێکی ڕۆمانەکەیدا، سەرنجت بۆ لای خەوی (کە دەکرێ مەبەست لە خەوی ئەبەدی یان هەمان مەرگ بێ) ژنێک بە ناو هانا ڕادەکێشێ. دیاکۆ، هاوژینی هانا لە کارەساتی مەرگی ژنەکەیدا، بە خیاڵ دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو و ئایینی کەونارای کوردان و دواجار لەلای ئاناهیتا دەگیرسێتەوە بۆ ئەوەی تەسکینێک بداتە دڵی خۆی، ژانی دڵی دەسپێرێ بە سۆزی ئەو شمشاڵەی ئاناهیتا کە بە میرات بۆی بەجێ ماوە. دواجار وەک نووسەر ئاماژەی پێ دەکا، ئاناهیتای خوداوەند، خوای ئاو و هونەرە.

لە ڕۆمانی «هانا»دا شمشاڵ وەکوو هێمایەک بۆ پیرۆزیی هونەر ماچ دەکرێ. لە یارسانیشدا، لە دەسپێک و کۆتایی ژەنینی تەمبوور، تەمبوورژەن، دەسکی تەمبوورەکەی ماچ دەکا. زیارەتکردنی ئامێری مۆسیقا لەلای ئێزدی و یارسانی بە واتای لاواندنەوەی ڕۆحە لە بەرانبەر زاتی حەق، سووکنایی دڵە لەبەرانبەر کۆچی ئەبەدی (لە زمانی نووسەرەوە، خەوێکی قووڵ و قورس کە هانا لێی ڕاناپەڕێ). بەتایبەت ئەو کاتەی کەسێکی یارسانی ماڵاوایی لە ژیان دەکا، بە ژەنینی تەمبوور و بەزمی «فانی فانی» دەیبەن بۆ مەزار و ئەسپەردەی خاکی دەکەن. لێرەدایە ڕۆحی مردووەکە بە نەوای تەمبوور ڕەوانەی دۆنی نوێ دەکرێ. مەبەستمە بڵێم، نووسەر چەندە شارەزایانە مۆسیقا وەکمیراتی ئایینی کوردان تێکەڵ بە نزا و پاڕانەوەکانی کەسی یەکەمی ڕۆمانەکەی کردوە و جارێکی دیکە بە گێڕانەوەیەکی ئەدەبی، میراتی کولتووری، داب‌ونەریت و تێڕوانینی کورد لە قووڵایی دڵی دیرۆکەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو دەکاتە گێڕانەوە و لە قالبی ڕۆماندا دەیگێڕێتەوە. لێرەدا دەردەکەوێ کە کورد و مۆسیقا هەر لە کۆنەوە دوو دوانەی ئاوێتاری یەکتری بوون. لە هەموو خۆشی و نەهامەتییەکانی ژیاندا مۆسیقا وەک ئامێرێکی پیرۆز دەوری سەرەکیی هەبووە لە لاواندەوەی ڕۆحی مرۆڤی کورد، بۆیەش ئەگەر لەم سۆنگەوە سەیر بابەتی دژایەتیی مۆسیقا بکرێ، شتێکی سەیر نییە ئەو هەمووە دژایەتی مۆسیقا دەکرێ، کەچی کورد ناتوانێ دەستبەرداری بێت، چونکە هەر لە دەورانی میتراوە تا دەگاتە یارسان و ئێزەدی، مۆسیقا وەک هونەرێکی پیرۆز مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و بەشێکی سەرەکی بووە لە باوەڕە ئایینییەکان لە کوردستان. ئامێری تەمبوور و شمشاڵ ڕیشەیان لە فەرهەنگی هەزاران ساڵەی کوردا هەیە.

لە ڕاستیدا، نووسەر لە سۆنگەی کارەساتی تراژیدی بنەماڵەیەکی بچووکەوە، باس لە فەرهەنگ و شکۆی نەتەوەیەک دەکا کە بە درێژایی مێژوو ناسنامەکەی کراوەتە ئامانج. مەرگی هاوژینەکەی دیاکۆ، دەکرێ چەند جارێک خەونی لەبارچووی سەرفرازی کورد بێ لە سنووورە دەستکردەکان. دەکرێ گیان‌سپاردنی هانا، ونبوونی ئاناهیتا بێت لای کوردان. ئاناهیتا لە ژێر تەوژمی کولتووری زاڵ کەمڕنگ و کەمڕنگتر دەبێتەوە تا لە چاوی باوەڕدارانیدا ون دەبێ و دەبێتە بەشێک لە مێژووی تاڵی کورد. هاناش لە ڕێگەی هات‌ونەهات لە هەناسە دەکەوێ و لە پێش چاوی هاوژین و کۆرپەکانیدا دەبێتە خەونێکی تاڵ لە ژیانی تاکی کورد.

دیاکۆ دەزانێ تازە، ئاناهیتا گوێی لە نزا و پاڕانەوەکانی نابێ، بەڵام هەمیسان دڵی ئۆقرە ناکرێ و دەیەوێ بە سۆزی شمشاڵ ئاشتی بکاتەوە و لە مەرگی ئازیزەکەی بەئاگای بێنێ. ئەوجار کە زانی ئاناهیتای خواژن گوێی لە هاواری نابێ، دەنگی بە چیاکان دەسپێری. چیاکان لە شکۆی دەنگی شمشاڵ و پاڕانەوەی دیاکۆی کۆستکەوتوودا خامۆشن. ڕەنگە ڕۆحی هانا دەستەودامێنی ئاناهیتا بووبێ و فڕی بێت بەرەو دۆنی ئەبەدی. دیاکۆ تەنیا هەست بە تارمایی خۆشەویستەکەی دەکا. زین و شیرینیش لە تاو مەرگی دایک و نزای باوکیان کپ و بێدەنگن. پاشان بۆ ئەوەی هەست بە تەنیایی نەکەن دەخزێنە ئامێزی باوکیان.

نووسەر، لەم ڕۆمانەدا، ڕێگای هات‌ونەهات بۆ گەیشتن بە سەربەستی وێنا دەکا. ژیانی کوڵەمەرگیی دیاکۆ و هاوژین و منداڵەکانی وەک ژیانی پڕ لە تراژیدیای گەلێکی بندەست دەکاتە نێوئاخنی گێڕانەوەکەی. پێمان دەڵێ، پەڕینەوە لە سنوورەکانی گەیشتن بەرەو سەربەستی، بە ئەندازەی جێهێشتنی نیشتمانی دایک بەژانە. بۆ کورد فەرق ناکا لە کام سنوور دەکەوێتە کەمینی و دەبێتە قوربانی و ئەو کەسەی لە ڕێگادا دەبێتە چاوساق و دەلیلت، قاچاخچی نییە، قوربانییە. ئیتر قوربانییەکانی ژیان زۆرن.

لە ڕۆمانی هانادا، بێبەزەیی مرۆڤە دڵبەردەکان، هیچ سنوورێک ناناسێ. ئەو دڵژانەی کە هانای لە پا خست، زۆر کەسی دیکەی لە نیوەی ڕێگای گەیشتن بە سەربەستی لە ژیان بێبەش کردوە. ئاخر هەڵچوونەوە بە کێو و دەشتەکانی ڕێگای هات‌ونەهات هەر بە دەم خۆشە. هانا بە مەرگی خۆی خەونی گەیشتن بە سەربەستی لە خیاڵی دیاکۆی هاوژینی دەسڕێتەوە.

دیاکۆ، بە دەم ڕێگاوە بیری دەچێتەوە بۆ لای لالش، ئەو دەمانەی لە گەڵ هانای هاوژینی لە پەرستگەی لالشەوە چاویان لە زەردەپەڕی ئێواران دەبێ. دەیەوێ پێمان بڵێ هانا وەکوو زەردەپەڕی لالش ئاوا بووە، بەڵام خۆشەویستیی وەک لالشی نوورانی قەت لە پێش چاو ون نابێ.

هانا بەر لەوەی گیانی بسپێرێ، بە کچەکانی دەڵێ، ئێوە پاک و پیرۆزن، دوعاتان زۆر گیرایە، دوعا بکەن! شوکری حەوتەوانەکان بکەن کە ئێوەیان لە گرتن و مردن قوتار کرد. ئاخر حەوتەوانەکان زۆرجار ئێمەیان لە مردن ڕزگار کردوە و بۆ خۆشیان ساڵەهای ساڵ بە دوای حەقیقەتا سەرگەردان بوون. کاتێک کە خوای میترایيسم بۆ خۆی ژن بێت، کچ پیرۆزە و دوعای کچەکانی هاناش لای حەوتەوانەکان قەبووڵی حەق دەبێ. ماوەتەوە بڵێم، سنوورەکانی گەیشتن بە بەختەوەری ڕۆژگارێک وای لە منیش کرد، تف لە ژیان بکەم.




ڕۆمانی هانا، لە نێو خەم و نەهامەتییەکاندا، مرۆڤی کورد دەبەستێتەوە بە زەنجیرە چیاکانی زاگرۆس و دەمانباتەوە بۆ یەکەم خاڵی وەرچەرخان لە مێژوو، شارستانییەت، کولتوور و پیرۆزیەکانی میترادا و باوەڕبوونیان بە حەوتەوانەی حەقیقەت لە یارسان و ئێزدیدا. لە ڕۆژی تەنگانەدا، پەنابردن بۆ سوڵتان سەهاک، مەلەک تاوس و پیرانی حەقیقەت، هێمایە بۆ بە هەندوەرگردنی بنەمای هزری و دنیابینیی مرۆڤی کورد لە باوەڕە ئایینییەکانی کوردستاندا.

لە ڕۆمانی هانادا، حەز و ئارەزووی مرۆڤی کورد، بە گەورە و بچووکەوە بۆ ژیانێکی ئاسوودە و سەربەست، حەزێکی لەمێژینە وێنا کراوە. وەک حەزی زین بۆ ژوورێکی پڕ لە بووکەڵە و ئارەزووی هانا و دیاکۆ بۆ ئازادی. دیاکۆ بیری دەکردەوە، وەک ئاناهیتای خواژن بە شمشاڵەکەی ڕۆح بخاتەوە بەر هانای هاوژینی، بەڵام ئەگەر لەباتی شمشاڵ تەمبووری پێ با ڕەنگە بەزمی «فانی فانی» بۆ ژەندبا و و بەمجۆرە ڕۆحی هانا لە دۆنی تازەیدا پشووی هەتاهەتایی دابا.

لەم گێڕانەوەیەدا، خوێنەر وا هەست دەکا، دەردی بێ دایکی زین و شیرین، وەک دەردی دووریی کورد لە نیشتمانەکەی گرانە. دیاکۆ، داهاتوو لە چاوی منداڵەکانی دەبینێ. ئەم بینینە، بینینی هەموو کوردێکە و لە مێژووی دوور و نزیکدا قوربانیی بۆ داوە. ئەو کاتەی نیشتمانت دەبێتە دۆزەخ، تۆ ناچاری نیشتمانێکی تازە بۆ داهاتووی منداڵەکانت (نەوەکانی داهاتوو) بەرهەم بێنی یان بدۆزییەوە. ئەمە بە مانای پشتکردنی یەکجارەکی نییە لە نیشتمانی خۆت، بەڵکوو ئەمەش هەوڵێکە بۆ گەیشتن بە سەربەستی. گرینگ ئەوەیە تۆ وەک مرۆڤ سەربەست بژیت. بەڵام ڕۆمانی هانا پێمان دەڵێ، گەیشتن بە کەنارەکانی سەربەستی زۆرجار ڕووچوونە بە قوڕگی مەرگدا. کۆڵنەدان و ماندوویی‌نەناسی دیاکۆ بۆ ڕزگاریی منداڵەکانی و گەیاندنی تەرمی هانای هاوژینی بۆ شوێنێکی ئارام و ئاسوودە، هێمای وەفاداری و ڕۆحی خۆڕاگرییە لە فەرهەنگی کۆنی زاگرۆسدا. دواجار خۆ ناکرێ لەنێو ئەو هەموو بەسەرهاتە تاڵ و دڵتەزێنانەدا، ترووسکەیەک لە ڕووناکی بە ڕووی خوێنەردا نەکرێتەوە. ترووسکایی هێز دەبەخشی و هیوا لەدڵدا زیندوو ڕادەگرێ. تەرمی هانا لەسەر شانی دیاکۆی هاوژینی، لە بەردەکەی سەر شانی سیزیف دەچێ. سیزیف لە بەر ملپێچی لە فەرمانی خواکانی یونان سزا درابوو، دیاکۆش لە بەر بەرنگاریی دژ بە داگیرکەرانی وڵاتەکەی ڕێگای پڕ لە مەترسی هەڵبژاردبوو.

بەسەرهاتەکانی نێو ئەم ڕۆمانە، حەقیقەتی ژیانی کوردە، کوردێک کە نیشتمانەکەی لێ زەوت کراوە و کولتوور و مێژوو و پیرۆزییەکانی شێوێندراوە. مۆسیقا لە سەرەتاوە تا کۆتایی ڕۆمانەکە ڕۆڵی ئاهوورایی خۆی دەگێڕێ و تێکەڵ بە خەم و دڵخۆشیەکانی دیاکۆ و کچەکانی دەبێ و دواجار هەر پیرەشمشاڵە ئاوێتەی باڵابەرزیی شێعری شێرکۆی مەزن دەبێ و دەبنە ئاوێنەی کۆچ و گڕ و قوربانی. ئاخر شێعری شێرکۆ زۆر جار دەبێتە مانگەشەو و دڵی تاریکیمان بۆ شەق دەکا بۆ ئەوەی ڕوونتر بەرەو داهاتوو بڕوانین.

هێزی ئاگر لە ڕۆمانی هانا، هەمان هێزی ڕووناکییە کە دڕ بە تاریکی دەدا و گەرمایی بە دڵ و باوەڕی مرۆڤی کەوناری کورد دەبەخشێ. ئاگر لە هەموو ئایینە کوردییەکاندا پیرۆزە. لە خۆڕا نییە کورد ئێستاشی لە گەڵدا بێ ناتوانێ بەبێ ئاگر، نەورۆز پیرۆز بکا. دواجار هەر بڵێسەی ئاگرە دڵی دیاکۆ و کچەکانی پڕ دەکا لە هیوا بۆ گەیشتن بە ئاوەدانی. دیاکۆ هەمدیسان دەست دەداتە شمشاڵەکەی و لەبەر ڕووناکیی ئاگرەکە شمشاڵ دەژەنێ. لەڕاستیدا ئەو شمشاڵ ناژەنێ، بەڵکوو لە ڕێگای شمشاڵەکەیەوە نزای خۆی و منداڵەکانی دەگەیێنێتە حەوتەوانەی هێزەکان. ئەو بە شەوێک ناڵە و نزای پەنگ‌خواردووی هەزاران ساڵەی کوردی لە ناخی شمشاڵەکەیەوە هەڵڕشت. ئەوەی دواجار فریای دڵی پڕ لە ئازاری دیاکۆ و فرمێسکەکانی زین و شیرین کەوت، تەمبوورەکەی شاخوشینی یارسان و شمشاڵە سەحراوییەکەی مەلەک تاوسی ئێزدی بوو. لێرە دایە «ئەوڵ و ئاخر یار» دەبێتە فەلسەفەی فریاکەوتن لە کاتی نەهامەتییەکانی ژیاندا. هاوکات خاوەنکار ی یارسان دەبێتە هێزی بەرخۆدان لە بەرانبەری بێ هیواییدا.

ئەم کارەی ڕەند زارعی بۆ من نوێ بوو. فرە چێژم لە شیرینیی زمان و گێڕانەوەکەی وەرگرت. هیوادارم نموونەی ئەم قەڵەمە ڕەنگینە لە کەوشەنی ئەدەبی کوردیدا زۆرتر بێت.

# بۆ برای کوردم

## ڤاسیل سیمۆنینکۆ– شاعیری ئۆکڕاینی
## و لە ئینگلیزییەوە: سولێمان دڵسۆز

ڤاسیل سیمۆنینکۆ (لەدایکبووی ٨ی ژانیوەریی ١٩٣٥) شاعیری ناودار، ڕۆژنامەنووس و خەباتکاری جووڵانەوەی جیابیرانی ئۆکڕاین بە یەکێک لە سیما هەرە گرینگە ئەدەبییەکانی شەستەکانی سەدەی بیستەمی ئەو وڵاتە دادەنرێ. بە بۆچوونی کارگێڕانی مووزەی جووڵانەوەی جیابیرانی کییەڤ، بەرهەمەکان و مەرگی زووی سیمۆنینکۆ کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر جووڵانەوەی نەتەوەیی و دێموکراتیکی ئۆکڕایندا داناوە.

بڵاوبوونەوەی یەکەم دەفتەرە شێعری ئەو شاعیرە بە ناوی "بێدەنگی و تۆفان" بەهرەی گەورەی ئەوی لە ناو شاعیرە لاوەکان دەرخست. شاعیر لە دوا ساڵی تەمەنیدا کتێبێکی دیکەی شێعری بە ناوی "هێزی ڕاکێشەری زەوی" بڵاو کردەوە.

ساڵی ١٩٦٢ سیمۆنینکۆ و هاوڕێکانی گۆڕێکی بەکۆمەڵی ئۆکڕاینییەکانیان کە لە کاتی سەرکوتی جووڵانەوەی ئۆکڕاینییەکان کوژرابوون دۆزیەوە و لەقاو دا. لەسەر ئەوە، ئەنجومەنی شارەوانیی کییەڤ شاعیریان هەڵپێچا. ئەم ڕووداوە بوو بە هۆی ئەوەی دەوڵەت پشتگوێی بخا و تەنانەت شارەزایان دەڵێن مردنەکەشی هەر لە سۆنگەی ئەوەوە بووە.

شێعری "بۆ برای کوردم" کە لە مانگی مارسی ساڵی ١٩٦٣دا نووسرا قاچاغ بووە و دەستاو دەست گەڕاوە و دواتر ساڵی ١٩٦٥ لە گۆڤاری "سامیزدات" لە ئەڵمان چاپ کراوە. ئەم شێعرە بە یەکێک لە گرینگترین بەرهەمە شێعرییەکانی شاعیر دادەندرێ و بووە بە هۆی ئەوە کە سیمۆنینکۆ ببێ بە شاعیری نەتەوەیی. ئەو شێعرە لە گەرمەی شۆڕشی ئەیلوول لە باشووری کوردستان‌دا نووسراوە.

پاییزی ئەو ساڵە و تەنیا چەند مانگ دوای نووسینی ئەو شێعرە، لە وێستگەیەکی شەمەندەفەر لە کییەڤ چەند چەکداری سەر بە میلیشیایەکی دەوڵەت هەڵدەکوتنە سەر ڤاسیل و زۆری لێ دەدەن. دوای ئەو لێدانە ئیدی شاعیر جێی خۆی ناگرێتەوە، گورچیلەکانی لە کار دەکەون و مانگێک دواتر لە سێزدەی سێپتامبەری ١٩٦٣ لە تەمەنی بیست و هەشت ساڵیدا سەر دەنێتەوە.

دوای مەرگی دڵتەزێنی شاعیر، ساڵی ١٩٦٤ کتێبێکی دیکەی بە ناوی "سەفەر بۆ وڵاتی پێچەوانە" چاپ و بڵاو دەکرێتەوە. ڤاسیل سیمۆنینکۆ دوای مەرگی لای ئۆکڕاینییەکان خۆشەویستی و ناوبانگی پتری پەیدا دەکا. پەیکەری بۆ دروست دەکرێ و ساڵی ٢٠٠٨ بانکی ناوەندیی ئۆکڕاین وێنەکەی لە سەر دراوێکی خۆی چاپ دەکا.

### بۆ برای کوردم

چیاکان، شەڵاڵی خوێن، ناڵە و زایەڵەیان دێ
ئەستێرە پێکراوەکان هەڵدەدێرێن
بۆ نێو دۆڵی بۆنخۆشی زامدار
دێ داگیرکەر، شۆڤینیزمی چاوبرسی
...
دەست بە گوللەکانتەوە بگرە برای کورد!
بەڵام دەستت مەپارێزە لەو پیاوکوژانە
بە سەر زۆڵی زوڵم و داگیرکاریدا
گێژەڵووکەی خوێن، تۆفانی مەرگ داببارێنە
...
با تەنیا گوللە لەتەکیان بدوێ
خەونی گولیان پێوە دیوی
هاتوون لێتی بئەستێنن ناو و زمانت
هاتوون جێ‌بێڵن منداڵت بە هەتیوی
...
لەتەک داگیرکەر مەحاڵە ژینی بە ئاسوودەیی
ئەو دەوەشێنێ قامچی ئاغایی و تۆ ڕادەکێشی نیری کۆیلەیی
بە خوێنی لەشی تۆ قەڵەو دەبێ ئەو زێرووە
شۆڤینیزمە و بە خوێنی سەری ئێمە تینووە
...
بێ بەڵێنە و لە پشتڕا خەنجەروەشێنە
هەموو شت دەکا پێت کەچ بکا مل
دەست بە گوللەکانتەوە بگرە برای کورد
بەبێ گوللە تەفرو تونا دەبن گەل
...
مەهێڵە گڕی ڕقت دامرکێ
ڕۆژێک دەبینم دروشمی ژینت میهرەبانییە
کەی ئەمە دادێ؟ کەی لە گۆڕت نا
دوا شۆڤینیستی ئەم گۆی زەوییە

١٩٦٣



مالْپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanukurd.com
+9647501771202
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com
+9647508483312

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:819 20 March 2022

## بەر لە مالْاوایی

# ئاشقانی وڵاتی خۆر


کەریم فەرخەپوور

ژنانی پێشەنگ و پێشڕەو، کچانی بێبەش و بوێر و ئازای وڵاتی خۆر، نەوبووکانی ڕووسوور و دایکانی خاوەن هەڵوێست، ئێوەی یاغی لە فەرمانی زۆردار و شا و شازادەکان بە هاتنە مەیدانتان و هەڵوێستی کوردانەتان تەختی شاهانتان هەژاند، کۆشک و قەڵای فەرمانڕەوای مەملەکەتی زۆردارتــان لەرزاند، هێڵە سوورەکانی یاسای چاخی بەردین و ئەهریمەنی و دواکەوتوانەی دژەژنتان بەزاند.

نەبوونە نێچیر و مەلی بەندی قەفەس، نەبوونە دیل و کۆیلە، ئازایانە کۆت و زنجیری دیلیتان پساند. لەگەڵ لێدانی سەمفۆنیای مەرگ، مەرگتان دەستەمۆ و بوێرانە ترستان ترساند، ژنانە، خاوەن ئیرادە و ئازایانە لووتی لەمپەرتان شکاند.

برووسکەئاسا وەرزی وەیشوومەتان هەژاند. بوونە تروسکەی خۆری حەقیقەت، نەپرینگانەوە لە شەختە و کڕێوە و باهۆز، زستانی تووشتان کردە بەهار و نەورۆز. بوونە گەردەلوولی پاپۆڕی ترس و، لەنێو جەرگەی شەپۆل و هەژاندا دروشمی ئازادی و ئازایەتیتان بە گوێچکەی کەڕی مێژوودا دا. پێنووس بە دەست فێری وانەی بوێری و بەرەنگاری بوون و ئاڵا بەدەست بوونە پێشەنگ و پێشمەرگە.

ئێوەی سەوداسەری ئازادی، چەک لە شان چوونە مەیدانی جەنگ و بوێرانە بۆ ئازادی جەنگان. ئێوەی یاغی لە کولتووری سەقەت، ئازایانە هاتنە مەیدانی گلان و هەستانەوە. لەگەڵ چەخماخەی شۆڕشی کورد دا، شکۆی ژنتان گەیاندە کەشکەڵان، سەرتان هەردەم لەنێو سەران. بەجێی بازنە و گەردانە قەتارەی فیشەکتان لە سینە و بەرۆک هاڵان. بوونە قەڵا و پشت و پشتیوان، بوونە هیوای بی دایک و هەتیوان، بوونە قەڵغان، بوونە پێشەنگ، مەشخەڵ بەدەست بەرەو ئاسۆی ئازادی خرۆشان. بوونە مەرهەمی زامی حەسرەتی دڵی دایکی شەهید و پێشڕەوی کاروانی خەباتی فریادڕەسی بێنەوا و بێبەشان.

ژنـان و کچانی سەرقافڵەی ئەم کاروانە گەلێکن کەم نین، نەسرین و سوهەیلاکەی غەڵتانی خوێن لە باوەشی قەڵای باوەڕ ئاوێتەی سەحەری مامە سێوەن لە بناری هەیبە سوڵتان، زارای نیشتمان لە زیندان، زۆر شەهید و پێشەنگی‌تر نموونەن بۆ ئازایەتی و غروور و پێناسەی ژنانە و کوردانەتان.

دایکانی خاوەن ئیمان و ئیرادە و نەوبووکانی کۆستکەوتووی وڵاتی من دوای هەر کۆستێ هەڵدەستنەوە، کچانی سەوداسەری ئازادیی زێدەکەی من، بە هزر و هێزەوە، دوای گلان ڕادەبنـەوە، دەبنەوە کڵپە و بڵێسەی سووری ئاگر و برووسکە ئاسا بەگژ هەور و تاریکی و جەهالەتدا دەچنەوە. بۆ ستاندنی هـەق، بە دوای ڕزگاریی وەتەندا ڕێی سەختی تێکۆشان و نەسرەوتن دەپێون. تەلیسم و بەندی دێوەزمەی شەو و شەوەزەنگ و شەڕ دەڕمێنن، خەو لەچاوی داگیرکەر و دژ و دژمن ودژبەر و دژە ژن دەتارێنن، ئەوان سەوداسەری ئازادین و ئازادی بە دیاری بۆ گەل دێنن.

ژنانی ئازای وڵاتی خۆر ئاواز و مۆسیقای ئازادی دەچڕن، گیان دەبەخشن و ڕوح لە پێناو، ئازادی بە خوێن دەکڕن. مات و سەرگەردان دەستەوەستان بە خەیاڵی ئەستێرەی بەخت وچارەنووس دەستەوئەژنۆ دانانیشن، تەوار ئاسا بۆ ئازادیی خەڵک و خاک ڕادەبن، بەگژ زوڵم و زۆرداریدا دەچنەوە، دەبنە مۆمی بەر پەنجەرەی هیوای هەموو ماڵێ، دەبنە گوڵی گوڵدانی بەرهەیوانی ژینی هەموو پڕ لەژانێ، دەبنە ئەستێرەی ئاسمانی ئازادیی وڵات، لە کاکەشان دەدرەوشێنەوە هەتا شەوچرای ماڵە قوڕینەکانی شەوەزەنگی نیشتمان خامۆش نەبێ.

کچانی بەهەست و دەروەستی وڵاتی من دوور لە سۆزی کوڕە حەیرانان ئاسکە ئاسا دەستەملانی ئامێزی چیا دەبن. نەوبووکانی نیشتمانی کورد، کورد بە بوێری و بەرگریتان لە نیشتمان و بەرەنگاریتان دژ بە سپای جەهل و تاریکی سەرفراز و سەربڵند و ڕوو سوورە، ڕووسووریتان لەجێی پەچە و ڕووبەند، لە ڕووسووریتان خوێن لە جەرگی چیای سووتمان دەتکێ و ماندوویەتی و پێنووس و چەک و بیروباوەڕتان ئاوێتە و ئاوێزانی یەک دەبن. ئێوەی سەوداسەری ئازادی، بەندیخانە دەکەنە قوتابخانەی خۆڕاگری، سروە و شنەی شەماڵی کوێستان لەجێی هەناسەی دەزگیرانی دابڕاو و بێ سەروشوێنتان، لە ئەشقی نیشتماندا خاک دەکەنە دڵبەر و دڵدارتان. لە ئامێزی چیا و سەنگەردا خوێن تارای سووری بووکێنی و خەنەی شەوی خەنەبەندانتان، قرمژنی چەک و گرمەی بۆمبا ئاواز و مۆسیقای شایی و زەماوەند و گۆڤەندتان، ئێوە پەروەردەی ئامێزی دایکێکی ڕووسوورن هەر بۆیە بوونەتە جێی فەخر و شانازی بۆ کورد و نیشتمانی کوردان.

**کچان و ژنانی پێشەنگ و پێشمەرگە!**

ئەگەر لەم ڕێگەیەدا گلان، نیشتمان خۆش، بەڵام دڵنیام ڕۆژێ باوەش بە باڵای گوڵستانی ئازادیدا دەکەن، پەیکەرێ لە باڵای چیاییتان چێ دەبێ و دەبێتە زیارەتگەی ئاشقان و ئەویندارانی نیشتمان. دەزگیرانی شەهید لە نێرگزەجاڕی ئاگری و بیستوون و موکریان، لە ورمێوە هەتا ئیلام و کرماشان چەپک چەپک بۆ پێشوازیی ماندوویەتیتان گوڵی نێرگز دەچننەوە، لە پەرتووکی دیرۆکی ئازایەتیتان، هەڵبەستوان و هۆزانبێژ لاوک و هۆزان و هۆنراوە دەهۆننەوە و ئێوە لە هەر دێڕە شێعر و بەستەیەکدا دێنەوە و پڕ بە گەرووتان هاوار دەکەن و دەڵێن «بۆ ئازادیی نیشتمان، ئاوایە ڕێگای ئاشقان.»

# خەدیجە مەعزووری لە ڕیزی ٥٠ ژنی چالاکی کوردستاندا ڕێزی لێ گیرا

پارتی سـەوزی کوردسـتان لـە شـاری سلێمانی ڕۆژی پێنجشەممە ١٩ی ڕەشەمە بەبۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن ڕێوڕەسمێکی ڕێزلێنانی بۆ ٥٠ چالاکی ژن لە بارەگای ئەو پارتە پێک هێنا. یەک لەو ژنە تێکۆشەرانەی لەو ڕێوڕەسمەدا ڕێزنامەی پێبەخشرا، خاتوو خەدیجە مەعزووری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.

ڕێوڕەسمەکە بە قسەکانی بەڕێز «ملکۆ ژینگە»، سکرتێری پارتی سەوزی کوردستان لەسەر بەرزنرخاندنی ڕۆڵی ژنانی کوردستانی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا دەستی پێ کرد و لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا ٥٠ ژنە کوردی چالاک لە چوارپارچەی کوردستان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا ڕێزنامەی ئەو ڕێکخراوە ژینگەپارێزییان پێ درا کە خاتوو خەدیجە مەعزووری یەک لەوان بوو.



شایانی باسە کە هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی سۆران نووری، ئەندامی کۆمیتە ناوەندیی حیزب بەشداری ڕێوڕەسمەکە بوون.

# ڕێکخراوی «کلاونس ویت ئاوت بۆردێرس» هاتە کوردستان



ڕێکخراوی "کلاونسی بێسنوور" بۆ ئاگاداربوون لە دۆخی منالانی کوردستان سەردانی چەند بنکەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد. ئەم سەردانە لە ڕۆژانـی ١٤ تاکوو ١٩ی ڕەشەمە لەسەر داوای خاتوو تارا عەزیزی، پارێزەری مافی مرۆڤ لە ئەمریکا و نیشتەجێ لە واشینگتۆن بۆ ئاشنابوون لەگەڵ دۆخی منالانی کورد کرا.

ڕێکخراوی «کلاونسی بێسنوور» لە ڕێگای ڕێکخراوی «تی دی ئێچ» ، ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ماوەی چەند ڕۆژێک چەند چالاکییەکیان بەڕێوە برد کە سەرگەرمی و شادکردنی منالان مەبەستی سەرەکیی ئەو ڕێکخراوەیە بوو و بوونە هۆی دڵگەرمی و دڵخۆشیی منالەکان. ئەم ڕێکخراوەیە لە ئەمریکا دامەزراوە و بۆ مافی منداڵان بە تایبەت منداڵانی نەتەوەکانی بێدەوڵەت کار دەکا. کار و بەرنامەی ئەو ڕێکخراوەیە پاراستنی مافی منالان و کارکردنە لەسەر هەست و باری دەروونی منالان و سالانە سـەردانی چەند وڵاتێک دەکـەن و کۆمەڵێک چالاکیی جۆراوجۆر بەڕێوە دەبەن. بەرنامەی ئەوان زۆرتر بەسەربردنی کات و دڵخۆشکردنی منالانە و بە تایبەت ئەو منالانەی کە لە دۆخێکی خراپدا ژیان بەسەر دەبەن.

شایانی باسە کە ڕێکخراوی»کلاونس» یەکەمین جارە سەردانی کوردستان دەکا و ئەوان لە بەرنامەیاندایە کە لەسەر پرۆژەکەیان بـەردەوام بن و لە هەمانکاتدا کەسانی دیکە فێری ئەو جۆرە چالاکییانە بکەن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا پرۆژەکان بـەردەوام بن. هەروەها هـەوڵ دەدەن کە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافی منالان قسە بکەن بۆ ئەوەی ئەوانیش سـەردانی کوردستان بکەن و هـاوکار و یارمەتیدەری منالانی کەمپەکانی پەنابەرانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بن.

# ڕێز لە خۆڕاگریی چەنگیز قەدەمخەیری گیرا

دوای ئـەوەی بـەندکراوی سیاسیی کـورد چەنگیز قەدەمخەیری دوای ١١ سال بەندکران لە چاڵە ڕەشەکانی کۆمـاری ئیسلامی ئێران ڕزگـاری بـوو، ڕۆژی ٢٤ی ڕەشەممە هەیئەتێک لە ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهـەلاتی کوردستان بە مەبەستی بەخێرهێنانەوەی سەردانی ناوبراویان کرد. لەو دیدارەدا دۆخی بەندکراوانی سیاسیی کورد و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن کۆماری ئیسلامی و هـەروەهـا باسی دۆخی نالەباری زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی تاوتوی کرا و هەموو لایەک هیوای ئەوەیان خواست کە بەندکراوانی سیاسی، یەکگرتوانە و لەژێر چەتری ڕێکخراوێکدا کار لەسەر کەیسی بەندکراوانی سیاسی بکەن.

شایانی باسە لەو سەردانەدا، بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی بەندکراوی سیاسیی کورد، چەنگیز قەدەم خەیری کە بۆ ماوەی ١١ ساڵ لە تەمەنی پڕ لە سەروەری



خۆی لە چاڵە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بەسەر برد، لوحی ڕێزلێنان لـەلایـەن ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهـەلاتی کوردستان پێشکەش بە ناوبراو کرا، هەر لەو دیدارە دا کتێبی دیرۆکی خۆڕاگری کە ژیـان و بەسەرهاتی دەیـان بـەندکراوی سیاسی تێدا نووسراوەتەوە پێشکەش بە بەڕێزیان کرا.

# بەردەوامیی کۆڕە فێرکارییەکانی فێرگەکانی زمان لە بانە، پیرانشار و شنۆ

لە شارەکانی بانە، شنۆ و پیرانشار چەند ڕێوڕەسمێک بۆ فێرخوازانی زمانی کوردی بەڕێوە چوو.

ڕۆژی یەکشەممە ٢٢ی ڕەشەمە ناوەندی زانستپەروەری بۆ ژیـان، وەک ناوەندێکی چـالاک لـە بـواری "زمـانـەوانـی و ڕۆشەنگەری" لە شاری شنۆ، ڕێوڕەسمێکی کۆتایی و ڕێزلێنانی بۆ ٦٠ قوتابیی سەرکەوتوو کە بۆ مـاوەی ٣ مانگ چالاکانە دەورەی پەروەردەی نووسین بە زمانی کوردییان بینیبوو، پێک هێنا و بڕوانامەی بە بەشداربووان بەخشی. لەو ڕێوڕەسمەدا هەر یەک لە بەڕێزان عومەر محەممەدی و شەفیع ئاراستە دوو باسیان لەژێر ناوی «زمانی دایک» و «فەلسەفەی زمانی دایک" پێشکەش کرد و وێڕای چەند بڕگەیەکی ئەدەبی و هونەری لە کۆتاییی ڕێوڕەسمەکەدا بڕوانامە بە فێرخوازان بەخشرا.

ڕۆژی شەممە، ٢١ی ڕەشەمەش فێرگەی سەلاحەدینی ئەیوبی لە شاری پیرانشار لە کۆتایی خولێکی فێرکاریی زمانی کوردی، ڕێوڕەسمێکی تایبەتی بۆ ڕێزلێنان لە بەشداربووانی خولەکە بەڕێوە برد و لەو ڕێوڕەسمەدا دەرچووان و سەرکەوتووانی خولەکە خەڵات کران. لەو ڕێوڕەسمەدا وێڕای پێشکەشکردنی چەند وتارێک لەلایەن بەڕێوەبەرانی فێرگەی سەلاحەدین بە بەشداربووانی ڕێوڕەسمەکە، لەنێوئاخنی باسەکاندا پێ لەسەر



پێویستیی فێربوونی زمانی کوردی، پاراستنی شوناسی نەتەوەیی و گرینگیدان بە کولتوور و فەرهەنگ و دابونەریتی کوردەواری داگیرایەوە.

هـەروەهـا ڕۆژی دووشـەمـە ١٦ی ڕەشـەمـەی نـاوەنـدە فەرهەنگییەکانی «بانـە» لە هۆڵی «ئاربـابـا» کۆڕێکیان بۆ ڕێزگرتن لەو کەسانەی لە خولەکانی فێرکاریی زمانی کوردیدا بەشدارییان کردوە، پێکهێنا.